جوزیە ئیدواردو ئاگوئالوسا

# تیۆرییەکی گشتی بۆ لەبیر چوونەوە

ڕۆمان

و: حەمە کەریم عارف

## سەرنجێک

لودفیکا فیرناندس مانو، لە هەوەڵین بەرەبەیانی ٢٠١٠/١٠/٥ دا لە ئاسایشگە و خەستەخانەی ساگرادا ئیسبیرانسادا لە لواندا مرد. تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵ بوو. ساباڵاو ئیستیڤا و کاپینگو، دە دەفتەری دامێ کە لودو، بیرەوەری و ڕۆژانە یاداشتەکانی، لە هەوەڵین ئەو بیست و هەشت ساڵەدا کە دەرگای لە سەر خۆی داخستبوو، تیایاندا نووسی بوو. هەروەها هەندێک لەو بیرەوەری و یاداشتانەش دەستکەوتبوو کە لودو پاش هاتنە دەرەوە نووسیبوونی. هەروەها کۆمەڵێک لەو وێنە و دەق و ڕەسمانەشم بەدەست کەوتبوون کە هونەرمەندی شێوەکار ساکرامینتونیتو ( ساکو ) بەو وێنە و دەقانەوە وەری گرتبوون کە لودو لەسەر دیواری شوقەکەی نەخشاندبوونی.

ئیدی ئەم بیرەوەری و یاداشت و شیعر و سەرنج و تێبینیانەی لودو یارمەتیان دام کە هەموو ئەو بەڵایانەی بەسەر لودودا هاتبوو، بونیاد بنەمەوە. بەبۆچوونی خۆم یارمەتی دام تا لێیان تێبگەم. لەم لاپەڕانەی کە لەمەودوا دێن زۆرم سوود لێیان وەرگرتووە. بەڵام ئەوەی دەیخوێننەوە، دەچێتە خانەی خەیاڵ و چیرۆکەوە، چیرۆکی ڕووتەوە.

## ئاسمانی مە خاکی ئێوەیە

لودوڤیکا هەرگیز حەزی نەدەکرد ڕوو بکاتە ئاسمان. وەختایەک کە منداڵ بوو، لە ئاسمانێن کراوە دەترسا. وەختایەک لە ماڵ وەدەرکەوت، وەکو کیسەڵێک کە کلکیان بڕی بێ، قەپێلکەکەیان شکاندبێ، هەستی بە لاوازی و سستی خۆی دەکرد. کە بچووک بوو، لە تەمەنی شەش – حەوت ساڵیدا، کەش و هەوا هەرچۆنێ بوایە، بەبێ ئەوەی چەترێکی ڕەشی پانی هەڵدابا بۆ قوتابخانە نەدەچوو. ئیدی نە تووڕەبوونی داک و بابی و نە نەترس و توانجی منداڵەکانی دی، ئەم عادەتەیان پێتەرک نەدەکرد. پاشان حاڵی باشتر بوو. تا ئەو شتە ڕوویدا کە پێی دەگوت " بویەر " ئیدی لەوە بەدواوە هەستی دەکرد ئەو ترسە سەرەتاییە، شتێکی شوومە؛ بەدوومە.

لودو، پاش مردنی داک و بابی لە ماڵی خۆشکەکەیدا دەژیا. بەدەگمەن لەماڵ وەدەردەکەوت. لە ڕێگەی وتنەوەی وانەی زمانی پرتوگالیەوە بە نەوجەوانانی بێ حەوسەڵە، سووکە دەرامەتێکی پەیدا دەکرد. جگە لەمە کتێبانی دەخوێندەوە، گوڵدۆزی دەکرد، پیانۆی دەژەند، تەمەشای تەلەفزیۆنی دەکرد و ئاشپەزیشی دەکرد. کە شەو دادەهات، دەچووە بەر پەنجەرەکە و وەکو کەسێک بەسەر دۆڵ و هەڵدێرێکی ترسناکدا دابنەوێتەوە، چاوی دەبڕییە تاریکیەکە. ئیدی ئودیتی بە تووڕەیی سەری بادەدا: چیتە لودو؟ دەترسی بکەویتە نێو ستێرەکانەوە؟

ئودیتی، لە قوتابخانەی دواناوەندیدا زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی دەگوتەوە. خوشکەکەی خۆشدەویست. نەدەچووە سەفەران تا خوشکەکەی بەتەنیا بەجێ نەهێڵێ. پشوو و ماندونیەکانی لەماڵەوە بەسەر دەبرد. هەندێک لە دۆستەکانی، ستایشی فیداکاری و دڵسۆزییەکانی ئەویان دەکرد. هەندێکی دی ئیرادیان لێدەگرت کە زۆر میرەبان و بەبەزویی و دڵسۆزە. لودو، نەیدەتوانی وێنای ژیانی تەنیایی بکات. بەڵام وێڕای ئەوەش خەمی ئەوەی بوو کە نەبا بووبێ بەبار بەسەر خوشکەکەیەوە. خۆیان بە جمکێکی سیامی دەزانی کە لە ناوکەوە پێکەوە بەستراون. خۆی گۆج و ئیفلیجە، نیمچە مردووە. ئەوی دی، واتە ئودیتی ناچارە بۆ هەر کوێیەک بڕوات دەگەڵ خۆیدا بکێشی بکات. وەختایەک خوشکەکەی حەزی لە ئەندازیارێکی کانزایان، بەنێوی ئورلاندو کرد، هەم خۆشحاڵ بوو هەم هەراسان، ئەم ئەندازیارە نێوی ئورلاندو بوو، کابرایەکی بێوەپیاو بوو، منداڵی نەبوون.

چووبوو بۆ شاری ئەڤییروی پرتوگالی، تا کێشەیەکی ئاڵۆزی میرات و میراتگری حەل و فەسڵ بکات. ئەم ئەندازیارە خەڵکی ئەنگولا بوو، لە ئەسڵا خەڵکی کاتیتی بوو، لەنێوان پایتەختی ئەنگولا و دوندوا دەژیا، شارێکی بچووک بوو کە کۆمپانیایەکی دەرهێنانی ئەڵماس لەوێ کاریدەکرد. دوو هەفتە پاش ئەوەی بەڕێکەوت لە دووکانێکی شیرینی فرۆشیا، تووشی یەکدی بوون، ئۆرلاندو خوازگاری ئودیتی کرد. ئەو کە بە هەنجەت و بیانووەکانی ئودیتی دەزانی و پێشبینی ئەوەی دەکرد کە داواکەی ڕەت بکاتەوە، پێشنیازی ئەوەی کرد کە لودو – ش بڕوات بۆ ئەنگولا و لەلای ئەوان بژی، دوای یەک هەیڤ، لە قاتی سەرەوەی یەکێک لە شوقە جوان و ڕازاوەکانی لواندا گیرسانەوە، کە پێیان دەگوت باڵەخانەی خواپێداوان.

ئەم سەفەرە بۆ لودو زۆر دژوار بوو. ئیدی نیشتمانی بەدەم بۆڵەبۆڵ و خوتەخوتەوە، گێژ و مەنگ بەهۆی بەکارهێنانی حەبی ئارامبەخشەوە بەجێهێشت. بەدرێژایی ماوەی سەفەرەکە لە نێو فرۆکەکەدا خەوت. بەیانی ڕۆژی دواتر، وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی لە نیشتماندا، لەخەو ڕابوو. ئۆرلاندو کتێبخانەیەکی زۆر دەوڵەمەندی هەبوو، هەزاران عینوانی بە زمانانی پرتوگالی، فەرەنسی، ئەسپانیایی، ئینگلیزی و ئەڵمانی تیابوو. تەقریبەن هەموو شاکارە کلاسیکیەکانی ئەدەبیاتی جیهانی تیابوو. ئیدی لودو کتێبی زۆری لەبەردەستدا بوو، بەڵام وەختی کەم بوو، چونکە لە سەر داوا و پێداگری ئەو، دوو کارەکەرەکە و شێفەکەیان دەرکردبوو و بەخۆی بەرپرسیارێتی هەموو کاروبارەکانی ماڵەکەی لە ئەستۆ گرت.

شەوێ یارۆی ئەندازیار بۆ ماڵ هاتەوە، بە پارێزەوە کارتۆنێکی گەورەی هەڵگرتبوو و دایە دەستی ژن خوشکەکەی: ئەمە بۆ تۆیە لودوفیکا، تا ببێ بە هاودەمت، چونکە تۆ زۆربەی کات هەر بەتەنیای.

لودو، کارتۆنەکەی هەڵپچڕی، بەترسەوە تەمەشای ناوی کرد، توڵە سەگێکی نۆزاوی تیابوو، کە تازە چاوانی تروکا بوون.

ئۆرلاندو گوتی: نێرە، لە ڕەگەزی جێرمان شیپردە. زۆر گەورە دەبێت. ئەمە سپیە، دەگمەنە، نابێ زۆر لەبەر هەتاوبێ. چ ناوێکی لێدەنەی؟

لودو، بێ چەند و چون گوتی: فانتۆم! ( بەمانای تاپۆ و خەیاڵ وئەو شتانە دێ ).

– فانتۆم؟

– بەڵێ، لە تاپۆ ( فانتۆم ) دەچێت. سەراپای سپییە.

ئۆرلاندو، شانە ڕەق و تەقەکانی هەڵتەکاند.

–زۆرچاکە. کەواتە با ناوی ڤانتوم بێت.

پەیژەیەکی جوانی ئاسنی پوڵایین هەبوو، کە بە پێچاوپێچ لە ژووری دانیشتنەوە بۆ سەربان دەچوو. لەوێندەرەوە دیمەنێکی بەرینی شار دەبینرا : کەنداو، لوتەی ئیلیا و لە دووری دوورەوە، گەردانەیەکی درێژی کەناراوەکانی نێو شەپۆلەکان دەبینرا. ئۆرلاندو سوودی لەم هاماجە وەرگرتبوو و کردبووی بە باخچەیەک. لەسەر ئەرزەکە کەپرێکی لە گوڵی کاغەزین دروست کردبوو، کە سێبەرێکی خۆش و بۆنداری دەخستە سەر ئەرزە زبرەکە. لە سووچێکی باخەکەدا دار هەنارێک و چەند درەختێکی مۆز ڕوابوو. میوانەکان سەریان لەمە دەسوڕما: ئۆرلاندو، ئێرە و دار مۆز کوجا مەرحەبا؟ ئێرە باخچەیە یان بێستان؟

یارۆی ئەندازیار تووڕە دەبوو. ئەم دار مۆزانە، ئەو بێستانەی بیردەخستەوە، کە دەوری بە دیواری خشت و قوڕ گیرابوو و لە منداڵیدا یاری تیا دەکرد. ئەگەر بە حەزی ئەو بوایە حەزیدەکرد درەختێن مانگۆ و گوێژ و ژمارەیەک درەختی پاپایا لەو باخەدا بڕوێنێ . کە لە دایەرە گەڕاباوە، لەوێندەر، بەدیار پێکێ ویسکی و بەدەم کێشانی جگەرەیەکی ڕەشەو ( جۆرە جگەرەیەکە بە تامی مێخەک ) دادەنیشت و تەمەشای شەوی دەکرد کە چۆن بەرەبەرە باڵی بەسەر شاردا دەکێشا. سەگەکەش ( فانتوم ) حەزی لە سەربان بوو. بەڵام لودو حەزی نەدەکرد بۆ ئەوێندەر سەر بکەوێ. لە چەند هەیڤی یەکەمدا، تەنانەت زاتی نەدەکرد لە پەنجەرەکانیش نزیک ببێتەوە.

بە خوشکەکەی دەگوت: ئاسمانی ئەفریقیا، زۆر لە ئاسمانی مە گەورەتر و بەرینترە؛ پانمان دەکاتەوە.

بەیانیەکی هەتاوی هەیڤی نیسان، ئودیتی لە قوتابخانەی ناوەندی زڤڕییەوە تا فراڤین بخوات، زۆر نیگەران و هەراسان بوو. پایتەخت لە ئاشووبدا بوو. ئورلاندو لە دوندو بوو. ئەو شەوە هاتبووەوە و ژن و مێرد دەرگای ژوورەکەیان لەسەر خۆیان داخست. لودو گوێی لە گفت وگۆکانیان دەبوو. ئودیتی دەیویست هەرچی زووترە لە ئەنگولا بڕوات:- تیرۆریستەکان، گیانەکەم، تیروریستەکان...

-تیروریستەکان؟ جارێکی دی ئەم وشە و زاراوەیە لە ماڵەکەی مندا بەکار مەیەنە.

ئورلاندو، عادەتی هاوارکردنی نەبوو، هیچ کاتێ هاواری نەدەکرد . زۆر بەتووندی چپەچپی دەکرد، دەنگی زۆر تیژ بوو، وەکو دەمی چەقۆ، لە گەرووی بەرانبەرەکەی ڕۆدەچوو: ئەم بەناو تیرۆریستانە لەڕای ئازادی وڵاتەکەی مندا دەخەبتن. من ئەنگۆلاییم. لێرە ناڕۆم.

ڕۆژانی بە ئاژاوە، پڕ ئاشووب بورین. خۆپیشاندان، مانگرتن، ڕێپێوان. لودو پەنجەرەکانی داخست، تا شوقەکە پڕ نەبێت لە قاقای حەشاماتی سەرجادەکە کە وەکو تەرەقە لە هەوادا دەتەقینەوە. ئورلاندو، کوڕی بازرگانێکی هەرێمی مینیو – ی پرتوگالی بوو لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە کاتیتی گیرسابووەوە، دایکی ئافرەتێکی دوو ڕەگی لواندایی بوو، کە بەسەر منداڵەوە چووبوو. ئەم پیاوە پەیوەندییەکی خانەوادەگی ئەوتۆی نەبوو. لەو بەینەدا سەروکەڵلەی یەکێک لە پسمامەکانی پەیدا بووبوو کە نێوی ڤیتورینو گافیاو بوو. ئەم پیاوە پێنج دانە مانگی لە پاریس بەسەر بردبوو، بەردەوام خەریکی خواردنەوە و مێبازی و پیلانگێڕی بوو، لەسەر دستەسڕی کلینکسی ئەو کافانەی کە پاتۆق و مەکۆی پورتەگالی و ئەفریقاییە دوورخراوەکان بوو، شیعری دەنووسی، ئیدی بەوجۆرە نێوبانگێکی شۆڕشگێڕانەی ڕۆمانسی پەیدا کردبوو، ئەم پیاوە وەکو باوبۆران بەسەر ماڵەکەیاندا داباری بوو. ئیدی کتێبی سەر ڕەفەکانی تێکدابوو، پەرداخەکانی ناو جامخانەکانی دابوو بەیەکدا و بووبووە مایەی بێزاری و بێقەراری فانتۆم. تۆڵە سەگەکە دووراودوور دووی دەکەوت، دەیمڕاند و پێی دەوەڕی.

ڤیتورینو کە جامەکەی بەرز کردەوە، هاواریکرد: هاوڕێیان دەیانەوێ، قسە دەگەڵ تۆدا بکەن مام پیاو! ئێمە خەریکی گفت و گۆین سەبارەت بە دامەزراندنی حکومەتێکی دەمکی. پێویستمان بە پیاوی پیاوانە، بە کوڕی تەنگانە هەیە. تۆش کەسێکی پیاوانەی.

ئورلاندو قسەکانی سەلماند: دەشێت لە ڕاستیا پیاوی پیاوانە و بە هەڵوێستمان زۆرن. بەڵام عەقڵمان کەمە، ئەقڵی دروست و ساغڵەممان کەمە.

دوودڵ بوو، لەبەر خۆوە، لەبن لێوانەوە، بڵمە بڵمێکی کرد، وڵات دەتوانێ سوود لە ئەزموونە کەڵەکە بووەکان ببینێ . بەڵام لە ڕەوتە توونڕەوەکانی ناوخۆی تەڤگەرەکە دەترسا. زیاتر مایل بوو بەلای دادوەری جڤاکی پترەوە. بەڵام کۆمۆنیستەکان هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرد کە هەموو شتێک خۆماڵی دەکەن، یانی موڵکایەتی تایبەتی ناهێڵن. وەدەرنانی سپی پێستان، شکاندنی دەم و ددانی خوردە بورژوازیان. بەڵام ئورلاندو دڵبەندی بزە و پێکەنینەکەی خۆی بوو، حەزی لە ددانی عەمەلی نەدەکرد. پسمامەکەی پێکەنی و ئەم زێدەگاڤی و موبالەغە زمانەوانیەی بۆ جۆش و خرۆشەکەی ئەو ساتە وەختە گێڕایەوە. ئەو پێکێ ویسکی بۆ تێکرد، پێکێکی بۆ خۆشی تێکرد. ئەم پسمامە بە قژە لوولەکەیەوە کە لە قژی جیمی هندریکس دەچوو و کراسێکی گوڵداری لەبەر بوو ( جیمی هندریکس ١٩٢٤ – ١٩٧١ گیتاریست، گۆرانی چڕ و گۆرانی نووسێکی ڕەش پێستی ئەمریکایی قژلوول بوو ) هەردوو خوشکەکەی دەترساندن.

ئودیتی، بە ڕاوێژێکی ئیتهامی کرێت گوتی: ئەمە وەکو ڕەشەکان قسە دەکات! ئەمە جگە لەوەی کە بۆنی تەگەوڕی لێدێت، هەرجارێ کە بۆ ئێرە دێت، هەموو ماڵەکە لە بۆنی ئەوا دەلەوتێ.

ئورلاندو، پەست و تووڕە دەبێت. دەرگاکە لە دوای خۆیەوە شەق بە یەکدا دەدات و لە ماڵەکە وەدەر دەکەوێت. ئێوارە لە جاران تووڕەتر گەڕایەوە. گرژ و مۆن دەتگوت داری زەقنەبووتە، بە پاکەتێک جگەرە و بوتڵێ ویسکیەوە گەڕایەوە، فانتومی لەدوو بوو، چووە سەرەوە و لەوێندەر مایەوە، کە شەو داهات؛ دنیا تاریک بوو، باڵی بەسەر هەموو شتێکا کێشا، بەدەم بۆنی تووندی ئەلکول و جگەرەوە، بەلارەلار خۆی بە موبیلەکەدا کێشا و لەبن لێوانەوە کەوتە جنێودان بەژیان.

یەکەم دەستڕێژی گوللە نیشانەی دەست پێکردنی ئاهەنگی گەورەی ماڵئاوایی بوو. . گەنجان بەدەم شەکاندنەوەی ئاڵاوە لە شەقامەکاندا دەمردن و لەم بەینەدا بەتەمەنەکان سەمایان دەکرد. ریتا، کە لە شوقەکەی تەنیشتیانەوە بوو لواندای بە ریودی جانیرو گۆڕییەوە، لە دوا شەودا، دووسەد کەسی لە دۆستەکانی بۆ شام دەعوەت کرد و کۆڕ و ئاهەنگەکە تا بەرەبەیان درێژەی کێشا.

کۆگاکەی، کە پڕبوو لە سەندووقی ئەلکوکی نایاب؛ لە باشترین ئەلکولی پرتوگالی، بە ئورلاندو نیشاندا و گوتی: هەرچیەکمان پێ نەخورایەوە، لێمان مایەوە، بۆ ئێوەی بەجێدێڵین، هەمووی بخۆنەوە. گرینگ ئەمەیە کە هیچ شتێک بۆ کۆمۆنیستەکان نەمێنێتەوە تا ئاهەنگی پێبگێڕن.

دوای سێ هەیڤان، تەقریبەن بلۆکی شوقەکان چۆڵ بوو. لودو، لەم بەینەدا نەیدەزانی ئەم هەموو بوتڵە شەرابە، کارتۆنە بیرانە، ئەو هەموو قوتوبەندە، گۆشتی بەراز، ماسی بۆدراو، چەند کیلۆیەک خوێ، شەکر و ئارد لە کوێ دابنێ. ئەمە جگە لە دنیایەک زاهی و کەرەستەی پاککردنەوە. هەروەها ئورلاندو، ئوتومبیلێکی " شوفرولی کورنیت " ی لە دۆستێکی کە هیوایەتی کۆکردنەوەی ئوتومبیلێ وەرزش بوو، وەرگرت، هەروەها ئوتومبیلێکی ( ئەلفا رومیو. ح. ت ئەی ) ش بەر ئورلاندو کەوت. یەکێکی دی، واتە دۆستێکی دی کلیلی شوقەکەی خۆی ڕادەستی ئەو کرد.

ئورلاندو، لەنک جووتە خوشک کەوتە گازن و گلەیی: هەرگیز پیاوێکی شانسدار نەبووم، هەمیشە نەگبەت بووم، نها کە بووم بە خاوەنی چەند ئوتومبیلێک و چەند شوقەیەک، سەروکەللەی کۆمۆنیستەکانم لێ پەیدا بووە

و هەرەشەی ئەوە دەکەن کە هەموویم لێدەسەنن، هیچ خۆیا نەبوو، ئەم قسانەی بە جددی بوو یان بە مەبەستی تانە و تەشەر بوو.

لودو، ڕادیۆکەی هەڵدەکرد و شۆڕش خۆبەخۆ دەهاتە ناو ماڵەکەوە: یەکێک لە خۆشەویست گۆرانی بێژەکانی وەخت هەمیشە ئەم گۆرانیەی دەگوت: سەرچاوە و سەدەمی ئەم هەموو ئاژاوە و ئاشووبە، دەسەڵاتی گەلەرییە.

یەکێکی دی ئەم گۆرانیەی دەچڕی: براکەم، دەبێ براکەت خۆشبوێ، تەمەشای ڕەنگی پێستی مەکە، وەکو ئەنگولاییەک تەمەشای بکە، بە یەکگرتنی خەڵکی ئەنگولا، سەربەخۆیی زووتر بەدی دێت.

هەندێجار، ئاواز و پەیڤەکان تێکیان نەدەکردەوە. لە تۆوایە لە گۆرانیانی سەردەمێکی دیکەوە دزراون، ئاوازەکان وەکو بوومەلێڵی زەردەپەڕێکی کۆن خەمناکن. لودو، نیمچە پەنهان لە پشت پەردەی پەنجەرەکەوە سەردەکێشێت و تێپەڕینی ئەو کامیونانە دەبینێ کە پڕبوون لە پیاو. هەندێکیان ئاڵایان بەرز کردبووەوە، هەندێکی دیکەیان لافیتەیان بەرز کردبووەوە کە لە سەری نووسرابوو:

سەربەخۆیی تەواو!

پێنج سەد ساڵ، ستەمی داگیرکاری بەسە!

ئایندەمان دەوێ!

هەریەکێک لەو دروشمانە، نیشانەیەکی سەرسوڕمانی لە دواوە دانرابوو. ئەم نیشانانە؛ ئەم نیشانەی سەرسوڕمانانە تێکەڵ بەو داسولکانانە دەبوو کە ناڕازییەکان بەدەستیانەوە گرتبوو. هەروەها داسولکە بەسەر ئاڵا و لافیتەکانیشەوە هەبوو. هەندێک لە پیاوەکان، لە جیاتی یەک داسولکە، دوو داسولکەیان هەڵگرتبوو، ئیدی بەدەم هورای خەمناکەوە  دەمی داسەکانیان پێکدا دەدا.

لودو، شەوێک خەوی بینی، لە خەوەکەیدا، لەژێر یەکێک لە شەقامەکانی شاردا، لە ژێر شوقە نایابەکانی خوارووی شارەوە تۆڕێکی لەبن نەهاتووی تونێلان لێدرابوو، ڕەگی دار و درەختان لە تاقە کەوانەییەکانی سەر ڕێگایاندا ڕیشاژۆ دەبوون. هەزاران کەس لە ژێرزەمیندا دەژیان، لە حەڕی و تاریکیدا ڕۆدەچوون، ئەو بەرماوانەیان دەخوارد کە بورژواکان فڕێیان دەدایە ناو زێرابەکانەوە. لودو، بەنێو حەشامەتەکەدا دەڕۆیی. پیاوەکان داسەکانیان تەکان دەدا، دەمە داسەکانیان لە یەکدی دەدا، لەناو تونێلەکەوە دەنگیان دەدایەوە. یەکێکیان، لە لودو نیزک بووەوە، ڕوخسارە چەپەڵەکەی لە ڕوخساری ژنە پرتوگالیەکە نزیک کردەوە و بزەیەکی بۆ کرد. ئەوسا دەمی لە پەنا گوێی نا و، بە ڕاوێژێکی نەوی و شیرین بە گوێیدا چپاند: ئاسمانی ئێمە، زەوی و خاکی ئێوەیە.

## لای لایەیەک بۆ مردنێکی بچووک

ئودیتی، ڕژد بوو لەسەر ئەوەی کە لە ئەنگولا بڕۆن. مێردەکەی لەبن لێوە ئەستوورەکانیەوە، بەدەم خوتە و بۆڵەوە بەرپەرچی دەدایەوە. جووتە خوشک ئەگەر حەز دەکەن بڕۆن، دەتوانن بڕۆن. با غەریبان لێرە بڕۆن، وڵات بەجێ بێڵن. لێرە کەس حەز لە چارەیان ناکات. ئیدی ئەو زەمانە بەسەر چووە، زەمانێکی تازە دەستی پێکردووە. ئیدی چ هەتاو بێ، چ هەور و زریان، پرتوگالی بە ڕوناکی ئایندە ڕۆشن نابێتەوە و گژەباش هێرشی بۆ نایەنێ.

یارۆی ئەندازیار، بە ورتەورت و چپەدووی ئەو جووتە، زیاتر پەست و تووڕە دەبوو. بە سەعاتان باسی ئەو تاوانانەی دەکرد کە دژی ئەفریقاییەکان دەکران.باسی ئەو هەڵانە، ئەو بێدادی، ئەو بێڕێزیانەی دەکرد کە لەمەڕ یەفریقییەکان دەکران.  تا ژنەکەی دەستبەرداری داواکانی خۆی دەبوو، دەرگای ژووری میوانی لەسەرخۆی دادەخست . وەختایەک دوو ڕۆژ بەرلە خۆیبوون گەیشتەوە ماڵێ و ڕایگەیاند هەفتەی داهاتوو بۆ لیشبوونە دەڕۆن، ژنەکان خەریک بوو لە سەرساميا شاخیان لێبڕوێ، باوەڕیان بەگوێی خۆیان نەدەکرد. ئودیتی بە چاوانی ئەبڵەقەوە گوتی:- بۆچی؟

ئورلاندو، لەسەر موبیلەیەکی ( قەنەفە ) ژووری میوان دانیشت. بۆینباخەکەی کردەوە، دوگمەکانی کراسەکەی ترازاند، ئەوسا بە ڕەفتارێکی غەریب و پێچەوانەی عادەتی خۆیەوە، پێڵاوەکانی داکەند و لاقی لەسەر تەپڵەکی قاوە خواردنەوەکە دانان:- چونکە دەتوانین ئەو کارە بکەین. نها دەتوانین بڕۆین.

شەوی دواتر، ژن و مێردە، جوونە ئاهەنگێکی دیکەی ماڵئاوایی. لودو، تا سەعات دووی بەرەبەیان، بەدەم کتێب خوێندنەوە و گوڵدۆزی و چنین کارییەوە، چاوەڕوانی کردن. پاشان بە دوودڵی و نیگەرانیەوە ڕۆیی تا بخەوێ. بەباشی نەخەوت. سەعات حەوتی بەیانی لەخەو ڕابوو، ڕۆبێکی لەبەر کرد و زەنگی بۆ خوشکەکەی لیدا. چ کەسێک وەڵامی نەدایەوە. ئیدی دڵنیابوو کە بەڵایەکیان بەسەر هاتووە. یەک سەعاتی دی چاوەڕوانی کرد. هەنگێ چوو بە سۆراخی دەفتەری تەلەفۆنەکەوە. هەوەڵجار پەیوەندی بە ماڵباتی نونسیەکانەوە کرد، واتە بەو ژن و مێردەوە کە خانەخوێی ئاهەنگەکەی دوێشەو بوون. یەکێک لە پێشخزمەتەکان وەڵامی دایەوە، کە ماڵباتی ناڤبری بۆ فڕۆکەخانە چوون. بەڵێ جەنابی ئورلاندو و خانمەکەی لە ئاهەنگەکە بوون، بەڵام زۆر نەمابوونەوە. لە ژیانیا قەت جەنابی ئەندازیاری بەو کەیف خۆشییە نەبینی بوو. لودو، سوپاسی کرد و تەلەفۆنەکەی دانایەوە. پاشان دووبارە کەوتە تەمەشاکردنی دەفتەری تەلەفۆنەکە.

ئودیتی، بە قەڵەمی سوور، خەتی بەسەر ناوی ئەو دۆستانەدا هێنابوو کە لە لواندا ڕۆیی بوون. تەنیا ژمارەیەکی کەمیان مابوونەوە. تەنیا سێ کەس بەرسڤیان دایەوە و کەسیان هیچیان لەبارەیانەوە نەدەزانی. یەکێکیان کە مامۆستای بیرکاری، ناوەندی سالفادوور کورییا بوو، بەڵێنی دایێ کە تەلەفۆن بۆ پۆلیسێکی ناسیاو بکات و هەر زانیارییەکی دەستکەوت، تەلەفۆن بۆ ئەم بکاتەوە.

چەند سەعاتێک بووری. دەنگی دەستڕێژ و تەق و تۆق بەرز بووەوە. لە سەرەتاوە تەقەکان کەم و پچڕپچڕ بوو، پاشان بوو بە دەستڕێژی لە پەستا و بێپسانەوە، دەیان چەکی ئوتۆماتیکی پێکڤە تەقەیان دەکرد. تەلەفۆنەکە لێی دا. پیاوێک، کە بە دەنگیا هێشتا لە گەنج دەچوو، بە ڕاوێژێکی لیشپۆنەیی، کە پێدەچوو لە بنەماڵەیەکی ڕەسەن و خانەدان بێ، پریس ئایا بۆی هەیە دەگەڵ خوشکەکەی خانم دکتۆر ئودیتی دا قسان بکات.

- چی بووە؟

- هیچ خانم، خۆت سەغڵەت مەکە، ئێمە تەنیا بەردەکانمان دەوێ.

- بەرد؟!

- بەخۆت دەزانی باسی چی دەکەم. مەبەستم چییە. بەردە بەنرخەکانمان بدەنێ و من قەولی شەرەفت دەدەمێ کە هەقمان بەسەرتەوە نابێ. هیچ بەڵایەکت بۆ نابێ، لە گشت بەڵایەک بەدوور دەبیت. هیچ زیانێک نە بەخۆت و

نە بە خوشکەکەت ناگات . ئەگەر حەز دەکەن و دڵتان پێوەیە، دەتوانن بە دوو قۆڵی سواری فڕۆکەی دواتر ببن و بۆ پایتەخت بگەڕێنەوە.

– باشە چیتان لە ئودیتی و زاواکەم کرد؟

– ئەو پیرە پیاوە نامەسئولانە ڕەفتاری کرد، هەندێکەس گەوجێتی بە ئازایەتی دەزانن. من ئەفسەرم لە سوپای پرتوگالی، حەزناکەم کەس هەڵم بخەڵەتێنێ و پێم ڕابوێرێ.

– ئاخر ئێمە چ خراپەیەکمان دەربارەت کردووە، پێم بڵێ چیت لێکرد؟ چیتان لە خوشکەکەم کردووە؟

– کاتمان کەمە. ئەم بابەتە دەشێت بە باشی بشکێتەوە یان بەخراپی.

– نازانم باسی چی دەکەی، سوێند دەخۆم کە نازانم...

– دەتەوێ جارێکی دی خوشکەکەت ببینییەوە؟ بەبێدەنگی لە ماڵەکەی خۆتا، خۆت مت بکە و، بەکەس مەڵێ، هەوڵ مەدە هیچ کەسێک ئاگادار بکەیتەوە. هەرکە ڕەوشەکە کەمێک هێور بووەوە، دێین بۆ شوقەکەتان تا بەردەکان ببەین، تۆ سەفتەکەمان بدەیە و ئێمەش خانم ئودیتی ئازاد دەکەین.

دوای ئەو قسەیە تەلەفۆنەکەی دانایەوە. شەو دنیای پێچایەوە. گوللەی گڕدار بە ئاسماندا ڕادەخوشین و هێڵی ئاگرینیان لە دووی خۆ بە ئاسمانەوە دەنەخشاند. تەقینەوە جامی پەنجەرەکانی دەلەراندەوە. فانتوم خۆی لە پشت قەنەفەیەکەوە قایمکرد. بە ئەسپایی دەینالاند، لودو، سەری بەگێژەوە دەچوو، تووڕە بوو، دڵی تێک هەڵدەهات. بلەز خۆی گەیاندە گەرماوەکە، ڕشایەوە نێو تەوالێتەکە، بە لەرزە لەرز لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشت.

هەرکە وەخۆ هاتەوە یەکسەر چوو بۆ ئۆفیسەکەی ئورلاندو، کە هەر پێنج ڕۆژ کەڕەتێ بۆ ئەوێندەر دەچوو، تا ئەرزەکەی گسک بدات و تەپوتۆزەکەی بتەکێنێ. یارۆی ئەندازیار زۆر شانازی بە مێزی کارەکەیەوە دەکرد، توحفەیەک بوو لەو عەنتیکانەی کە لە عەنتیکە فرۆشێکی پرتوگاکی کڕی بووی. لودو، هەوڵیدا چەکمەجەی یەکەمی مێزەکە بکاتەوە، بەڵام بۆی نەکرایەوە. ڕۆیی، چەکوشێکی هێنا و بەسێ جەزرەبە شکاندی. گۆڤارێکی ڕووتی تیادا بینی، بە قێز وبێزەوە لە جێی خۆی داینایەوە، پاشان لەژێر گۆڤارەکەوە سەفتەیەک ئەسکەناسی سەد دۆلاری و دەمانچەیەکی بەدی کرد. دەمانچەکەی بە هەر دوو دەستی گرت. هەڵیسەنگاند. دەستی پێدا هێنا. پیاوان بەم شتە بەردەبوونە یەکتر و یەکدییان دەکوشت. ئامێرێکی پیس، ڕەش، ژیانی لێ هەڵدەقولا، شوقەکەی ژێر و بان کرد، هیچی تری نەدۆزییەوە. ئەنجام لەسەر قەنەفەیەکی ژووری دانیشتنەکە درێژاودرێژ پاڵکەوت و خەو بردییەوە. لە ناکاوا ڕاچڵەکی و بێدار بووەوە. فانتوم تەنوورەکەی ڕادەکێشا، دەیمڕاند، شنەیەکی دەریایی پەردە تەنکەکانی دەهەژاند. ستێران بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوە. ئاسمان دەتگوت بە بار ستێرانی پێ وەرکراوە. بێدەنگی هێندەی دی تاریکیەکەی خەست دەکردەوە، شەپۆلی دەنگەکان لە ڕاڕەوی تەلارەکەوە دەهاتنە سەرەوە. لودو، ڕابوو. بە پێخاوسی ڕۆیی، لە پشت دەرگای شوقەکەوە وەستا و لە کونەکەوە تەمەشای کرد. لە دەرەوە، لەبەر ئاسانسۆرەکەدا سێ پیاو وەستابوون و بە ئەسپایی دەئاخفین. یەکێکیان کە لۆسەیەکی بەدەستەوە بوو، ئاماژەی بۆ لای دەرگاکە کرد:– سەگی هەیە، دڵنیام هەیەتی، گوێم لە حەپەی سەگێک بوو.

کابرایەکی وردیلەی لاواز کە دەستێک جلکی زۆر دەڵبی عەسکەری لەبەر بوو، بەڕوویا هەڵشاخی و گوتی: ئەوە تۆ چ دەڵێی مینگیتو؟ کەس لێرە نییە. خەڵکەکەی ڕۆیشتوون، کوا ڕێکە، دەی لەزێکە ئەم دەرگا نەعلەتیە بشکێنە.

مینگیتو چووە پێشەوە. لودو پاشەکشەی کرد، گوێی لە لێدانێکی توندی دەرگاکە بوو، بەبێئەوەی بیربکاتەوە، بە لێدانێکی توند لە سەر تەختەکە وەڵامی دایەوە، هانکە هانکی پێکەوت. بێدەنگی، هاواریکرد:– کێیە؟

–بڕۆن.

دەنگی پێکەنین. هەمان دەنگ:– یەکێک لەوێندەر ماوە! ئەمە چۆن ڕوویداوە دایکە؟ لە بیریان کردوویت؟

–تکاتە واز بێنن، بڕۆن.

– دەرگاکە بکەوە خانم. تەنیا ئەو شتەمان دەوێ کە ماڵی خۆمانە.

– ئێوە پێنج سەد ساڵە تاڵانمان دەکەن، دزیمان لێدەکەن. هاتووین ئەو شتە بەرین کە ماڵی خۆمانە.

– من دەمانچەم پێیە، کەس نەیەتە ژوورەوە ها.

– خانم گیان، شتەکە بە جدی مەگرە! بەردە بەنرخەکان و بڕێک پارە و پولمان وێدە و دەڕۆین. ئاخر ئێمەش دایکمان هەیە.

– نا، دەرگا ناکەمەوە.

– دەی مینگیتو، دەرگاکە بشکێنە.

لودو، بە غار بەرەو ئۆفیسەکەی ئورلاندو ڕۆیی. دەمانچەکەی هەڵگرت، گەڕایەوە، لوولەی دەمانچەکەی کردە دەرگاکە و پلی بە پەلەپیتکەکەیەوە نا، ئیدی بە درێژایی سی و پێنج ساڵ لەوەدوا هەموو ڕۆژێ، ئەو ساتەی بیردەکەوتەوە کە فیشەکەکەی تیا تەقاند؛ کە چۆن لەگەڵ تەقەکەدا، دەمانچەکە بە ئەسپایی تەکانی دا.

– ئەگەر ئەو ساتە ڕووی نەدابایە، ژیانی چۆن دەبوو؟

– وای دایکە ڕۆ، ئەم خوێنە چییە لەبەرم دەڕوات، خانم کوشتمت.

– ترینیتا ئەوە چییە، فیشەکت بەرکەوت؟

– بڕۆن، لێرە نەوەستن، بڕۆن!...

دەنگی تەقە، لە شەقامە نزیکەکەوە بەرز بووەوە، دەستڕێژ لە دووی دەستڕێژ. هەرکە فیشەکێک دەچێ بە ئاسماندا، دە – دوازدە فیشەکی دیکە بەرسڤی دەداتەوە. لە وڵاتێکا شەڕی تیابێت، هەر تەقەیەک، هەر پزیسکێک وەڵامی خۆی هەیە، دەنگی ئەگزۆزی ئۆتومبیلێک، دەنگی تەرەقەیەک، دەنگی فشفشەیەک یان فیشەکە شێتەیەک، وەڵامی خۆی هەیە. لودو، لە دەرگاکە نزیک بووەوە. ئەو کونەی بینی کە فیشەکەکە تێی کردبوو. گوێی بە تەختەی دەرگاکەوە نا. گوێی لە هانکە هانکی کابرا بریندارەکە بوو:

– ئاو خانم، فریام بکەوە...

– ناتوانم، ناتوانم.

– تکایە خانم، خەریکە دەمرم.

ژنەی تاین دەرگاکەی کردەوە، ئازای دەلەرزی، دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو. یارۆی دز لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوو و پشتی بە دیوارەکەوە دابوو. خۆ ئەگەر ڕدێنە چڕە ڕەشەکەی نەبوایە، وات دەزانی منداڵە. دەم و چاوی وردیلە و منداڵانە بوو، شەلاڵی ئارەقە بوو، بەبێ هیچ ڕقێک، زەق زەق چاوە درشتەکانی بڕی بووە ئەو:

– هەی نەگبەت خۆم، قەرەبەخت خۆم. بەچاوی خۆم، سەربەخۆیی نابینم.

– ببورە، بەقەستی کوشت پێمەوە نەنای.

– ئاو، زۆرم تینووە.

لودو، نیگایەکی ترساوی ڕاڕەوەکەی کرد:– وەرە ژوورەوە، ناکرێ لەوێ بەڕەڵڵات بکەم.

کابرا، بەدەم ناڵە ناڵەوە خۆی بە شوقەکەدا کرد. سێبەرەکەی لە دوایەوە هەر بەسەر دیوارەکەوە بوو. ئیدی تاریکی سێبەرەکە و شەوەکە، لێکدی جیا نەدەبوونەوە. لودو، پێیەکانی نایەسەر سێبەرەکە و داخزی: یا ئەڵڵا!

–ببورە خانم، ماڵەکەتم لەوتاند.

لودو، دەرگاکەی داخست. ئەوسا قفڵی دا. بەرەو موبەقەکە چوو، ئاوی ساردی لە یەخچاڵەکە دەرهێنا، پەرداخێکی تەژی کرد و ئەوسا بۆ هۆڵەکە زڤڕییەوە. کابرا بە تامەزرۆیی بینی پێوەنا.

– پێویستم بە کەمێک هەوای تازەیە.

– تەلەفۆن دەکەم با دکتۆرت بۆ بێت.

– پێویست ناکات. بەهەرحاڵ دەمکوژن. داپیرە، دەتوانی گۆرانیەکم بۆ بڵێیت؟

– چی؟

– گۆرانی، گۆرانیەکم بۆ بڵێ، گۆرانیەکی نەرم وەکو لۆکە.

لودو، بابی خۆی بیرکەوتەوە کە هەموو جارێ لای لایەیەکی فولکلۆری ریودی جانیرۆی بۆ دەخوێند تا خەوی لێبکەوێ. دەمانچەکەی لەسەر ئەرزە تەختەپۆشەکە دانا، هەردوو چۆکی دادا، دەستە بچووکەکانی دزەکەی لەنێو دەستی خۆ نا، دەمی لە پەناگوێی نا و کەوتە گۆرانی گوتن. ماوەیەکی زۆر گۆرانی گوت.

تازە یەکەم تیشک و گزنگی سپێدە، ماڵەکەی بێدار کردبووەوە کە لودو، زاتی وەبەرخۆی نا، بەبێ هیچ زەحمەتێک لە مردووەکە نیشت و بردی بۆ سەربان. ئەوسا چوو بێڵێکی هێنا، لە نێو گوڵە زەردەکانەوە و لەنێو کەڵەکە بەردێکا، گۆڕێکی تەنگی هەڵکەند.

ئورلاندو، چەند هەیڤێک لەوەپێش، دەستی بە دروستکردنی حەوزۆکەیەکی مەلە کردن، لەسەربان کردبوو. بەلام کارەکەی بەهۆی شەڕەوە وەستابوو. کرێکارەکان چەند کیسە چیمەنتۆیەک و هەندێ لم و خشتیان لە پاڵ دیوارەکە بەجێ هێشتبوو. ژنەی تاین، بە خشەخش هەندێ لەو کەرەستانەی بردە خوارەوە. قفڵی دەرگا

سەرەکیەکەی کردەوە. لە دەرگاکە وەدەرکەوت. لە ڕاڕەوەکەدا دیوارێکی دروستکرد. کە شوقەکەی لە باقی تەلار و باڵاخانەکە جیا دەکردەوە. لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ خەریکی ئەو کارەبوو. تازە دیوارەکە تەواو بووبوو و سەرەکەی بە چیمەنتۆ ساف کردبوو کە هەستی بە برسیەتی و تینوویەتی کرد. لەپشت مێزی مووبەقەکەوە ڕۆنیشت، تۆزێ شۆربای گەرم کردەوە و هێدی هێدی خواردی. تۆزێ پاشماوەی مریشکی برژاوی دایە سەگەکە.

-نها هەر من و تۆ ماوین.

سەگەکە هاتە بەرەوە و قامکەکانی ئەوی لستنەوە.

خوێنی وشکەوەبووی پشت دەرگاکەی پێشەوە، پەڵەیەکی تاریکی دروستکردبوو. لەوێندەرەوە تا مووبەقەکە هەمووی جێ پێ بوو. فانتوم، هەرهەمووی لستەوە. لودو فانتومی دوور خستەوە. ڕۆیی سەتڵێ ئاو و سابوون و گسک و ماهووتی هێنا و هەرهەمووی خاوێن کردەوە. ئەوسا چووە ژێر دووشەکە و ئاوێکی گەرمی بەخۆیدا کرد.

کە لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە تەلەفۆنەکە لێی دا. لودو، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

-لەبەر ئەوەی ڕەوشەکان ئاڵۆز بوون، دوێنێ نەمانتوانی بێین و ئەمانەتەکان ببەین. خەمت نەبێ بەم زووانە بۆی دێین.

لودو، بێئەوەی چ وەڵامێک بداتەوە، تەلەفۆنەکەی دانایەوە. بەڵام هەرکە لودو پشتی کردە تەلەفۆنەکە، دووبارە لێی دایەوە، لێدانەکەی مایەی سەرنج بوو. فانتوم لە مووبەقەکەوە هات... کەوتە سوڕانەوە بەدەوری خۆیدا، لەگەڵ هەر زەنگێکی تەلەفۆنەکەدا بەتووندی دەوەڕی. لە ناکاوا تەکانێکی دا، خۆی هەڵدایە سەر مێزەکە و تەلەفۆنەکەی خستە خوارەوە، دەنگی کەوتنەخوارەوەی تەلەفۆنەکە زۆر گەورە بوو. لودۆ، بنکەی تەلەفۆنە ڕەشەکەی ڕاتەکاند. بورغویەک لەناویا شل بووبووەوە. بزەیەکی بۆ کرد:- مەمنوونم فانتۆم. وابزانم چیتر بێزارمان ناکات، سەر و دڵمان ناگرێت.

لە دەرەوە، لە گەرمەی ئەو شەوە پڕ ئاشووب و ئاژاوەیەدا، موشەک و هاوەن، یەک لەسەر یەک دەتەقینەوە. ئوتومبیل هۆڕنیان لێدەدا. ژنە پرتوگالیەکە لە پەنجەرەکەوە تەمەشای دەرەوەی کرد، بینی ئاپۆڕای خەڵک بەناو شەقامەکان کەوتوون و، بەجۆش و خرۆش و بەدەم هەرا و زەناوە، مەیدانەکان پڕ دەکەن. دەرگای ژوورەکەی لە سەر خۆی داخست. لەسەر تەختە خەوەکە ڕاکشا. ڕوخساری لە بالیفەکەیدا نقوم کرد. هەوڵی دا بەخەیاڵ، خۆی لە وەڵاتێکی دوورە دەستا، لە ماڵەکەی جارانی خۆیان، لە ئەڤیرۆدا ببینێتەوە، بەدەم چا خواردنەوە، بەدەم خواردنی نانە ڕەقەوە لە تەلەفزیون دا، تەمەشای فیلمێن کۆن بکات. بەڵام ئەم کارە مەحاڵ بوو.

## سەربازانی نەگبەت

دوو پیاو، بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە هەوڵیان دەدا خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و نیگەرانی خۆیان وەشێرن. سەر و ڕدێنی تەنکیان هەبوو، قژیان درێژ و بژ بوو. سەرو کراسی ڕەنگاوڕەنگ و پانتۆڵی دەلنگ دەڵبیان لەبەر و پۆستاڵی سەربازیان لە پێ بوو. بنجامین کە بچووکترەکەیان بوو، بەدەم ئوتومبیل ئاژۆتنەوە بەدەنگی بەرز فیکەی دەکێشا. جیریمیاس کە جەلاب ( میر غەزەب ) بوو، لەلایەوە ڕۆنیشتبوو و، پەڕە سیغارێکی بەدان دەبڕی.

بەلای چەند کامیونێکی سەربازیدا بوورین. مێرمندالان دەستیان بۆ هەڵتەکاندن و خاو و خەواڵو، بەدەم وەنەوزدانەوە بە قامکان نیشانەی " V " ڤیان، وەکو سومبلی سەرکەوتن پیشان دەدان. ئەم دوو پیاوە بە هەمان شێواز وەڵامی مێرمنداڵەکانیان دەدایەوە.

جیریمیاس، لەبن لێوانەوە، بۆڵاندی: کوباییان! کومونیستانی مەلعوون!

ئۆتومبیلەکەیان لەبەردەم تەلار و باڵەخانەی ( خواپێداوان ) پارک کرد و هاتنە دەرەوە. گەدایەک لەبەر دەرگای هاتنە ژوورەوەدا پێشی گرتن:- بەیانیتان باش هاوڕێیان.

جیریمیاس، بەدەم خوتە خوت و بۆڵەبۆڵەوە گوتی:- چ ژەهرە مارێکت دەوێ؟ هاتووی دەرۆزە لە سپی پێستان بکەی؟ ئەو ڕۆژگارە نەما، ڕۆیی. لە ئەنگولای سەربەخۆدا، لەم مەڵبەندی سۆسیالیزمەدا، لە ئەفریقیا، جێی پارسەکان نابێتەوە، دەبێ قڕیان تێبخرێ، هەموویان بێنە سەربڕین، پاکتاو بکرێن. لەپڕا بە شەپەزللەیەک دووری خستەوە و خۆی بە باڵەخانەکەدا کرد. بنجامین دووی کەوت. پلیان بە دوگمەی ئاسانسۆرەکەدا نا و بۆ قاتی یازدەیەم سەرکەوتن. حایر و حەپەساو سەیریان کرد دیوارێک لەبەردەم ئەو شوقەیەدا کە مەبەستیان بوو، دروست کراوە:- چ گەپچاڕ و کەر بازاڕێکە! ئەم وڵاتە شێت بووە!

-بەڕاستی ئەم شوێنەیە، دڵنیایت کە خۆیەتی؟

جیریمیاس بزەیەکی بۆ کرد و: " دەپرسێت ئاخۆ دڵنیام؟ " ئەوسا ئاماژەی بۆ دەرگاکەی بەرانبەر کرد: بەڵێ، لەوێ، لە نهۆمی یازدەدا، حەرفی " ج " ریتینا دەژیا. جوانترین پا و پوزی ئەنگولا و باشترین سمت و کەفەڵی وڵات. تۆ شانست هەیە کە ریتینات نەدەناسی. هەر پیاوێک یەکجار دیتبای، ئیدی هەرگیز نەیدەتوانی، تەمەشای ژنانی دیکە بکات و دووچاری نائومێدی و پەشیمانی نەبێت. هەر پیاوێک یەکجار ریتینای دیتبا، هەموو ژنانی دی لەبەرچاو دەکەوت. ڕێک وەکو ئاسمانی ئەفریقیا. ئەگەر ناچارم بکەن ئەم مەرز و بۆیە بەجێ بهێڵم، ئەی خودا، بۆ کوێ بڕۆم؟

- لێت تێدەگەم، جەنابی نەقیب، جەنابی فەرماندە ئێستا چ بکەین؟

- چ بکەین! کولێنگێک دێنین و دیوارەکە دەڕوخێنین.

سواری ئاسانسۆرەکە بوونەوە و گەڕانەوە بۆ خوارەوە. سواڵکەرەکە چاوەڕوانیان بوو. پێنج پیاوی چەکداری لەگەڵدا بوون:- هاوڕێ مونتی، خۆیانن، دوو پیاوەکەن.

ئەو پیاوەی کە نێوی مونتی بوو، هاتە پێشەوە، بەڕاوێژێکی دڵنیا و بەهێزەوە کە دەگەڵ لەش و لارە لاوازەکەیا تێکی نەدەکردەوە، رووی کردە جیریمیاس و گوتی:- هاوڕێ بێزەحمەت قۆڵت هەڵدەماڵی؟ بەڵێ قۆڵی ڕاستت. حەز دەکەم مەچەکتان بدینم...

- چما ئەو کارە بکەم؟

- چونکە من دۆستانە و بەهەمان ئەدەب و نەزاکەتی بابایەکی عەتر فرۆشەوە داوات لێدەکەم.

جیریمیاس، لە قاقای پێکەنینی دا، ئاستینی کراسەکەی هەڵکرد و ئەم خاڵە بەدیارکەوت: بەخت یاوەری جەربەزانە.

– دەتویست ئەمە بدینیت؟

– دروست ئەمە جەنابی فەرماندە. پێدەچێ بەخت ڕووی لێوەرگێڕابیت. هەروەها هەستدەکەم، حوزوور و بوونی دوو پیاوی سپی پێست لەم شەقامە نائارامانەی ئەم ڕۆژگارەدا بە پۆستاڵ و چەکمەی سوپای پرتوگالیەوە، هەندێک نائاسایی و بوێرانەیە.

ڕووی کردە دوو پیاوە چەکدارەکە و ئەمری پێکردن کە پەتێک بێنن و هەردوو بەکرێگیراوەکە قۆڵبەست بکەن. دەستیانیان لە پشتەوە بەستن و هەڵیاندانە ناو ئۆتومبیلێکی تویوتا کرۆلای شەق و شڕەوە. . یەکێک لە دوو پیاوەکە بە تاپڕێکەوە لە پشتەوە سوار بوو، مونتی چووە پشت سوکانەکەوە، ئەوانی دی بە سواری جیپێکی سوپاییەوە، دوایان کەوتن، بنجامین، سەری لەنێو هەردوو زرانی نا و نەیتوانی جڵەوی ڕوندکەکانی بگرێت. جیریمیاس تووڕە بوو، ئانیشکێکی تێوە ژەند و گوتی:– داوەشێی، عەیب ناکەی! تۆ سەربازی پرتوگالیت.

مونتی، هەڵیدایێ:– واز لەم منداڵە بێنە. ئەسڵەن نەدەبوو لە گەڵ خۆتاندا بۆ وڵاتی ئێمەتان بهێنابایە. با بێینە سەر تۆ قوربان. تۆ قەحپەیەکی خۆفرۆش و دەسەندەخۆری ئیمپریالیزمی ئەمریکیت، پێویستە شەرم لە خۆت بکەی.

– ئەدی کوباییەکان؟ ئەوانیش بەکرێگیراونین؟

– هاوڕێیانی کوبایی بۆ پارە بۆ ئەنگولا نەهاتوون، لە پێناوی قەناعەت و باوەڕی خۆیاندا هاتوون.

– منیش لە پێناوی باوەڕی خۆما لە ئەنگولادا ماوەمەتەوە. من لە پێناوی شارستانیەتی ڕۆژئاوادا دەخەبتم، دژی ئیمپریالیزمی سوڤیاتی. من لە پێناوی مانەوەی پرتوگالدا دەجەنگم.

– قسەی هیچ. من باوەڕم بەشتی وا نییە. تۆش باوەڕت بە شتی وەها نییە. تەنانەت دایکیشت باوەڕی بە شتی وەها نییە. باشە وەک دەڵێن قسە، قسە ڕادەکێشێت، بڵێ بزانم بۆچی بۆ شوقەکەی ریتا هاتبووی، ئیشت لەوێ چ بوو؟

– ریتا دەناسیت؟!

– ریتا کوستارەیش؟ ریتینا؟ لاق درێژەکە. باشترین لاقێن لواندا.

ئەوسا، بەخۆشییەوە باسی ژنانی ئەنگولایان کرد. جیریمیاس زۆر دڵبەندی ژنانی لواندا بوو. لەو ڕووەوە هەندێ ریسکی هەبوو؛ ئەوسا لە سەری ڕۆیی هیچ ژنێک لە دنیادا وەکو ژنانی دوو ڕەگی بینگیلا ( شارێکە لە باشووری لواندا و ڕۆژئاوای ئەنگۆلا ) گەرم و خۆش نییە. هەنگێ مونتی ریکیتا باولیت – ی بیرکەوتەوە، کە لەماڵباتێکی خانەدانی ڕەسەن لە ماسامیدیس ( ناوەندی پارێزگای ناسیبە لە باشووری رۆژئاوای ئەنگۆلا ) لەدایک بووبوو و پاشان لە ساڵی ١٩٧١ دا بە شاجوانی پرتوگال هەڵبژێردرابوو. جیریمیاس بۆی سەلماند. ریکیتا، بەڵێ ڕاست دەکەی. ئامادەبوو گیانی خۆی فیدا بکات بەو مەرجەی بەیانیەک لەبەر پرشنگی ئەو چاوە ڕەشانەی ئەودا بێدار ببێتەوە. ئەو پیاوەی لە تەنیشت مونتی یەوە ڕۆنیشتبوو، قسەکەی پێبڕین: – ئێرەیە جەنابی فەرماندە، گەیشتین.

لە شار دەرچووبوون. دیوارێکی بەرز لە دەڤەرێکی چۆڵدا دروستکرابوو، لە دوورەوە چەند درەختێکی باوباب دیاربوون، ئەوسا ئاسۆیەکی شینی ساف و بێگەرد بەدیارکەوت. لە ئوتومبیلەکە دابەزین. مونتی، دەستی هەردوو بەکرێگیراوەکەی کردەوە. ئەوسا پشتی ڕاست کردەوە:- فەرماندە جیریمیاسی جەلاد، جەلاد، واتە ماموری ئیعدام کردن؟ پێموایە ئەمە نازناوبێ. تۆ، بە زوڵم و زۆرێکی فرە گومانباری، دەیان کەست لە نیشتمانپەروەرانی ئەنگولایی ئەشکەنجە داوە و کوشتووتن. هەندێ لە هاوڕێکانی ئێمە حەز دەکەن بتدەنە دادگا. بەڵام من باوەڕم وایە پێویست بەوە ناکات وەختی خۆمان بە دادگا و دادگایی کردنەوە بەفیڕۆ بدەین، چونکە گەل لە ئێستاوە حوکمی خۆی داوە و بە تاونبارت دەزانن.

جیریمیاس بزەیەکی بۆ کرد:- گەل؟ قسەی هیچ! من باوەڕم بە شتی وانییە. تۆش باوەڕت نییە، دایکیشت باوەڕی بەمە نییە. تۆ بەرەڵلامان بکە و من چنگێ ئەڵماست دەدەمێ. بەردێن بەنرخ. هەنگێ دەتوانی لەم وڵاتە بڕۆیت، و لە هەر شوێنێ کە خۆت بتەوێ دەتوانی سەر لەنوێ دەست بەژیان بکەیتەوە. هەر ژنێکت بوێ، لەگەڵیا ڕابوێری.

-سوپاس، بەنیازنیم لێرە بڕۆم، ئەو تاقە ژنەی کە تەماحم تیایەتی لە ماڵەکەی خۆمدایە. هیوای سەفەرێکی خۆشت بۆ دەخوازم. کاتێکی خۆش لەو شوێنە بەسەر بەری کە دەتەوێ بۆی بڕۆیت.

مونتی بۆلای ئوتومبیلەکە گەڕایەوە. سەربازەکان، پیاوە پرتوگالیەکانیان بەرەو لای دیوارەکە دەڵەک دا. چەند شەقاوێک دوور کەوتنەوە. ئەوسا یەکێکیان دەمانچەیەکی لە قەدی دەرهێنا، بە حەواس پەرتی و تووڕەیی نیشانەی گرتەوە، سێ فیشەکی تەقاند. جیریمیاسی جەلاد بەپشتا کەوتە سەر ئەرزەکە. هەندێ تەیر و توی بینی کە بە بەرزی ئاسمانەوە دەفڕین. ئەوسا نووسینێکی سووری بە دیوارێکی کون کونی خەڵتانی خوێنەوە، کە شوێنەواری گوللەی پێوە دیاربوو، بەدی کرد: خەبات بەردەوامە.

## جەوهەری ترس

لە هەموو شتێکی پشت پەنجەرانەوە دەترسم. لەو هەوایەی کە بە تەوژم دێتە ژوورەوە، لەو دەنگەی کە دەگەڵ خۆیا دەیهێنێ دەترسم. لە پێشکە و لە هەزاران مێرووانێ کە ناویان نازانم دەترسم. بە هەموو شتێک، لە هەموو شتێک نامۆم. وەکو باڵندەیەک کەوتبێتە بەر ئاوەڕۆی ڕوبارێکەوە. لەو زمانانە ناگەم کە لە دەرێ ڕا دەیان ژنەوم. هیچ شتێک لەو زمانانە حاڵی نابم کە ڕادیۆ لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێتە ژوورەوە. تەنانەت وەختایەک بە ڕواڵەت بە پرتوگالیش قسە دەکەن نازانم چی دەڵێن، چونکە ئەو پرتوگالیەی کە قسەی پێدەکەن، هەمان پرتوگالیەکەی من نییە.

تەنانەت ڕوناکیەکەشم بەلاوە نامۆ و غەریبە.

ڕوناکیەکی یەجگار زۆرە.

هەندێ ڕەنگ هەن، نابێ لە ئاسمانێکی ئاساییدا دەربکەون.

من هێندەی لە سەگەکەمەوە نزیکم، لەو خەڵکانەی دەرەوە نزیک نیم.

## دوای کۆتایی

دوای کۆتایی، ڕەوتی زەمان خاو بووەوە. بەلای کەمەوە بەلای لودووە وابوو. لە ١٩٧٦/٢٣/٢ دا لە یەکەمین دەفتەری یاداشتەکانیا نووسی: ئەمڕۆ هیچ شتێک ڕووی نەدا. خەوتم. کە خەوتبووم، خەونم دەبینی کە خەوتووم.

دار و درەخت، گیانەوەرانی بچووک، خێڵی مێروان، شەریکی خەونەکانم بوون. هەمووومان، پێکەوە خەونمان دەبینی. وەکو کۆمەڵێک لە ژووریکی زۆر تەنگدا، بیروباوەڕ، بۆن و نەوازشمان دەگۆڕییەوە. بیرم دێ جاڵجاڵۆکەیەک بووم کە بەرەو نێچیرەکەی دەڕۆیی و مێشێک کەوتبووە داوی ئەو جاڵجاڵۆکەیەوە. هەستم کرد من گوڵم و لەبەر تیشکی هەتاوا دەکریمەوە، شنەبا گەردەکەی دەبات، دەیگوازێتەوە. خەبەرم بووەوە، بەتاقی تەنیا بووم. کە لە خەوا بین، دەتوانین خەون ببینین، ئەدی ئەگەر بێدار ببینەوە، دەشێت خۆمان لە واقیعێکی ماقوولتردا ببینینەوە؟

بەیانیەک لە خەو ڕابوو، بەلوعەی ئاوەکەی کردەوە، ئاوی پێدا نەدەهات. هەستی بەترس کرد. بۆ یەکەمجار ئەوەی بەبیرا هات کە ڕەنگە بۆ ساڵەهای ساڵ لەم شوقەیەدا گیر بخوات و بمێنێتەوە. ئیدی هەستا هەر ئازووقە و پێداویستیەک لە کۆگا و دیوەخانەکەدا هەبوو، لە لیستێکدا تۆماری کرد. پێویستی بەوە نەبوو خەمی خۆی بخوات. هەروەها بەشی چەند مانگێک ئاردیشی دۆزییەوە، چەند کیسەیەک فاسۆلیا، پاکەتی شەکر، چەند سەندوقێک شەراب و ساردەمەنی گازی، دەیان قوتووی ساردین و، و تونە و سوسیچ – شی دۆزینەوە.

ئەوشەوە بارانێکی باش باری. لودو، چەترێکی هەڵدا و، بە مەسینەیەک و چەند سەتڵ و تەشت و بوتڵێکی لەگەڵ خۆیدا بۆ سەربان برد. بەیانی زوو کۆمەڵێک گوڵی جوانی هەڵکەند، لەو باخچەیەدا، کە تەرمی دزە وردیلەکەی تیا لە چاڵ نابوو، چنگێ تۆی لیمۆی ناشت. لە چوار باخچەی دیدا گەنمەشامی و نۆک و لۆبیای ڕواند. لە باخچەی پێنجەمدا، هەر پەتاتە و یارەڵماسیەکی هەبوو هەمووی داچاند. هێشووە مۆزێکی گەورە بە یەکێک لە دار مۆزەکانەوە شۆڕ بووبووەوە. چەند مۆزێکی لە دارەکە کردەوە و بردی بۆ مووبەقەکە. بە فانتومی نیشاندان:- دەبینی؟ ئورلاندو مۆزی ڕواندووە تا یادی لەبیر نەچێتەوە، ئەمانە یارمەتی ئێمەمانان دەدەن تا لە برسانا نەمرین. یان دروست تر بڵێم یارمەتی من دەدات کە ئازاری برسیەتی نەکێشم، چونکە باوەڕ ناکەم تۆ حەزت لە مۆز بێ.

ڕۆژی دواتر ئاو هاتەوە. لەوە بەدواوە، زۆرجار دەبڕا، ڕێک وەکو کارەباکە، ئەوەبوو هەردووکیان بە یەکجارەکی بڕان و ماڵ ئاواییان کرد. لە هەوەڵین هەفتەکاندا زیاتر بە بڕانی کارەبا قەڵس دەبوو تا بەبڕانی ئاوەکە. بێتاقەتی ڕادیۆ بوو، حەزی دەکرد لە هەردوو ڕادیۆی بی بی سی و ڕادیۆی دەنگی پرتوگالەوە گوێ لە هەواڵ و نووچە نێودەوڵەتیەکان بگرێت. گوێی لە ڕادیۆ لۆکاڵیەکانی ئەنگولاش دەگرت، هەرچەندە زۆر بەو هەواڵانە قەڵس دەبوو کە دژی داگیرکەر و داگیرکەری خۆی و هێزە کۆنەپارێزەکان بوون؛ خوای نەدەما، دەهری دەبوو. ڕادیۆ، ئامێرێکی زۆر چاک بوو، لە چوارچێوەیەکی دارینی هونەریدا بوو، بە چەند دوگمەیەکی عاجیەوە. دەست بنی بە دوگمەیەکیەوە، بۆخۆی وەکو چرا هەڵدەبێ. لودو، دوگمەکان بادەدات، لە دەنگان دەگەڕێ. ئیدی کۆمەڵێک ڕستەی ئینگلیزی، فەرەنسی، یان هی زمانانی نامەفهوومی ئەفریقایی لێبەرز دەبووەوە: ... کۆماندۆکانی ئیسرائیل، بارمتەکانی فڕۆکەکەیان لە عەینتاب ڕزگار کرد...

... ماو زدون مرد "١ "

... خەباتگێڕانی سەربەخۆیی ئەمڕۆ سەرکەوتن. " ٢ "

Nzambe azali bkingo mpeatonda nababito

( یەکەم و دووەم زمانی فەرەنسیە، سێیەم پێدەچێ زمانی بانتو بێ ).

جگە لە ڕادیۆ، گرامافۆنش هەبوو. ئورلاندو، بەکرەی زۆر سترانڤانانی فەرەنسی کۆ کردبووەوە. لەوانە: جاک بریل، شارل ئەزنافور، سیرج ریجیاتی، جورج براسینس، لیوفری. لەو دەمانەدا کە دەریا ڕوناکی دنیای قووت دەدا، ئەم ژنە پرتوگالیە گوێی لە بریل دەگرت.

شار دەخەوێ و ئەو ناوەکانی لەبیر دەچێتەوە. بەشێک لە خۆرەکە هێشتا دەگرێ، دەسووتێ و، بەرەبەرە شەو دادێ و زەمان بەبێ ئامانج درێژ دەبێتەوە. جەستە ماندووە، شەو شین و شینتر دەبێت. ماندوویەتی گوشار لە گورچیلەکانی دەکات. خۆی بە مەلیکەیەک دەزانێ و قەناعەتی وایە یەکێک لە شوێنێکا، لە سووچێکی دنیادا چاوەڕوانی ئەوە. بەڵام هیچ کەسێک، لە هیچ شوێنێکی دنیادا نییە کە چاوەڕێی ئەو بێ. شار دەنوێ... باڵندەکان وەکو شەپۆلان، شەپۆلان وەکو مەلان وان، ژن وەکو ژن وان، ئەو هیچ متمانەیەکی بەوە نییە کە ژن ئایندەی پیاوە ( ڕستەی: ژن ئایندەی پیاوە، لە ڕاستیا بەیتێکە لە قەسیدەیەکی بەنێوبانگی شاعیری فەرەنسایی لویس ئاراگون، سترانڤانی فەرەنسی جان فیرا، بە گۆرانی دەیڵێت. )

نیوەڕۆیەک، لە غەڵبە غەڵب و هەرا و زەنایەکی بەرز بێدار بووەوە. بەترسەوە ڕابوو. بەخەیاڵی خۆی کۆمەڵێک هێرشیان بۆ ماڵەکەی هێناوە. هۆڵی میوانەکەی دیوار بە دیواری شوقەکەی ریتا کوستاریش – وە بوو. گوێی بە دیوارەکەوە نا. دوو ژن، پیاوێک، چەند منداڵێک، دەنگی پیاوەکە خویا، مەخمەڵی و زۆر جوان و دڵگیر بوو. لە بەینی خۆیاندا بەو زمانە موزیکاڵیە ئاهەنگینە هێماییە قسەیان نەدەکرد کە هەندێجار لە ڕادیۆکەوە گوێی لێدەبوو. هەر جار ناجارێ، وشەیەکیان لەدەم دەردەپەڕی کە وەکو تۆپەڵێکی ڕەنگین، بەدەم هەڵبەز و دابەزەوە خۆی بە مێشکدا دەکرد: بولینگۆ، بیسۆ، ماتوندی.

باڵەخانەی ( خواپێداوان ) ڕۆنیشڤانانی تازەی بۆ هات. بوژایەوە. ئەمانە، لە کولبە و تەنەکەئاواکانی قەراخ شارەوە، دێهاتی بوون تازە گەیی بوونە شار، لەو ئەنگولاییانە بوون کە لە وڵاتەکەی هاوسایانەوە، واتە لە زائیرەوە دەهاتنەوە و، هەروەها هاوڵاتیانی زائیری ڕاستەقینەش بۆ ئێرە دەهاتن. کەسیان فێری ئەوە نەبوون کە لە باڵەخانان و شوقەدا بژین. بەیانییەکی زوو، سەحەری، لودو، لە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەیەوە تەمەشای کرد، بینی ژنێک لە باڵکونی شوقەی ( A ) نهۆمی دەیەمەوە دەمیزێ. هەروەها لە باڵکونی شوقەی ( D ) نهۆمی دەیەمەوە پێنج مریشک خەریک بوو تەمەشای هەڵهاتنی ڕۆژیان دەکرد. لە پشت باڵەخانەکەوە حەوشەیەکی گەورە هەبوو کە تا ماوەیەک لەوەپێش گەراجی ڕاگرتنی ئوتومبیلان بوو. بلۆکێن بینای بڵند لە هەر دوولای تەنیشت و پێشەوە فەزایەکیان داگیرکردبوو؛ ئابلۆقە دابوو. گیاکەڵە هەموو ئەم دەڤەرەی داگیر کردبوو. لێرە و لەوێ، لە هەندێ درز و کەلێنەوە ئاو دەهاتە دەرەوە و دەڕۆیی و پاشان لە نێو زڕ و زبڵ و حەڕی و قوڕاوی کەنار شوقەکاندا ون دەبوو. ئێرە کاتی خۆی دەریاچە بوو. ئورلاندو، حەزی دەکرد، باسی یادگارییەکانی دەیەی سییەکانی ئێرە بکات، لەو کاتانەدا مێردمنداڵ بوو، دەگەڵ هاوڕێکانیا لە نێو ڕووەکە بەرزەکاندا گەمانیان دەکرد . لەوێندەر پاشماوەی ئێسکە پەیکەری تیمساح و ئەسپی ئاوییان دەدۆزییەوە. هەروەها کاسە سەری شێران.

لودو، بەچاوی خۆی ژیانەوەی دەریاچەکەی بینی بوو. تەنانەت گەڕانەوەی ئەسپە ئاوییەکانیشی بینی بوو ( بۆوەی لێمان نەبێ بە زێدەگۆیی، یەک ئەسپی ئاوی بینی بوو ) ئەم بویەرە دوای چەند ساڵێک ڕوویدابوو. جارێکی دی دێینەوە سەر ئەم باسە. دوای چەند هەیڤێک لە سەربەخۆیی، ژنەی تاین، تونەکان، ساردینەکان، سوسیجەکان و قاورمەکانی دەگەڵ سەگەکەدا دابەشکرد. وەختایەک خۆراکی قوتوبەندەکان تەواو بوون، چوون بە سۆراخی شۆربای نۆک و لۆبیا و برنجەوە. لەم سەروبەندەدا جاری واهەبوو بۆ چەند ڕۆژێک کارەبا دەبڕا. لودو، کەوتە ئاگرکردنەوە لە موبەقەکەدا. هەوەڵجار کارتۆن و پارچە کاغەزە بێ کەڵکەکانی سووتاند، پاشان هاتەسەر لقی وشکەوەبووی ڕووەک و گوڵەکان. پاشان هاتە سەر ئەو کەل وپەلانەی بەکاری نەدەهێنان. وەختایەک پایەکانی تەختە دوو نەفەرییەکەی خوشکەکەی دەرهێنا، لەژێر دۆشەکەکەیانەوە، جانتایەکی چکۆلەی چەرمی دۆزییەوە. کردییەوە سەری لەو دەیان بەردە چکۆلەیە نەسوڕما کە هەڵڕژانە سەر ئەرزە تەختەپۆشەکە. دوای ئەوەی تەخت و کورسییەکانی سووتاند، کەوتە هەڵکەندنی پارکیتەکان، کە زۆر بە ئەسپایی دەسووتان و ڕوناکییەکی باشی دەدا . لە هەوەڵەوە شقارتەی بەکار دەبرد، بەڵام کە دەنکە شقارتەکان تەواو بوون، دەستی دایە یەکێک لەو زەرەبینانەی ئورلاندو لە بۆ پشکنینی ئەو پولە بیانیانە بەکاری دەبرد کە لە هەندەرانەوە بۆی دەهات. دەوروبەری سەعات دەی بەیانی چاوەڕوانی هەتاوی دەکرد، کە لەناو مووبەقەکە بدات. هەڵبەتە تەنیا لە ڕۆژانی هەتاودا دەیتوانی خواردن لێبنێ.

ئیدی برسیەتی دەستی پێکرد. بە هەفتە، هەفتەێن دوور و درێژ، بە درێژی یەک هەیڤ، لودو، کەمترین خواردنی دەخوارد. شۆربای گەنمی دەرخواردی فانتوم دەدا. شەو و ڕۆژی دەدایە دەم یەکەوە. بێدار دەبووەوە، دەیبینی سەگەکە بە چاوی تامەزرۆ و دڕندانەوە تەمەشای دەکات. دەخەوت و هەستی بە هەناسەی گەرمی سەگەکە دەکرد. چوو بۆ مووبەقەکە تا کێردێک بدۆزێتەوە، درێژترین و تیژترین کێردی هەڵبژارد، وەکو شمشێر لە قەدی خۆی بەست. کە ئاژەڵەکە لە خەودا بوایە، بەسەریا دادەنەوییەوە. چەندجارێک کێردەکەی نایە سەر ملی سەگەکە.

شەو دادەهات، ڕۆژ دەبووەوە، هەمان بۆشایی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی بەردەوام بوو. جارێک دەنگی خشەخشێکی لە سەربانەوە هاتەگوێ، بە هەڵەداوان چوو بۆسەربان، سەیری کرد فانتوم خەریک بوو کۆترێکی دەخوارد. بەنیازی ئەوەی پارچەیەکی دەست بکەوێ، لێی نزیک بووەوە. سەگەکە هەر چوارپەلی لە ئەرزەکە گیر کرد و ددانەکانی گڕ کردنەوە. خوێنێکی خەست، ڕەش، بە پەڕ و گۆشتەوە، هێشتا بەدەم و قەپۆزییەوە چەسپا بوو. ژنەی تاین پاشەوپاش کشایەوە. هات بە خەیاڵیا کە تەپکەیەکی سادە بنێتەوە. سەندووقێکی بە دەما دانا، چڵە دارێکی بچووکی دایەبەری، پەتێکی لە چڵە دارەکە بەست، دوو سێ دانە ئەڵماسی خستە ژێر سەندووقەکەوە، پتر لە دوو سەعات چاوەڕوانی کرد، لە پشت چەترێکەوە هەڵتووتا، کۆترێک هات و لە سەربانەکە نیشتەوە. کۆترەکە بە تاتی تاتی وەکو کەسێکی مەست نزیک دەبووەوە. ئەوسا گەڕایەوە، باڵەکانی بەیەکدا دان و هەڵفڕی و لە ئاسمانی درەخشاندا ون بوو. بەڵام زۆری نەبرد گەڕایەوە. ئەمجارەیان بەدەوری تەڵەکەدا ( تەپکە ) سوڕایەوە، بە پارێزەوە دەنووکێکی لە پەتەکە دا، ئەوسا پرشنگی ئەڵماسەکان ڕایانکێشا، خۆی وەبن سەندووقەکەدا کرد، لودو، داوەکەی ( پەت ) ڕاکێشا. دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، سەرکەوتووانە دوو کۆتری دیکەی گرت. کولاندی و گوڕ و تینێکی وەبەرهاتەوە. لە مانگەکانی دواترا، چەندین کۆتری دیکەی گرت.

ماوەیەک بوو باران نەباری بوو. لودو، بەو ئاوەی لە حەوزی مەلەوانەکەدا کەڵەکە بووبوو، باخچەکانی ئاو دا. ئەنجام درزێک کەوتە پەردەی ئەو هەورە نزمانەی کە لە لواندا دا پێی دەڵێن ( کاسیمبو ) و باران باری.

گەنمەشامیەکە ڕوا، فاسۆلیاکە گوڵی کرد و هاتەبەر. دار هەنارەکە، لە بەردا سوور دەچووەوە. لەو سەروبەندەدا، کۆتران زۆر بەکەمی بە ئاسمانی شارەوە دەبینران. ئەڵقەیەکیان، لە لاقی ڕاستی دوا کۆترا کە کەوتە تەپکەکەوە بەستبوو. لودو ئەڵقەکەی کردەوە، کاغەزێکی لوول کراوی لە ژێرەوە بوو، لە تۆوایە بلیتی یا نەسیبە. لودو کردیەوە، بە خەتێکی زۆر ورد و جوان، بە مەرەکەبی وەنەوشەیی، ئەم دەستەواژەیەی لە سەر نووسرابوو:

سبەینێ سەعات شەش، جێگاکەی جاران. زۆر ئاگات لەخۆ بێ. خۆشم دەوێی.

کاغەزەکەی لوول دایەوە و لەناو تەوقەکەی نایەوە. هەڵوەستەیەکی کرد. برسیەتی سەری دەژەندە گەدەیەوە. ئەم کۆترە یەک دوو بەردی ( ئەڵماس ) خواردبوو. چەند بەرێکی کەم مابوو، هەندێکیان لەوە گەورەتر بوون کە وەکو چەشە بەکار بێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەو نووسینە کونجکاوی کردبوو . لە ناکاوا هەستی بەجۆرە توانایەک لە خۆیا کرد . چارەنووسی دوو کەس لە ژێردەستی ئەودا بوو، ترسێکی ڕووت کەوتبووە دڵ و دەروونی، دڵی بەتووندی لێی دەدا. تووند ئەم چارەنووسە باڵدارەی گرت و ئەوسا بەرەو ئاسمانی بەرین هەڵیدا. لە دەفتەری یاداشتەکانیا نووسی:

بیر لەو ژنە دەکەمەوە کە چاوەڕوانی ئەم کۆترەیە. وادیارە باوەڕی بە پۆستە نییە- ڕەنگە پۆستە نەمابێ – وادیارە باوەڕی بە تەلەفۆن نییە – یان لەگینە تەلەفۆنەکانیش لەکار کەوتبن. گومان لەوەدا نییە، باوەڕی بە خەڵکی نییە. ئینسانیەت هەگیز بەباشی کاری نەکردووە. هەست دەکەم نها کۆترەکەی توونذ لە دەستیا گرتووە و نازانێ کە من لە پێش ئەوا گرتوومە و لەناو دەستما، لەرزان و هەراسان ئۆقرەی لێبڕاوە. ژنەی تاین ناتوانێ هەڵێت. نازانم دەیەوێ لە چی هەڵێت. دەیەوێ لەم وڵاتە هەڵێت کە خەریکە هەرەس دێنێ، پارچە پارچە دەبێ. لە شووکردنی نابەدڵ، لە یەکێک لەو چارەنووسانەی کە پێی وەکو جووتێ پێڵاوی تەنگ کە پڕ بەپێی ئەو نییە، توونذ دەگوشێت؟ بیرم لەوە کردەوە کە ڕستەیەکی کورت بۆ ئەو نووسینە زیاد بکەم: هەڵگری ئەم نامەیە بکوژە! بەڵێ، چونکە ئەگەر کۆترەکە بکوژێت، ئەڵماسەکە لە سکیا دەدۆزێتەوە. بەو ئاوایە پێش گەڕانەوەی کۆترەکە بۆ هێلانەکەی خۆی یاداشتەکە دەخوێنێتەوە. سەعات شەشی بەیانی دەچێت بۆ ژوانی ئەو پیاوەی کە بەمەزەندەی من کابرایەکی باڵابەرزی، گورج و گۆڵ و میرەبان و زیتەڵە. ئەم پیاوە کە خەریکە تەدارەکی هەڵاتن دەبینێ، خەمێکی گۆنگ بە سیمایەوە دیارە. هەڵاتنی ئەو نیشانەی خیانەتی ئەوە بە خاکی نیشتمان؛ خاکی باب و کالان . بە سەدەمی عەشقی ژنێکەوە سەرگەردان و ئاوارەی دنیا دەبێت. بەڵام شەوان بەبێ ئەوەی هەوەڵجار دەست بەرەو دڵی بەرێت هەرگیز خەو لە چاوی ناکەوێ. ژنەکە لەم جوڵەیەی ئەو خەبەری دەبێتەوە.

-کوێت دێشێت؟

پیاوەکە سەر با دەدات، نا هیچ نییە، هیچ کوێی نایەشێت.

چۆنی تێبگەیەنێ ئەوەی ئازاری دەدات، منداڵیەتی با بردوویەتی؟

لودو، لە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەیەوە سەری دەکێشا، بەیانی ڕۆژی شەممەی دوور و درێژ، ژنێکی دراوسێی خۆیانی دەبینی کە لە قاتی دەیەما، لە بالکونی شوقەی ( A ) دا گەنمەشامی دەوەراند و دەکوڵاند. ئەوسا دەیبینی کە سوپی کاساڤاکەی تێکەڵ دەکرد ( کاساڤا یان مانیوک، ڕەگی گیایەکی خۆراکیە، کە لە نەیجیریادا یەجگار زۆرە. ) ماسی دەبرژاند، ڕانی مریشکی قەڵەوی دەکوڵاند. ئیدی دنیا پڕدەبوو لە بۆنی دووکەڵ و چەقەوڕ و ئیشتیای دەبزواند. ئورلاندو، حەزی لە خواردنی ئەنگولایی دەکرد. بەڵام لودو، حەز لە خواردنی

زنجییان نەدەکرد. کەچی نها خەریک بوو کامی بۆ ئەو خواردنە دەکرد. ئەوەی لەم سەروبەندەدا زۆری حەزلێدەکرد، پتر خۆراکی برژاو بوو. بەردەوام چاودێری هەندێ لەو ئاشپەزیانەی دەکرد کە زیاتر لە بالکونەکاندا ئەنجام دەدران؛ بەیانیان کە خۆر هەوەڵین گزنگی دەدا، دەهاتەبەر پەنجەرەکە. تەمەشای دەکرد، چاودێری مریشکەنانی ناو بالکونەکانی دەکرد، سەری پەتێکی دەکرد بە ئەڵقە و بەرەو بالکونی شوقەی ( A ) ی قاتی دەیەم شۆڕی دەکرەوە. چاوەڕوانی کرد تا ڕۆژی یەک شەممەیەک هات، شار لە غورابی خەودا بوو. لە پەنجەرەکەوە دانەوییەوە، پەتێکی سەربە ئەڵقەی بۆ بالکونی شوقەی ( A ) قاتی دەیەم شۆڕ کردەوە، دوای نزیکەی چارەکێک توانی ئەڵقەکە بکاتە ملی کەڵەبابێکی ڕەشی گەورە. بەپەلە ڕایکێشا و بەرزی کردەوە. کەڵەشێرەکەی گەیاندە ژووری نووستنەکە، بە ئاستەم ڕوحی تیامابوو. کێردەکەی لەبەر پشتێنەکەی دەرهێنا، خەریک بوو کەڵەبابەکە ( کەڵەشێر، دیکل ) سەرببڕێت. لەناکاوا بیرۆکەیەکی بەمێشکا هات و لەو بیرە ژیوان بووەوە. لە چەند هەیڤی داهاتوودا دەبێت بە خاوەنی گوڵەکابە و لۆبیا و مۆز. بەبوونی یەک مریشک و یەک کەڵەشێر دەیتوانی جووجەڵان بەرهەمبێنێ و بەخودانیان بکات. چەند باشە هەموو هەفتەیەک، هێلکەی تازە بخوات. دووبارە پەتەکەی شۆڕ کردەوە. ئەم چەلە پێی مریشکێ بوو بە ئەڵقەکەوە. مریشکی بێنەوا کەوتە لەقەفرتێ و قیرەقیر. تەپ و تۆزی دنیای نایەوە، پەڕی ورد و درشت دەچوون بە ئاسماندا. دوای کەمێک لەوە بەدواوە هەموو خەڵکی باڵەخانەکە لە هات و هاواری دراوسێکەیان لە خەو ڕابوون: دز! دز!

دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە مەحاڵە هیچ کەسێک بتوانێ بەم دیوارە لووسەدا سەربکەوێ و خۆی بگەیەنێتە بالکونەکە و مریشک بدزێت، تۆمەتەکان گۆڕان بۆ داد و بێدادێن ئاوێتە بەترس.

-ئەمە سیحرە... جادووە.

ئەوسا بە دڵنیایی تەواوەوە گوتیان:- ئەمە ئیشی کیاندایە... کیاندا ( کیاندا، لە ئەفسانانی ئەنگۆلادا خواوەندی دەریایە، فەرمانڕەوای ئاو و پارێزەری ماسیڤانانە. بۆ نەز و نیاز و پاڕانەوە لەبەر قاپی ئەو، خۆراک و جل و بەرگ فڕێ دەدەنە دەریاوە. )

لودو، جارێک گوێی لە ئورلاندو بووبوو کە باسی کیاندا، خواوەندی دەریای کردبوو. زاواکەی هەوڵی دابوو، جیاوازی نێوان کیاندا و پەری دەریایی بۆ ڕوون بکاتەوە.

"کیاندا، قەوارە و وزەیەکە توانای چاکە و خراپەی هەیە. ئەم وزەیە لە ڕێگەی ڕوناکی ڕەنگاوڕەنگەوە کە لە ئاو و شەپۆلێن دەریا و گژە باوە چێدەبێت، گوزارشت لەخۆی دەکات. ماسیڤانان ستایشی دەکەن. وەختایەک منداڵ بووم و لە ڕەخی دەریاچە گەمەم دەکرد، کە ڕێک لە پشت ئەم باڵەخانەیەوە بوو، بەردەوام قوربانیم دەدۆزییەوە. هەندێجار کیاندا گەشتیارێکی ئەو دەروبەرانەی دەرفاند، دوای ماوەیەک یارۆی ڕفێنراو لە دوور، لە کەنار دەریاچەیەک یان ڕوبارێکی دی یان لە کەناراوێک دەدۆزرایەوە. ئەم بویەرە زۆرجار ڕووی دەدا. دوای مودەتێک کیاندا لە کلێشەی پەری دەریاییدا بەدیار دەکەوت، دەبوو بە پەری دەریایی، بەڵام بەهەمان توانا و وزە ئەسڵیەکەی خۆیەوە.

ئیدی لودو، بەم ئاوایە، لە سایەی دزییەکی ئاسایی و بەرەکەتی شانس و یەغباڵەوە، توانی لە سەربانی شوقەکەی، دەست بە بەخێوکردنی جووجەڵە و بەشدای لە چەسپاندنی باوەڕی خەڵکی لواندا بە هەبوونی کیاندایان و دەسەڵاتیان بکات.

## درەختە هەنجیرەکەی گیڤارا

لە حەوشەکەی خوارەوە، لەو شوێنەدا کە گۆلاوێک هەبوو، درەختێکی گەورە هەبوو. لە کتێبخانەدا، دەستم دایە کتێبێک دەربارەی ڕووەک و دار و درەختێن ئەنگولا بوو، لەم کتێبەوە بۆم دەرکەوت بەو دارە دەڵێن " مولیمبا " ( فیکوس تونینگی ) ( ئەمە جۆرە دار هەنجیرێکە لە ئەسلا هی ئەمریکای لاتینە. زۆر گەورەیە، بەرزییەکەی دەگاتە ١٥ – ٢٠ مەتر. ) لە ئەنگۆلادا بەو درەختە دەگوترێ درەختی پاشایەتی یان درەختی پەیڤ.

چونکە سەرانی خێلان و ژنان دانی عەمری خێڵ بە زۆری لە سایە و سێبەری ئەودا کۆ دەبنەوە و باسی کێشە و ئاریشەکانی خێڵ دەکەن. بەرزترین لق و پۆپی تەقریبەن دەگاتە پەنجەرەی ژوورەکەم.

هەندێجار مەیموونێ دەبینم کە لەنێو لق و پۆپ و باڵندە و تەیر و تووەکانا، لە نێو سێبەرەکاندا هەڵبەز و دابەز دەکات. هەڵبەتە سەردەمانێ هی کەسێک بووە، لەگینە هەلاتبێ یان خاوەنەکەی بەڕەڵڵای کردبێ. بەزەییم پێیدا دێتەوە، ئەویش وەکو من لەم شارەدا غەریبە.

جەستەیەکی غەریب ( نامۆ ).

منداڵان بەردبارانی دەکەن، ژنان بە تێڵاوە ڕاوی دەنەن. بەڕوویا هەڵدەشاخن. جنێو و سخێفانی پێدەدەن.

من ناوێکم لێناوە: چی گیڤارا، چونکە بە ئەتواریا دیارە یاخییە، ناساز دەگەڵ ژینگەدا، لە خۆبایی وەکو سوڵتانێ کە قەڵەمڕەو و تاج و تەختەکەی لە دەست دابێت.

جارێک لە سەربان دیتم کە سەرقاڵی مۆز خواردن بوو. نازانم چۆن توانی بووی بگاتە ئەوێندەر. ڕەنگە لەم چڵی دار مولیمباکەوە بازی دابێ بۆ ئەو چڵ، خۆی گەیاندبێتە پەنجەرەیەک و لەوێوە خۆی گەیاندبێتە سەربان. پەست نەبووم، مۆز و هەنار زۆر بوو. بەشی هەردووکمانی دەکرد، بە کێمانی بۆ ئێستا بەشی هەردووکمانی دەکرد.

حەزمدەکرد هەنارەکان بشکێنم و ڕەنگدانەوەی ڕوناکی لە سەر دەنکەکانی لەناو دەستما بدینم. تەنانەت وشەی " رمان " – م کە بە مانای هەنار بوو، زۆر بەدڵ بوو، کە پرشنگی بەیانی لەخۆ دەگرت.

## ژیانی دووەمی جیریمیاس – ی جەللاد

هەریەکێک لە ئێمەمانان دەتوانین لە میانی یەک ژیانەوە، چەندین بوون و ژین بجەڕبێنین، مومارەسە بکەین. یان دەست لە ژین بشۆین. بەلام خەڵکانێکی زۆر ئەم هەلەیان بۆ هەڵناکەوێ کە بچنە پێست و کڵێشەی خەڵکانی دیکەوە. ڕەنگە ئەمە دیاردە هەرە ئاساییەکە بێت. کەمن ئەوانەی دەتوانن بچنە پێستی خەڵکانی دیکەوە. سەبارەت بە جیریمیاس – جەللاد تەقریبەن شتێکی لەو بابەتە ڕووی دا. دوای عەمەلیەیەکی ئیعدامی ناسەرکەوتوو، لەسەر تەختەخەوەکە، کە بۆ بالا سەد و هەشتا و پێنج سانتیمیەکەی ئەو زۆر کورت بوو، وەهۆش هاتەوە. تەختەکە هێندە تەسک و باریک بوو، ئەگەر دەستەکانی لەسەر سینگی شۆڕ کردبانەوە، قامکەکانی هەردوو دەستی، لەملا و لەولای تەختەکەوە دەگەینە سەر ئەرزەکە. ئەم پیاوە هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد لە سەریا، لە ملیا، لە

سینگیدا، بە ئەستەم هەناسەی بۆ دەدرا. کە چاوی هەڵێنا، میچێکی نەوی و درز بردووی بەسەر خۆیەوە بینی. مارمێلکەیەکی هەڵواسراوی بەدیار خۆیەوە بینی کە بە کونجکاوی و لاپڕەسەنی تەمەشای ئەمی دەکرد.

بەیانی، شەپۆلئامێز و بۆندار، لە پەنجەرەیەکی بچووکی سەرووی دیوارەکەوە سەرەتاتکێی دەکرد.

جیریمیاس لە فکران ڕاچوو، لەبەرخۆوە گوتی: من مردووم و ئەم مارمێلکەیە خودایە..

گریمان ئەو مارمێلکە خودایە، وادیارە دوودڵە لەوەی چ چارەنووسێک بۆ ئەو دیاری بکات. بۆ جیریمیاس ئەم دوودڵیە، لەوە سەیرتر بوو لەوەی کە خۆی ڕووبەڕووی خوا ببینێتەوە و خواش بچێتە کلێشەی خشۆکێکەوە. جیریمیاس لە مێژ بوو دەیزانی کە قەدەری ئەوەیە تا هەتاهەتایە لە ئاگری دۆزەخدا بسووتێ. چونکە خەڵکانێکی زۆری ئەشکەنجە دابوو و کوشتبوو. لە هەوەڵەوە ئەم کارەی وەکو ئەرک و بە ئەمر کردبوو، بەڵام بەرەبەرە خووی پێوەگرت و لەزەتی لێدەبینی. وەختایەک بە تەواوی وەخۆهاتەوە، سەیری کرد، لەناو جەرگەی شەوی تاریکدا، تاقیبی چەند پیاوێکی دی دەکات.

جیریمیاس، بە مارمێلکەکەی گوت:- بڕیاری خۆت بدە.

بە گوتەیەکی دی، هەوڵیدا بڵێت، چونکە ئەوەی بەدەمیا هات زنجیرەیەک دەنگی تێکەڵ و پێکەڵ بوو. جاری دووەم هەوڵیدایەوە، وەکو ئەوەی مۆتەکە سواری سەری بووبێ، دووبارە دەنگە دەنگ و ژاوەژاوەکە، هێرشی بۆ هێنایەوە..

-هەوڵ مەدە قسە بکەی. چیتر ناتوانی قسان بکەی.

جیریمیاس، بۆ ساتێک قەناعەتی هێنا کە ئەمە خودایە، حوکمی ئەبەدی قسە نەکردنی بەسەردا سەپاندووە. ئەوسا چاوی بەلای ڕاستا وەرگێڕا و ژنێکی زۆر قەڵەو و زەلامی بینی، شانی بەلا شیپانەی دەرگاکەوە ناوە. دەستەکانی بە قامکە وردیلە و خوار و خێچەکانیەوە، بەدەم قسەکردنەوە، لە بەردەمیەوە سەمایان دەکرد:

-دوێنێ، هەواڵی مەرگت لە ڕۆژنامەدا بڵاو بووەوە. وێنەکەشتیان بڵاو کردبووەوە. وێنەیەکی برێک کۆن بوو، بە ئەستەم ناسیمەوە. دەڵێن تۆ شەیتانێک بووی. مردوویت و جارێکی دی زندوو بوویتەوە و نها هەلێکی تازەت بۆ هەڵکەوتووە. باش سوودی لێوەربگرە.

مادالینا، پێنج ساڵێک بوو کە لە نەخۆشخانەی ماریابییا کاری دەکرد. پێشتر ڕەبەنیتە (ڕاهیبە) بوو. یەکێک لە دراوسێکانی لە دوورەوە بینی بووی کە چۆ بەکرێگیراوان بەر دەستڕێژی گوللە دەدەن و ئەم هەواڵەی بە مادالینا دابوو. مادالینا بەتاقی تەنیا و بە ئوتومبیل، خۆی گەیاندبووە، مەیدانی ئیعدام کردنەکە. یەکێک لە پیاوەکان هێشتا ڕوحی لەبەر مابوو. گوللەیەک بەر سینگی کەوتبوو، بەڵام بە قودەرتی قادر هیچ ئەندامێکی هەستیاری نەگرتبوو. گوللەی دووەم بەردەمی کەوتبوو، دوو ددانی پێشەوەی شکاندبوو و گەرووی کون کردبوو.

-تێناگەم چی ڕوویداوە، هەوڵتداوە گوللەکە بە ددان بگریتەوە؟

مادالینا، پێکەنی، بەدەم پێکەنینەوە ئازای دەلەرییەوە. پێدەچوو ڕوناکییەکەش دەگەڵ ئەودا پێبکەنێ: بەڵێ برادەر ئەمە کاردانەوەیەکی چاکە. بیرۆکەیەکی خراپیش نەبووە. ئەگەر گوللەکە بەر ددانەکانت نەکەوتبا، بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەڕۆیی. هەنگێ یان دەمردی یان ئیفلیج دەبووی. بیرم کردەوە باشتر وایە بۆ خەستەخانەت نەیەنم.

ڕاسته تیمارت دەکەن، بەڵام هەرکە چاک بوویتەوە، ڕەنگە دووبارە بەر دەستڕێژی گوللەت بدەنەوە و ئیعدامت بکەن. کەواتە، هەدارت هەبێ، دان بەخۆتا بگرە، من خۆم بەو ئیمکاناتە کەمەوە کە لەبەر دەستمدایە، پەرستاری و سەرپەرشتیت دەکەم. بەڵام دەبێ لە لواندات بەرمە دەرێ. نازانم دەتوانم تاکەی بتشارمەوە. ئەگەر هاوڕێیان بتدۆزنەوە، لەوەیە منیش بکوژن. بۆیە دەبێ هەرچی زووترە بۆ باشووری وڵات بڕۆین.

نزیکەی پێنج هەیڤان شاردییەوە. جیریمیاس، لە ڕادیۆوە، پەیجۆری پێشڕەوییە قورس و دژوار و خاوەکانی سوپای حکوومەتی دەکرد، کە کوباییەکان یارمەتیان دەدا. یەکێتی نیشتمانی سەربەخۆیی تەواوی ئەنگولا، بەرەی نیشتمانی ئازادی ئەنگولا و سوپای باشووری ئەفریقا و بەکرێگیراوانی پرتوگالی و ئینگلیز و ئەمریکیەکان، شەڕی ئەوانیان دەکرد .

جیریمیاس لە کەنارەکانی کاسکایس ( شارۆچکەیەکی کەناراویە لە پرتوگال، نزیکی لیشبونەیە. ) دەگەڵ ژنێکی قژ ماش و برنج دا سەمای دەکرد. بەشداری هیچ شەڕێکی نەکردبوو، کەسی نەکوشتبوو و لە ژیانیا کەسی ئازار نەدابوو، وەختایەک مادالینا تکای لێکرد و گوتی:- یاڵڵا، جەنابی فەرماندە، بلا ئەمڕۆ بڕۆین، دەنا بۆ هەتاهەتایە ئەم هەلە دووبارە نابێتەوە.

یارۆی بەکرێگیراو، بە ئەستەم لەسەر تەختەکە ڕۆنیشت. خرمە خرمی باران لە تاریکیەکەدا، دەنگی هاتوچۆی پەراگەندەی ئوتومبیلەکانی، خەفە دەکرد. قەراربوو بە پیکابێکی بچووکی جۆری سیتروین- ی کۆنەی، بەتوانای دوو ئەسپی سەفەر بکەن؛ پیکابێکی بۆدی زەردی ژەنگاوی بوو، بەڵام مەکینەکەی باش بوو. جیریمیاس لە دواوە پاڵکەوت و خۆی لە نێو چەند کارتۆنە کتێبێکدا مەڵاس دا.

پەرەستارەکە بۆی ڕوون کردەوە: - کتێب مایەی ڕێز و حورمەتە، هەیبەتی خۆی هەیە. ئەگەر کارتۆنەکان پڕ بن لە بیرە، هەنگێ سەربازەکان، بست بە بستی ئوتومبیلەکە دەپشکنن. هەنگێ تا دەگەیە ماسامیدیس، تاقە یەک بوتڵت بۆ نامێنێتەوە.

نەخشەکە زۆر سەرکەوتوو بوو. دەگەیینە هەر بازگەیەک، سەربازەکان کە چاویان بە کتێبەکان دەکەوت، بە ئامادەباشی و بەڕیز ڕادەوەستان و ئیکلامیان دەکرد و داوای بوردنیان لە مادالینا دەکرد و ڕێگەیان بۆ دەکردەوە کە بڕوات. بەیانیەکی گەرم گەیینە ماسامیدیس. جیریمیاس، لە کونێکی بچووکی، بۆدی ئوتومبیلە ژەنگاویەکەوە تەمەشای کرد، شارێکی بچووکی بینی کە وەکو کەسێکی مەست، لە ڕێوڕەسمێکی جەنازە بەڕێکردندا، گێژ و مەنگ، ئارام بە دەوری خۆیا دەسووڕایەوە. چەند مانگێک لەوەپێش، سوپاییانی ئەفریقای باشوور، لە ڕێگەی لوانداوە گەیی بوونە ئێرە و، چەکدارانی پێشەنگ و موکوبال – ە کانیان تێک شکاندبوو. ( موکوبال: گروپێکی خێڵی هیررو " نیمچە دەوار نشین " ئاکنجی باشووری ئەنگولان کە بە زمانی بانتو قسان دەکەن و بە ئەسڵ خەڵکی کینیان. )

مادالینا، ئوتومبیلەکەی لەبەردەم باڵەخانەیەکی مکومی شینباودا ڕاگرت . بەخۆی دابەزی و جیریمیاس – ی لە نێو ئوتومبیلەکەدا بەجێهێشت تا لە گەرما بپیشێت. کابرای بەکرێگیراو لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. هەناسەی سوار بووبوو. لە دڵی خۆیدا گوتی، دابەزینی، ئەگەر بە گرتن و کوشتنش بشکێتەوە، زۆر لەوە باشترە لێرەدا بخنکێ، بەڵام نەیتوانی کارتۆنەکان لەسەر خۆی لابدات . کەوتە لەقە کێشان بە بۆدی ئوتومبیلەکەدا. پیرەمێرێک بە هەڵەداوان هات : کێ لەوێیە؟

هەنگێ گوێی لە دەنگە نەرم و خۆشەکەی مادالینا بوو: من کارژۆڵەیەکم پێیە و بۆ ڤیری دەبەم. ( ڤیری، شارێکی نامیبییە. )

-خۆ ڤیری ئەگەر بڕوخێ بەسەر کارژۆڵاندا دەڕوخێ! ها ها ها! تەسەور بکە، کەسێک هەبێ و کارژۆلە بۆ ڤیری ببات!

هەرکە ئوتومبیلەکە کەوتەڕێ، تۆزێ هەوای تازە و فێنک هاتە ژوورەوە، جیریمیاس کەمێک هێور بووەوە. یەک سەعاتی دی ڕۆیشتین، بە هەڵبەز و دابەزان، بە ڕێگای نهێنیدا ڕۆیشتین، بەنێو دیمەنانێکدا ڕۆیشتین کە بە مەزەندەی جیریمیاس، جگە لە بەردەڵان و باهۆز و سیم و تەلی دڕکاوی هیچی دی نەبوو. ئەنجام ڕاوەستان. غەڵبە غەڵب لە دەروبەری ئوتومبیلەکە پەیدا بوو. دەرگای دواوە کرایەوە. یەکێک کارتۆنەکانی داگرت، دەیان سەروسیمای کونجکاو پەیدا بوون. ژنان جەستەیان لە ڕەنگی سوورا هەڵکێشابوو. هەندێکیان تەمەنیان هەبوو، هەندێکیان گەنجتر بوون، مەمکیان قوت و تووند خەریک بوو کراسیان دەدڕی. گەنجانی باڵابەرز، شووش و باریک، هەریەکە و تۆپەڵێک قژ بە ترۆپکی سەرییەوە بوو.

مادالینا، گوتی: بابی ڕەحمەتیم لە سارادا لەدایک بووبوو. لێرەش بە خاک سپێردراوە. خەڵکی ئێرە ڕێزی زۆریان بۆی هەیە. پێشوازی لە تۆ دەکەن و تا هەرکاتێ پێویست بێ، پەنا و داڵدەت دەدەن.

کابرای بەکرێگیراو، لەسەر ئەرزەکە و لە سایەی دار موتیاتییەک ڕۆنیشت، شانەکانی قیت کردنەوە، وەکو ئەوەی پاشایەک بێ و بە ڕووتی لەگەڵ کەژاوەیەکدا ڕێبکات. کۆمەڵێک منداڵ لە دەوری خڕ بوونەوە. دەستیان لە جەستەی دەدا، قژیان ڕادەکێشا. قاقا پێدەکەنین . لە بێدەنگی وشکی ئەم پیاوە، لە نیگا دوورەکانی، لە تاپۆ و تارمایی ڕابردووی ئەو کە پێیان وابوو زۆر دژوار و ناجێگیر بووە، حەپەسابوون، پاشان مادالینا، بە ئاستەم سەری بۆ لەقاند و خاترخوازی لێکرد : لێرە چاوەڕوان بکە. دێن بە سۆراغتەوە. کە ڕەوشەکە ئارام بووەوە، دەتوانی لە سنوور ئاودیو ببیت و بۆ باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا بپەڕیتەوە. وا وێنا دەکەم کە لە نێو سپی پێستەکاندا، لە نێو موهاجیرە ئیتالّیەکاندا دۆستانی باش پەیدا بکەیت.

ساڵان بوورین. دەیان ساڵ تێپەڕین. جیریمیاس هەرگیز لە سنوور ئاودیو نەبوو.

٢٧ ئایار

ئەم بەیانیە چی گیڤارا زۆر هاڕوژا بوو، بەدەم هاوار و قیژانەوە لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ بازی دەدا.

پاشتر، لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە ڕوانیمە دەرەوە، پیاوێکم بینی غاری دەدا. پیاوێکی باڵابەرز و درێژداهۆڵ. لە ڕادەبەدەر چالاک و چەلەنگ. سێ دانە سەرباز، بە فاسیلەیەکی کەم بە هەڵەداوان دووی کەوتبوون. خەڵکانێک لە هەر گۆشە و کەنارێکەوە دەردەپەڕین و دووی سەربازەکان دەکەوتن. زۆری نەبرد کە ئاپۆڕایەکی زۆر، کەوتنەدووی کابرای هەڵاتوو. دیتم کە خۆی کێشا بە منداڵێکی پاسکیل سوارا کە بە بەردەمیا ڕەت بوو، ئیدی بەسەرا گلاو کەوتە ناو تەپ و تۆزەوە. زۆری نەمابوو ئاپۆڕاکە بگەنە دیار سەری کە کابرای هەڵاتوو قوت بووەوە، خۆی هەڵدایە سەر پاسکیلەکە و درێژەی بە هەڵاتنی خۆی دا. لە هەمان کاتدا گروپێکی دیکە پەیدا بوو کە هەر سەد مەترێک لێوەی دوور بوون و کەوتنە بەردبارانی کابرا. کابرای داماوی بەلەنگاز خۆی بە کۆڵانێکی

تەنگەبەرادا کرد. ئەگەر وەکو من لە سەرەوە، تەمەشای کردبا، ئەو کارەی نەدەکرد: کۆڵانەکە، کوێرە کۆڵان بوو؛ دەرنەدەچوو. کە هەستی بە هەڵەکەی خۆی کرد، پاسکیلەکەی تووڕ دا و هەوڵیدا بە دیوارەکەدا سەربکەوێ. بەردێک وەبەر پشتە ملی کەوت و تەختی زەوی بوو.

حەشاماتەکە گەیینە سەری. بەڕاکێش ڕاکێش و بە مست و پێلەقە بردیان. یەکێک لە سەربازەکان هەڵیکێشایە دەمانچە، فیشەکێکی بە حەوادا تەقاند تا ڕێگاکە بکاتەوە. یارمەتی کابرای هەڵاتووی دا تا هەستێت و لوولەی دەمانچەکەی هەر لە حەشاماتەکە بوو. دوو سەربازەکەی دی، بەدەم هاوارەوە داوایان لە خەڵکەکە دەکرد کە هێور ببنەوە. ئەنجام توانیان حەشاماتەکە هێور بکەنەوە و بڵاوەیان پێبکەن. ئیدی یارۆی هەڵاتوویان بەڕاکێش ڕاکێش برد و لە پیکابێکیان بارکرد و بۆی دەرچوون.

یەک هەفتە پترە کارەبام نییە. بۆیە گوێم لە ڕادیۆ نەبووە، ئاگام لە عەمری دنیا نییە و نازانم چی ڕووی داوە.

لە دەنگی گوللە و تەق و تۆق ڕابووم. پاشان لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە، کابرا درێژ داهۆڵەکەم بینی کە غاری دەدا. فانتۆم بەدرێژایی ئەو ڕۆژە نیگەران بوو، بەدەوری خۆیا دەسوڕایەوە. لە ترسا لە پێستی خۆی نەدەهێوری، گازی لە پەنجەکانی خۆی دەگرت. لە شوقەکەی تەنیشتەوە گوێم لە هاوار بوو. چەند پیاوێک مقۆمقۆیان بوو، ئەوسا بێدەنگی بەرپا بوو.

خەوم لێنەدەکەوت. سەعات چواری بەیانی چوومە سەربان. شەو، وەکو بیرێک ئەستێرەکانی قووت دەدا. دوای ئەوە پیکابێکی سەربەتاڵی پڕ لە جەنازەم بینی.

## سەبارەت بە فەلتەکانی عەقڵ

مونتی، حەزی لە تاقیق و تاقیقکاری نەبوو. تا ئەمڕۆش خۆی لە باسی بابەتەکە دەدزییەوە. تەنانەت خۆی لە گێڕانەوە و باسی بیرەوەرییەکانی سالآنی هەفتایەکانیش، کەبە هەنجەتی پاراستنی شۆڕش – ی سوسیالیستی، هەندێ زێدەگاڤی ڕێگە پێدراو بوو، خۆی دوور دەگرت – هەڵبەتە لە بەکاربردنی ئەم دەستەواژەیەدا قەرزاربارى کارمەندانی پۆلیسین – لەلای هەندێ لە دۆستەکانی دانی بەوەدا نا کە لەکاتی بازجۆیی و پرس و جۆ دەگەڵ دوو بەرەکیخوازان و گەنجە چەپە توندڕەوەکانا، لە ساڵە پڕ ئاژاوەکانی دوایی سەربەخۆیی، زۆرشت لەمەڕ سروشتی مرۆڤەوە فێر بووە. گوتبووی، بە چۆکا هێنانی ئەو کەسانەی کە منداڵیەکی خۆشیان بەسەر بردووە، زۆر ئەستەمە.

ڕەنگە یادی بیکینوسوبا، واتە سەرۆکی بچووک – ی بیر هاتبێتەوە.

سەرۆکی بچووک – کە نێوی ئارنولد کروز بوو – حەزی نەدەکرد باسی ئەو قۆناغە بکات کە لە زنداناندا بەسەری بردبوو. هەر بەمنداڵی هەتیو کەوت، داپیرەی، واتە دولسینیای پیر، شیرینی فرۆشی پیشەیی، گەورەی کردبوو، لە هیچ شتێکی کەم نەبوو، قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبوو. هەمووان لە بەندی ئەوەدا بوون بچێتە زانکۆ و شادەتنامەی پزیشکی وەربگرێت. بەڵام لە کۆبوونەوەی سیاسیدا بەشداری کرد و ئیدی دەستگیر کرا و کەوتە زندانەوە . بۆ زندانی کامپودی سایونیکولایوس – یان کە لە سەد کیلۆمەتری ماسامیدیس دا بوو، ناردبوو؛ چوار مانگی خشتی لەوێندەر بەسەر برد، ئەوسا شۆڕشی مێخەک لە پرتوگال بەرپا بوو ( شۆڕشی

کۆماری یان شۆڕشی دیموکراتیک، له ١٩٧٤/٤/٢٥، لەلایەن ئەفسەرانی گەنجی شۆڕشگێڕەوە لە لیشپونەی پرتوگال بەرپا کرا و ئەم شۆڕشە کۆتایی بەو ڕژێمە دکتاتۆریە هێنا کە لە ساڵی ١٩٣٣ وە حوکمی پرتوگالی دەکرد، ئەمە شۆڕشێک بوو سپی؛ دوور لە خوێنڕێژی، چونکە جەماوەری خەڵک بە گوڵەمێخەک پێشوازیان لە سەربازەکان کرد ).

ئیدی سەر لە نوێ وەکو قارەمان لە لواندا سەری هەڵدایەوە. دولسینیای پیر، باوەڕی وابوو نەوەکەی دەبێت بە وەزیر، بەڵام سەرۆکی بچووک، زیاتر بە سۆز و گوداز و جۆش و خرۆشەوە بەرخوردی دەگەڵ پیلانە سیاسیەکاندا دەکرد تا بە توانا و بەهرەوە. بە چەند مانگێک دوای سەربەخۆیی، کە لەو سەروبەندەدا خوێندکاری ماف بوو، جارێکی دی کەوتەوە زندان. داپیرە بەرگەی ئەم خەم و پەژارەیەی نەگرت، دوای چەند ڕۆژێک بە سەکتەی دڵ مرد.

سەرۆکی بچووک، توانی لە زندان هەڵێت. خۆی لە تابووتێکدا تاقەتکرد و لە زندان هەڵهات. ئەمە دیمەنێکی کومیدی بوو، ئەوە دێنێ، پاشان بە دوورودرێژی بیگێڕینەوە، دوای دەرچوونی لە زیندان بە نهێنی دەژیا، بەڵام لەجیاتی ئەوەی شوێنێ بدۆزێتەوە و خۆی لە ژوورێکی تاریک بشارێتەوە، یان تەنانەت خۆی لە دۆڵابێکی ماڵی پوورە پیرەکەیدا تاقەتبکات، وەکو چۆن هەندێ لە هاوڕێکانی ئەم کارەیان کردبوو، ڕێک ستایلێکی پێچەوانەی گرتەبەر، لە دڵی خۆیدا گوتی خۆشاردنەوە ئاسانە، گرینگ ئەوەیە لە بەرچاوی خەڵکی بیت و کەس نەتبینێ. ئیدی بە جل و بەرگی شڕ و شەپڕێوەوە، بە قژی لوول و درێژەوە، لە قوڕ و چڵپاو و تەپوتۆزا هەڵکشا و بە شەقامەکاندا دەسوڕایەوە. بۆ ئەوەی زیاتر خۆی لە خەڵکی پەنهان بکات، لە هێرش و پەلاماری سەربازان کە ڕۆژ و شەو بە شارا دەگەڕان و خەڵکی بێتاوانیان ڕاپێچ دەکرد، دوور بێ، خۆی لە شێتی دەدا. ئینسان، دەتوانێ لاسایی شێت بکاتەوە، وەکو شێتان خۆی نیشان بدات، بەڵام وەختایەک دەتوانێ قەناعەت بە خەڵکی بکات کە شێتە، ئەگەر بەڕاستی دەمارێکی شێتاتی تیابێ.

سەرۆکی بچووک دەیگوت:- وای دابنە هەم خەوتووی و هەم بێداری، نیوەت بێدارە و نیوەکەی دیکەت خەریکی وڕێنەیە. نیوەکەی دووەمت، مایەی سەرنجی خەڵکیە.

سەرۆکی بچووک لە بارودۆخێکی وەهادا بوو – نیمچە شێت و شێت و تەقریبەن نادیار و نیوە عاقڵ وەکو ڕێبوارێکی قاشقونج لە سەفەرا بوو، سەرۆکی بچووک بەو دۆخەوە کۆترەکەی بینی!

ماوەیەکی زۆر بە برسیەتی. ئیدی بەرگەم نەدەگرت، هەر شنەبایەک ڕای دەرفاندم. بە پارچە دارێکی بچووک و چەند نەوارێکی لاستیکی، هەرچۆنێ بوو تیروکەوانێکم دروستکرد، دەمویست لە کاتامبور مشکە کوێرە ڕاو بکەم، لەو کاتەدا کۆترێک هات، نیشتەوە، سەراپا دەبریقایەوە، پرشنگی سپیەتیەکەی هەموو شتێکی دەوروبەری ڕوناک کردبووەوە. لە دڵی خۆدا گوتم: هەبێ و نەبێ فریشتەیە. گەڕام بۆ بەردێک، نیشانەم لە کۆترەکە گرتەوە و تیرەکەم هاوێشت، ڕێک بەر نیشانەکە کەوت. کۆترەکە بەرلەوەی بکەوێتە سەر ئەرزەکە مردار بووەوە. دوای ئەوەی سەرنجم لە سەر ئەو لوولە پلاستیکیە بچووکە گیرسایەوە کە بە ئەڵقەکەیەوە بەسترابوو. لوولەکەکەم کردەوە، کاغەزێکی بچکۆلەم دەرهێنا و خوێندمەوە: سبەینێ، سەعات شەش، شوێنەکەی جاران. زۆر وریابە خۆشم دەوێی.

وەختایەک ورگی کۆترەکەم هەڵدڕی، ورگ و ڕیخۆڵەکەیم فڕێدا تا ببیرژێنم، چەند ئەڵماسێکم لە ورگیا دۆزییەوە.

سەرۆکی بچووک، هەوەڵجار هیچ حاڵی نەبوو، نەیدەزانی ئەمە چیە: هیچ حاڵی نەبووم، وام هەستدەکرد، خوا ئەم بەردانەی ( ئەڵماس ) بۆ ناردووم. بگرە وای بۆچووم کە خودا ئەم پەیامەی بۆ ناردووم. شوێنی جارانی من بەردەم کتێبفرۆشی لیلو بوو. ڕۆژی دواتر، ڕێک سەعات شەش، لەوێ چاوەڕوانی خوام دەکرد.

خوا، ڕاستەوخۆ خۆی نیشان نادات. لە شێوەی ژنێکی زۆر قەڵەوی، دەم و چاو ساف و گەش و تەڕ و بڕەوە تەجەلی کرد . ژنەکە لە پیکابێکی چکۆلەی کۆنی جۆری سیترووینی توانا دوو ئەسپی دابەزی، لە سەرۆکی بچووک نزیک بووەوە کە لە پشت تەنەکەی خۆڵ و خاشاکەوە خۆی مات دابوو و لەوێندەرەوە تەمەشای ژنەکەی دەکرد.

مادالینا هاواریکرد: ئەهای کوڕی قۆز! پێویستم بە یارمەتی تۆیە!

سەرۆکی بچووک، هەراسان و دوودڵ و گوێ قوڵاغ چوو بۆ لای. ژنەکە گوتی زۆرجار ئەوی دیتووە. زۆری پێناخۆشە کە پیاوێکی ساغ و سەلیم، بەڕاستی ساغ و سەلیم بدینێ؛ شێت نەبێ، خۆی لە شێتی بدات و هەموو ڕۆژێ لە جادە و بانەکاندا بسوڕێتەوە و وا بنوێنێ کە شێتە. یارۆی زندانی دێرین، هەستا، هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەیدەتوانی تووڕەیی خۆی بشارێتەوە: بەڵام من، لە شێتش شێت ترم، هەر بەڕاستی شێتم.

پەرستارەکە دەرفەتی نەدا: ئەو شێتەش نیت. شێتی ڕاستەقینە زۆر لەمە سلۆکتر و بەپارێزترە.

مادالینا، لە نزیکی ڤیانا، مەزرایەکی بچووکی بەمیرات بۆ مابووەوە. کە ئەم مەزرایە میوە و سەوزەواتی تەواوی بەرهەم دەهێنا کە لە پایتەختدا بە ئاسانی دەست نەدەکەوتن.

مادالینا، لە کەسێک دەگەڕا کە سەرپەرشتی و پاسەوانی ئەو مولکەی بۆ بکات. سەرۆکی بچووک ئەم کارەی قەبووڵ کرد. نەک هەر لەبەر ئەمەی برسیەتی زۆری بۆ هێنابوو و خەریک بوو لە برسا دەمرد و لە مەزراکەدا خواردنی مسۆگەر بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەش بوو لەوێ لە سەربازان، لە پۆلیس و مامورانی دیکەش دوور بوو. ئەو کارەی بۆیە قەبووڵ کرد چونکە باوەڕی وابوو کە ئەمە ئیرادەی خودایە.

دوای پێنج هەیڤان، کە خەو و خۆراکی باش بوون، بە تەواوی بوژایەوە، بەتەواوەتی وەخۆهاتەوە. بەڵام لەمبارەیەوە ئەم بوژانەوە فیکرییە بوو بە بەڵای گیانی. چاکتر وابوو پێنج شەش ساڵی دی بە شێتی ماباوە. هەرکە بوژایەوە و بە تەواوی وەخۆ هاتەوە، ئیدی نیگەرانی دایگرت. کەوتن و وێران بوونی وڵات ئازاری ڕوحی دەدا، دڵی خوێنی دەدەڵان. چارەنووسی ئەو هاوڕێیانەی کە لە زنداندا مابوونەوە، لەوەش زیاتر ئازاری دەدا. بەرەبەرە پەیوەندییە کۆنەکانی زندوو کردەوە. دەگەڵ مارسیل لوکامبای، فوت بۆلیستی گەنج دا لە کامپودی ساو نیکولاو، ئاشنایەتی دەگەڵ پەیدا کردبوو، نەخشەیەکی خەیاڵی داڕشت کە کۆمەڵێک زیندانی لە زندان دەرباز بکات و بە بەلەمێکی ماسیڤانی بۆ پرتوگالیان دەربازبکەن. لەلای هیچ کەسێک باسی بەردە ئەڵماسەکانی نەکردبوو. تەنانەت لەلای مارسییل – ش. بەتەمابوو بەردەکان بفرۆشێت، خەرجی بەشێک لەو ئۆپراسۆنە بکێشت. نەیدەزانی بە کێیانی بفرۆشێت، هەلی ئەوەشی بۆ هەڵنەکەوت کە بیری لێبکاتەوە. دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی یەک شەممە، لەکاتێکا لە سەر حەسیرێک ڕاکشابوو و خەریک بوو پشووی دەدا، لە ناکاوا دوو زڕتە بۆز دایان بەسەریا و دەستگیرییان کرد، کە زانی مادالیناش گیراوە، زۆر خەمبار بوو.

مونتی، پرس و جۆی دەگەڵدا کرد. بەتەمابوو قسەی لێدەربێنێ و ئیعتراف بکات کە پەرستارەکەش دەستی لەم نەخشەیەدا هەبووە. بەڵێنی دا کە ئەگەر پیاوە گەنجەکە شوێنی ئەو بەکرێگیراوە پرتوگالیەی کە مادالینا ڕزگاری کردبوو، ئاشکرا بکات ئەوا هەردووکیان ئازاد دەکات. سەرۆکی بچووک دەیتوانی ئەو ڕاستیە بڵێ کە هەرگیز ناوی ئەم بەکرێگیراوەی نەژنەوتووە.

بەڵام لە دڵی خۆیدا گوتی هەر قسەیەک دەگەڵ یارۆی ماموردا بکات خۆی لە خۆیدا ئیعتراف کردنە بە شەرعیەتی ئەو. بۆیە تفێکی کردە سەر ئەرزەکە و هیچی نەگوت. لەسەر ئەم کەللە ڕەقیە تێهەڵدانێکی باشی خوارد و چەندین برینی تێبوو.

بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لە گرتووخانە بوو، ئەڵماسەکانی پێبوو. نە پاسەوانەکان و وەردیانەکان و نە هیچ یەکێک لە زیندانیەکان گومانی ئەوەیان نەبرد کە ئەم گەنجە خاکی و بێ فیزەی، کە بەردەوام لە خەمی خەڵکانی دیکەدایە، سەروەتێکی بچووکی پەنهان کردبێت. بەیانی ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٢٧ بەدەم دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە لە خەو ڕاپەڕی. دەنگی تەقە بوو. پیاوێکی نەناس دەرگای زندانەکەی کردەوە و هاواریکرد ئەگەر حەز دەکات بڕوات، دەتوانێ بڕوات. گروپێکی یاخی زندانەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو. کابرای گەنج وەکو تارماییەک، بە ئەسپایی بە نێو هەرا و هەنگامەکەدا ڕێی خۆی کردەوە و ڕۆیی. وەختایەک لە کڵێشەی بابایەکی شێت دا بە جادەکاندا دەسوڕایەوە، زیاتر لە جاران هەستی بە نەبوونی خۆی دەکرد. لە حەوشەدا، لە سێبەر و سایەی درەختێکی یاسەمینی هندی دا، خانمێکی شاعیری زۆر بەڕێزی بینی، کە بە مەرجەع و ناوێکی گەورەی مێژووی تەڤگەری نیشتمانی دەژمێرا، کە وەکو ئەو چەند ڕۆژێک دوای خۆیبوون و سەربەخۆیی، بۆ چەند ڕۆژێکی کەم گیرابوو کە پشتیوانی گروپێ ڕۆشنبیری کردبوو کە ڕەخنەیان لە سەرکردایەتی حیزب هەبوو. سەرۆکی بچووک لە حاڵی مادالینای پرسی. بۆی ڕوون بووەوە کە چەند هەفتەیەک لەوە پێش ئازاد بووە. پۆلیس نەیتوانی بوو هیچ بەڵگەیەک دژی ئەو پەیدا بکات. ئافرەتە شاعیرەکە گوتی: ژنێکی مەردانەیە! ئەوسا ئامۆژگاری سەرۆکی بچووکی کرد کە لە زندانەکە نەڕوات. بەبۆچوونی ئەو یاخی بوونەکە بەخێرایی سەرکوت دەکرێت و هەموو هەڵاتووەکان دەستگیر دەکرێنەوە، تێروپڕ ئەشکەنجەیان دەدەن و ئەوسا گوللەبارانیان دەکەن: حەمامی خوێن بەڕێوەیە.

هاوڕەئی شاعیرەکە بوو، توونـد و بۆ ماوەیەکی زۆر دەستی لە ملی وەرێنا، ئەو گێژ و مەنگ، چووە بەر ڕوناکی سێڵاوئاسای شەقامەکان. بەتەمابوو، لە دووی مادالینا بگەڕێ. دەیویست لە ناخی دڵەوە تەوازی بۆ بێنێتەوە، داوای بوردنی لێبکات. هەڵبەتە دەشیزانی کە لەگینە ئەوکارە کێشە و ئاریشەی زیاتری بۆ دروست بکات. دوور نەبوو پۆلیس ماڵی مادالینای بۆ بگەڕێن، ئیدی وێڵ و سەرگەردان، گێژ و دڵتەنگ بەنێو شار کەوت. ناوبەناو دووراودوور دووی خۆپیشاندەرەکان دەکەوت، هەندێجاری دی بەگەڵ تەڤگەری لایەنگرانی سەرکۆمار دەکەوت. وێڵ و سەرگەردان لەم لاوە بۆ ئەولا دەڕۆیی، تا پۆلیسێک ناسییەوە. کابرای پۆلیس دوای کەوت، هاواری لێکرد: دووبەرەکی خواز، دووبەرەکی خواز! هەمووی چەند ساتێکی نەبرد کە ژمارەیەک کەوتنەدووی. بالای سەرۆکی بچووک سەد و هەشتا سانت بوو. لاقەکانی درێژ بوون. لە تەمەنی هەرزەکاریا، وەرزشکار بوو، بەڵام چونکە چەند مانگێک لە سالوولێکی تەنگدا مابووەوە، هەناسەی تەنگ بووبوو. لە پێنج سەد مەتری یەکەما، توانی بووی ماوەیەک پێش ئەوانە بکەوێ کە تاقیبیان دەکرد. تەنانەت وای وێنا دەکرد کە بتوانێ لە دەستیان دەرباز بێت. لێ بۆ نەگبەتی هەرا و زەنایەکە خەڵکانێکی زیاتری لێ خڕ کردەوە. ئارەقە بەسەر چاوەکانیا دەڕژا و بەرچاوی لێڵ دەکرد. لە ناکاوا پاسکیلێک هاتە بەردەمی، نەیتوانی خۆی لابدات و پاسکیلەکە کەوت بەسەریا.

هەستایەوە، سواری پاسکیلەکە بوو و قەدەرێ لە ئاپۆڕاکە دوورکەوتەوە، بەدەستە ڕاستا پێچی کردەوە، کوچەکە کوێرە کۆڵان بوو، پاسکیلەکەی تووڕ دا، هەوڵیدا بە دیوارەکەدا سەربکەوێ. بەردێک بەر پشتە ملی کەوت، گێژ و مەنگ، هەستی بە تامی خوێن لە دەمیا کرد. دوای تۆزێک دەست بە کەلەپچە خۆی لە ناو ئوتومبیلێکدا بینی یەوە دوو سەرباز ئەملا و ئەولایان گرتبوو، ئاپۆڕاکە تێکڕا هاواریان دەکرد.

شوفێرەکە هاواریکرد:- دەتکوژین، هەی مارمێلکە تۆپیو! فیتنەی دووبەرەکی خواز، دەستوورمان پێیە کە هەمووتان بکوژین. بەڵام پێش ئەوە یەک یەک نینۆکەکانت هەڵدەکێشم تا هەرچیەک دەزانی بیلێی. ناوی ئینشیقاقچی و دووبەرەکی خوازەکانم لێت دەوێ.

یەک نینۆکێکی هەڵنەکێشا. لە چوار ڕێانەکەی دواتر کامیونێک لێی دان، ئوتومبیلەکەیانی هەڵدایە سەر شۆستەکە. دەرگاکەی ئەودیو، واتە ئەو دەرگایەی کامیونەکە لێی نەدابوو، کرایەوە، سەرۆکی بچووک لەگەڵ یەکێک لە سەربازەکاندا، پەڕینە دەرەوە. بە ئەستەم هەستایەوە، خوێنی خۆی و خوێنی ئەوانی دی و وردە شووشان بەسەراپایدا بڵاو بووبووەوە. تەنانەت دەرفەتی ئەوەی نەبوو بزانێ چی ڕوویداوە. پیاوێکی کەتە و تۆکمە، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ هەموو ددانە بریقەدارەکانی بنوێنێ، لێی نزیک بووەوە. پاڵتۆیەکی پێدا دا تا کۆت و بەندەکەی دەست و لاقی بشارێتەوە، و ئەوی بە ڕاکێش ڕاکێش لەو ناوە دوور خستەوە. دوای نزیکەی چارەکێک، بە دوو قۆڵی خۆیان بە باڵەخانە و تەلارێکی ڕازاوەدا، هەرچەندە هەندێک کۆن بووبوو، کرد. بە پێیان یازدە نهۆمیان تەیکرد، سەرۆکی بچووک، زۆر بە خراپی دەلەنگی، چونکە لاقی ڕاستی ئاسیوی زۆری بینی بوو، نیمچە شکاوێک، شکابوو.

ئاسانسۆرەکە کاری نەدەکرد. کابرای دەم بەخەندە، بە تەوازییەوە گوتی: ئەم گوندیانە، زڕ و زبڵەکانیان دەڕێژنە ناو ئاسانسۆرەکانەوە. زڕ و زبڵ و خاشاک گەییوەتە ئەم سەرەوەش.

داوای لێکرد وەژوور بکەوێ. بە دیواری هۆڵەکەوە، کە بۆیاخێکی پەمەیی زەق کرابوو، تابلۆیەکی زەیتی هەبوو کە گوزارشتی لە ستایلی سادە و شادی شێوەکارەکەی دەکرد. دوو ژن، لە سەر ئەرزەکە، بەدیار ڕادیۆیەکی ترانزیستوری یەوە دانیشتبوون، یەکێکیان کە زۆر گەنج بوو، منداڵێکی بەباوەشەوە بوو و مەمکی دەدایە. شتاقیان گوێیان بە پیاوەکان نەدا. کابرای دەم بەخەندە، کورسیەکی ڕاکێشا، ئاماژەی بۆ سەرۆکی بچووک کرد کە دانیشێت. گیرەیەکی کاغەزی لە بەرکی درهێنا، سافی کرد، ئەوسا بەسەر کەلەپچەکەدا دانەوییەوە، سەرەکەی خستە قفڵەکەوە، تا سێی ژمارد و کردییەوە. بە زمانی لینگالا ( لە خێزانە زمانی بانتویە کە لە هەندێ دەڤەری باکووری ڕۆژئاوای کونگو و هەندێ شوێنی ئەنگولا و ئەفریقای باشوور قسەی پێدەکەن. ) و بەدەنگی بەرز شتێکی گوت. ژنە پیرەکە بەبێدەنگی ڕابوو و لە نێو باڵەخانەکەدا ون بوو. دوای چەند خولەکێک بە خۆ و دوو بوتڵە بیرەوە زڤڕییەوە. دەنگێکی تووڕە لە ڕادیۆکەوە دەیشیراند: پێویستە بیاندۆزینەوە، دەست و لنگیان ببەستین و گوللەبارانیان بکەین!

کابرای خەنۆڵ سەرێکی لەقاند: " بۆ ئەمانە داوای سەربەخۆییمان نەکرد. نەماندەویست ئەنگۆلاییەکان وەکو سەگی هار بەرببنە گیانی یەکدی و یەکتر هەڵدڕن. " ئاهێکی هەڵکێشا: " نها دەبێ برینەکانت دەرمان بکەم. دەبێ پشوو بدەیت . ژوورێکی زیادەمان هەیە. لەوێ دەمێنیتەوە، تا ئەم گەردەلوول و بەڵایە دەنیشێتەوە.

- زۆری پێدەچێ تا ئەم گەردەلوولە دەنیشێتەوە.

– هەر دەنیشێتەوە هاوڕێ، بۆ کوێ دەچێت. تەنانەت شەڕەنگێزانیش هەندێجار پێویستیان بە بێن دان دەبێت.

## سەحنی یاخی

لودو، لە هەوەڵین مانگەکانی گۆشەگیری خۆیدا، کەمتر بەبێ چەتر دەچووە سەربان. دوای ئەوە کەوتە بەکارهێنانی کارتۆنێکی درێژ، لە ئاستی هەردوو چاویا دوو کونی تێکردبوو، تا بەباشی شتەکان بدینێت، لە خوارترەوە دوو کونی دی تێکردبوو تا دەستەکانی بە ئیستراحەت بجووڵێن. ئیدی بەو ئاوایە دەیتوانی لە گۆلە باخچەکاندا کار بکات، شت دابچێنێ، بەروبووم بچنێتەوە، گیاکەڵە بژار بکات. جارناجارێ لەسەر بانەوە دادەنەوییەوە و بە ڕق و کینەوە تەمەشای شارە نەگبەت و هەژاوەکەی دەکرد. هەرکەسێک لە هەمان بەرزایی سەربانی شوقەکەی ئەوەوە و لە شوقەکانی دیکەوە تەمەشای کردبا، دەیتوانی کارتۆنێک بدینێ، کە دەجولا، دادەنەوییەوە و پاشان لە بەرچاو ون دەبوو.

هەور، وەکو بووکی دەریایی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو. ئەم هەورانە بووکی دەرياييان ( میدۆس ) وەبیر لودو دێنایەوە.

خەڵکی هەورەکان بە شێوەی واقیعی خۆیان نابینن، چونکە هەوران لە بنەڕەتدا شێوە و فۆرمیان نییە، چونکە لە گۆڕانی بەردەوامدان. ئەوە دەبینن کە دڵیان ئارەزووی دەکات.

وشەی دڵتان بەدڵ نییە؟

زۆرچاکە، کەواتە وشەیەکی دی هەڵبژێرن: روح، نەست، خەیاڵ، هەر وشەیەک بەباشتر دەزانن. هیچ وشەیەک بە تەواوەتی دروست دەرناچێت.

لودو، تەمەشای هەورەکانی دەکرد و بووکی دەریایی (میدوسات) ی تیایاندا دەبینی.

بەرەبەرە خووی بەوەوە گرتبوو کە دەگەڵ خۆیدا باخفێ و بۆ چەندین سەعاتی لەسەر یەک هەمان وشە دووبارە بکاتەوە: جریوە جریو، چەهچەهە. فڕین، باڵەفڕە. جریوە جریو، چەهچەهە، باڵ، باڵەفڕە... ئەم وشە جوانانە بە دەمی خۆش بوون، وەکو چکلێت لە دەمیا دەتوانەوە، یادگاری خۆشی وەبیر دێنانەوە. باوەڕی وابوو وەختایەک ئەو وشانەی دەدرکاند و وەبیری دێنانەوە، باڵندەکان بۆ ئاسمانی لواندا دەگەڕێنەوە. ساڵانێک بوو نە کۆتر نە نەوڕەسی نەبینی بوو. بگرە باڵندەیەکی بچووکی لە ڕەو دابڕاویشی نەبینی بوو. کە شەو دادەهات شەڤشەڤۆکی لەگەڵ خۆدا دێنا. بەڵام فڕینی شەڤشەڤۆک (شەمشەمە کوێرە) پەیوەندی بە فڕینی باڵندانەوە نەبوو. شەڤشەڤۆک وەکو بووکێن دەریایی ( میدوس ) بوونەوەرانی بێ جەوهەرن. تۆ شەڤشەڤۆکێ بێنە بەرچاو کە وەکو بروسکە تاریکی دەبڕێ، بیر لەوە ناکەینەوە کە شتێکە لە گۆشت و لە خوێن و لە ئێسقان و کەلەجان و هەستی هەیە. زیاتر لە تاپۆ و تارمایی تیژتێپەڕی نێو وێرانە و کاولان دەچن، ئۆقرەیان نییە و جێ بەخۆ ناگرن. ئێستا دیارە، تۆزێکی دی دیار نەماوە. لودو، حەزی لە شەڤشەڤۆک نەدەکرد. سەگ لە کۆترانیش دەگمەنتر بوو. پشیلە لە سەگیش کەمتر بوو. پشیلەکان پێش هەموو ئەوانی دی دیار نەمان. سەگەکان، ساڵانێک بە چاو قایمی خۆیان لە شەقام و کوچە و کۆڵانەکاندا مانەوە. ئیدی جۆرەها جۆری سەگ، سەگی ڕەسەن، تاژی ناوقەد باریک،

تاژی زەلام، سەگی شێتی دالّماسی. پاش یەک دوو ساڵی دی نەوەیەکی ئاوێتەی قێزەونی ئەم سەگە جۆراوجۆر و ڕەسەنانە پەیدا دەبوو.

لودو، ئاهێکی هەڵکێشا. لە بەرانبەر پەنجەرەکە ڕۆنیشت. لەوێرا تەنیا چمکێکی ئاسمانی دەبینی. هەوری تاریک و نزم، شینایی ئاسمان، تاریکی دای پۆشی بوو. چی گیڤارای بیرکەوتەوە. خووی بە دیتنییەوە گرتبوو، کە چۆن بەدیوارەکاندا دادەخزی، بە حەوشە چۆڵ و سەربانەکاندا غاری دەدا و لە نێو بەرزترین لق و پۆپی دار هەنجیرە زەلامەکەدا ( دار مولیمبا ) پەنای دەگرت، بە دیتنی چی گیڤارا، ورەی بەرز دەبووەوە، ئاسوودە دەبوو. دوو بوونەوەر بوون زۆر نزیک لە یەکدی، هەردووکیان، بەهەڵە کەوتبوونە ئەم شارە، هەردووکیان بەم شارە شادمانە نامۆ بوون. هەندێکەس بەردیان داوێشتە مەیموونەکە. هەندێکی دی میوەی ژەهراویان بۆ فڕێ دەدا. مەیموونەکە نەی دەخوارد، بۆنێکی پێوە دەکرد و بە نەفرەتەوە لێی دوور دەکەوتەوە. لودو، کەمێک جێگای خۆی گۆڕی، دەیتوانی سەحنی سەتەلایتەکان لە سەربانەکاندا بدینێ. دەیان، سەدان، هەزاران سەحن وەکو کارگ سەربانی شوقە و باڵەخانەکانیان داپۆشی بوو. ماوەیەکی زۆر بوو، دیقەتی دابوو کە هەر هەموو سەحنەکان ڕوو لە باکوورن، جگە لە یەک سەحنی یاخی. هەڵەیەکی تری ئەوە بوو، هەمیشە وا بیری دەکردەوە تا ئەو سەحنە پشتی لە هاوڕێکانی دیکەی بێ، ئەمیش نامرێت. تا چی گیڤارا لە ژیانا بێ ئەمیش نامرێت. بەڵام دوو هەفتە دەبوو کە مەیموونەکەی نەبینی بوو و ئەو بەرەبەیانەش کە چاوێکی بەسەر بانەکاندا گێڕا، بینی سەحنە یاخیەکەش، وەکو هەموو سەحنەکانی دی ڕووی کردووەتە باکوور. تاریکیەکی خەست وەکو ڕوبارێک بەدەم هاڕە و هاژەوە، بەسەر جامی پەنجەرەکاندا دەڕژا. لە ناکاوا چەخماخەیەکی گەورە هەموو شتێکی ڕۆشن کردەوە، ژنەی تاین سێبەری خۆی بەسەر دیوارەکەی بەرانبەریەوە بینی. دوای چەند ساتێک تەشبریقەکە دەنگی دایەوە. ژنەی تاین چاوی نوقاندن. ئەگەر لەم ساتە درەخشانەدا، کاتێ کە ئاسمان، سەرکەوتووانە و ئازادانە سەمای دەکرد، لەوێ مردبا چەند باش دەبوو. ڕەنگە دەیان ساڵی پێ چووبا تا کەسێک دۆزیبایەوە. ئەفییرو – ی بیرکەوتەوە، پەی بەوە برد کە خۆی بە پرتوگالی نازانێ. سەربە هیچ شوێنێک نییە، وابەستەی هیچ جێیەک نییە. لەوێ، لەو جێیەی لەدایک بووبوو، دنیا سارد بوو، جارێکی دی شەقام و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی بینی، خەڵکی دەهاتن و دەچوون، سەریان لە بێزاری و لە هەنبەری بایەکەدا دانەواندبوو. چ کەسێک چاوەڕوانی نەدەکرد.

پێش ئەوەی چاو بکاتەوە، دەیزانی زریان و تۆفانەکە نیشتووەتەوە. هەوران ڕەوی بوونەوە و ئاسمان بووبوو بە ساماڵ و سایەقە. تیشکی خۆرەکە لە ڕوخساری دەدا و گەرمی دەکردەوە. گوێی لە ناڵەیەک بوو، کە لە حەوشەکەوە دەهات. فانتوم لەبەر پێیدا کێشمانی خۆی دا، بە تەکانێک ڕاپەڕی و بە غاردان شوقەکەی بڕی و خۆی گەیاندە هۆڵەکە، ئەوسا بە هەڵتەک هەڵتەک، بە پلیکانە پێچاوپێچەکاندا هەڵگەڕا و لە چاو ون بوو. لودو، بە هەڵەداوان دووی کەوت. سەگەکە، مەیموونەکەی بەسەر دار مۆزەکەوە بەگیر هێنابوو و مەیموونەکە تووڕە بووبوو، سەری دانەواندبوو و دەیمڕاند. لودو، قرێتەی سەگەکەی گرت و بەتووندی بۆلای خۆی ڕایکێشا. جیرمان شیبرد ( ڕەگەزی سەگەکەیە ) مقاوەمەتی کرد. دەیویست ژنەی تاین بگرێ. لودو، بەدەستی چەپ چەند جارێک بەدەم و قەپۆزیا کێشا. ئەنجام فانتوم ڕادەست بوو. ڕێگەی بە ژنەکە دا کە ڕایبکێشێت. لودو، لە مووبەقەکەدا بەستیەوە، دەرگای داخست و بە بالکون و سەربانەکەدا گەڕایەوە. چی گیڤارا هێشتا هەر لەوێ بوو. بەچاوانی حایر و حەپەساوەوە تەمەشای لودوی دەکرد. لودو، لودو هەرگیز ئەو نیگا مرۆڤانیەی لە چاوی هیچ پیاوێکدا بەدی نەکردبوو. لودو، برینێکی قووڵ و تازەی بەسەر لاقی ڕاستی مەیموونەکەوە بەدی کرد، لەوە دەچوو، تۆزێ لەوە پێش، بە زەبری کێردێکی گەورە بریندار بووبێ. خوێنەکە تێکەڵ بە باراناوەکە بووبوو. لودو،

مۆزێکی، کە لە مووبەقەکەوە هێنابووی، پاککرد و بۆ مەیموونەکەی درێژ کرد. مەیموونەکە دانەوییەوە و دەم و قەپۆزی هێنایە پێشەوە. سەرێکی تەکاندا، لەوە دەچوو لە ئازارا بێ یان لە بێ متمانەیی. لودو، بە زمانێکی شیرین گازی کرد:– وەرە، وەرە بچکۆل، وەرە من چاودێریت دەکەم.

مەیموونەکە بە شەلە شەل نزیک بووەوە، بە خەمینییەوە دەینالاند. لودو، مۆزەکەی دانا و توووند ملی مەیموونەکەی گرت. بە دەستی چەپ، ئەو کێردەی کە بەناو قەدییەوە بوو دەرهێنا و کردی بە جەستە لاوازەکەیدا، چی گیڤارا هاوارێکی کرد و خۆی دەرباز کرد، کێردەکە هێشتا بە سکیەوە بوو، بە دوو تەکان خۆی گەیاندە دیوارەکە. لەوێندەر وەستا. لە سەر دیوارەکەوە دانەوییەوە، هاواریدەکرد و خوێنی لەبەر دەڕۆیی. ژنەی تاین شەکەت و ماندوو لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشت و ئەویش لە هوڕژنی گریانی دا. بە دوو قۆڵی تا ماوەیەکی زۆر بەو حاڵەوە مانەوە، تەمەشای یەکتریان دەکرد، تا باران دووبارە دایکردەوە. هەنگێ لودو هەستا، بۆلای مەیموونەکە چوو. کێردەکەی دەرهێنا و لە ملی ئاژەڵەکەی نا.

بەیانی ڕۆژی دوایی لودۆ، بەدەم خوێ کردنی گۆشتەکەوە، دیقەتی دا سەحنەکە دووبارە ڕووی کردۆتەوە باشوور. ئەو سەحنە و سیانی دیکەش.

## ڕۆژان وەکو ئاو دەڕۆن

ڕۆژان وەکو ئاو دەڕۆن. دەفتەرەکەم پڕ بووەتەوە. جێی نەماوە. قەڵەمم نییە. بە کڵۆ ڕەژوو شیعرێن زۆر کورت لە سەر دیوارەکان دەنووسم.

لە خۆراک، ئاو، ئاگر و سیفەت و وەسف ڕەزیلی دەکەم. بیر لە ئورلاندو دەکەمەوە. لە هەوەڵەوە ڕقم لێی دەبووەوە. دوای ئەوە قەدرم دەگرت. پێدەچوو زۆر خاپینۆک بێ. پیاوێک و دوو ژن لە ژێر یەک میچ دا – یەکانگیرییەکی ترسناک بوو.

### هایکو

من گوێچکە ماسییەکم بیر دەکەمەوە

لە مرواریيەکەم جیا بوومەتەوە.

.

.

پارچە گەلێکم لە قوڵاییدا

## ڕێکەوتێکی جوان

پیاوە خەنۆڵ و دەم بەخەندە و ڕووخۆشەکە، ناوی بیانفونو ئەمبروزیر فورتوناتو بوو. بەڵام کەم کەس بەو ناوەوە دەیانناسی. لە ئاخر و ئۆخری شەستەکاندا ئاوازی بۆ ( بولیرو ) یەک ( بولیرو: جۆرە سەمایەکی سونەتی ئەسپانیە ) دانابوو بە نێوی " پاپی بولینگو " ئەو گۆرانیە کە فرانسوا لوامبو بوانز و ماکیادی، فرانکۆی مەزن، ئەدای کرد، سەرکەوتنێکی یەجگار گەورەی بەدەست هێنا و شەو و ڕۆژ لە ڕادیۆکانی کینشاسادا ( پایتەختی کۆنگۆی دیموکرات بوو ) بڵاویان دەکردەوە. گیتارژەنە گەنجەکە ناو و ناوبانگێکی بۆ خۆی پەیدا کرد کە بەدرێژایی تەمەن لە گەڵیا مایەوە : پاپی بولینگو، ڕژێمی جوزیف دیزیری موبوتو، ( ناسراو بە موبوتو سی سیکونکوکو نگیبندو وازابانگا ) کەوتە ئازار و تاقیب و ڕاوەدوونانی پاپی بولینگو، ئەویش ناچار پەنای بۆ فەرەنسا و پاریس برد. لە هەوەڵەوە بوو بە دەرگاوانی یانەیەکی شەوانە و پاشان بووبە گیتارژەن لە سێرکێکدا. لە پاریس ئاشنایی دەگەڵ ڕەوەندی کەم ژمارەی ئەنگولاییاندا پەیدا کرد و جارێکی دی وڵاتی باب و کالانی خۆی کەشف کردەوە . ئیدی هەرکە ئانگولا گەییە سەربەخۆیی، باروبنەی تێک نا و بەرەو لواندا ڕۆیشتەوە. لەو زەماوەند و ئاهەنگە تایبەتیانەدا کە ئەنگولاییەکان، ئەوانەی لە زائیر گەڕابوونەوە و، ئەو زائیریانەی بیری وڵاتی خۆیان دەکرد، هاتوچۆیان دەکرد گیتاری دەژەند و چونکە دابین کردنی نانی ڕۆژانە سەخت بوو، ئیدی وەکو ئەندازیاری دەنگ لە ڕادیۆی نیشتمانیدا کاری دەکرد. بەیانی ڕۆژی ٥/٢٧/... وەختایەک یاخیەکان پەلاماری باڵەخانەکەیان دا ئەو لەسەر کار بوو. دوای ئەوەی بەچاوی خۆی بینی چۆن سەربازە کوباییەکان هاتن و بە شەق و زللە و لەزبلەز نەزم و نیزامیان بۆ باڵەخانەکە، باڵەخانەی ڕادیۆ گێڕایەوە و دووبارە ڕادیۆکەیان کۆنترۆڵ کردەوە.

وەختایەک، بەهۆی ئەو بویەرانەوە، پەست و بێزار لە باڵەخانەی ڕادیۆکە هاتەدەرێ، بارهەڵگرێکی سوپایی بینی ڕاستەوڕاست خۆی کێشا بە ئوتومبیلێکدا. بەپەلە ڕۆیی تا سەرنشینەکانی ڕزگار بکات. یەکسەر بریندارەکانی ناسییەوە، یەکێکیان پیاوێکی قۆڵ کورتی بەهێز بوو کە جارێک لە ئێزگەی ڕادیودا سین و جیمی لەگەڵ کردبوو. دوای ئەوە سەرنجی لەسەر گەنجێکی درێژداهۆڵی لاواز گیرسایەوە کە وەکو مومیا میسرییەکان لاواز بوو، هەردوو دەستی لە کەلەپچەدا بوون. یەکسەر، بێهیچ دوو دڵییەک بە هانای گەنجەکەوە چوو، هەڵی ستانە سەرپێیان، بە چاکەتەکەی دەستەکانی داپۆشی و بۆ شوقەکەی برد:

-چما یارمەتیت دام؟

سەرۆکی بچووک، بەدرێژایی ئەو چوار ساڵەی کە بەپەنهانی لە شوقەکەی ئەندازیاری دەنگدا بەسەری برد، جارەهای جار ئەو پرسیارەی کردبوو. دۆستەکەی زۆر بەکەمی بەرسڤی دەدایەوە. ئیدی قاقایەکی بۆ دەکرد، قاقای پیاوێکی ئازاد، سەرێکی دەلەقاند و بابەتەکەی دەگۆڕی. ڕۆژێک یەکڕاست چاوی لە دوڕ چاوی بڕی و لێبڕاوانە گوتی:- بابم قەشە بوو، قەشەیەکی باش و باوکێکی خۆشەویست بوو. من تا ئەمڕۆش متمانەم بەو قەشانە نییە کە منداڵیان نییە، چۆن دەکرێ پیاو قەشە بێ و باوک نەبێ؟ بابم فێری کردم بە هانای هەژار و لێقەوماوانەوە بچم، بە دادیاندا بگەم. کاتێک کە تۆم بینی لە سەر شۆستەکە کەوتوویت، بێ دەسەڵات و هەژار و لێقەوماوم هاتیتە بەرچاو. یەکێک لە پۆلیسەکانم ناسییەوە، ئەفسەری ئەمن بوو، کە سەبارەت بە کارەکەم پرسیاری لەم و لەو دەکرد. قەت حەزم لە پۆلیسی ئەمن نەبووە. ئیدی بە پێی ویژدانی خۆم ڕەفتارم کرد.

سەرۆکی بچووک بۆ ماوەی چەند مانگێک بە پەنهانی مایەوە. دوای مردنی سەرۆک کۆماری یەکەم ( لە ساڵی ١٩٧٩ دوای مردنی ئاگوستینونتو، جوزیە ئەدواردو روس سانتوس جێگای گرتەوە ) ڕژێم جۆرە کرانەوەیەکی سنووورداری تاقیکردەوە. ئەوە بوو ئەو زندانیە سیاسیانەی ئازاد کرد کە پەیوەندییان بە ناڕازییانی تەڤگەری چەکدارییەوە نەبوو. داوا لە هەندێکیان کرا کە پلەوپۆست لە دام و دەزگا فەرمیەکانی دەوڵەت وەربگرن. سەرۆکی بچووک کە هەم دەترسا و هەم کونجکاو بوو، وەدەرکەوت و کەوتە گەڕان بە شەقامەکانی پایتەختدا، سەرۆکی بچووک بۆی دەرکەوت تۆمەز زۆربەی خەڵکی وایان زانی بوو کە مردووە. هەندێک لە دۆستانی دڵنیایان کردبوو کە بەشداری پرسەکەیان کردووە. بگرە هەندێ لە هاوخەباتەکانی، کە بە زندوویەتی دەیانبینی، باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد. بەڵام مادالینا بە شادیەوە پێشوازی کرد. مادالینا لەو ساڵانەی دواییدا ( NGO ) یەکی دروستکردبوو بە نێوی " سوپی بەرد " کە ئامانجی ئەوەبوو خواردنی کولبەنشینەکانی لواندا باشتر بکات. بە گەڕەکە هەژارنشینەکانی شاردا دەسوڕایەوە و بەگوێرەی توانای سنووورداری خۆی یارمەتی دایکانی دەدا و فێری دەکردن چۆن خواردن بە منداڵەکانیان بدەن.

بۆ سەرۆکی بچووکی ڕوونکردەوە کە: دەتوانین بەبێ خەرجی زۆریش خواردنی باش بخۆین. تۆ و هاوڕێکانت، لە کاتێکا زاراوەی قەبە و قەڵەو و پڕ بەزاری وەکو دادوەری جڤاکی، ئازادی، شۆڕش بەکار دێنن و خەڵکی ڕۆژ بەڕۆژ ڕەوشیان خراتر دەبێت، زۆریان نەخۆش دەکەون، دەمرن، برسییان بە قسەی زل تێر نابن، جەماوەری خەڵکی بەقسەی زل تێر نابن، جەماوەر پێویستیان بە سەوزەواتی تازە و شۆربای ماسی باش هەیە، بەلای کەمەوە هەفتەی یەک دووجار. من شۆڕشێکم دەوێ، کە خەڵکی لە سەر سفرە و خوان کۆبکاتەوە.

پیاوەی گەنج بەو قسانە گەشایەوە. ئیدی بە کرێیەکی ڕەمزی کە بریتی بوو لە سێ ژەم خواردن، شوێنی خەوتن و مانەوە و حەمام و ئامێری جل شۆردن، کەوتە کارکردن دەگەڵ پەرستارەکەدا. ئیدی چەند ساڵێک بەم ڕەوشەوە تێپەڕی، هەمان ئەو کەسانەی کە ڕژێمی سوسیالیستیان بونیاد نابوو، ڕوخاندیان، سەرمایەداری بە هەموو درندەییەکی خۆیەوە، لە هەمان خۆڵەمێشی ئەوەوە، سەری بەرز کردەوە. ئیدی هەموو ئەوانەی تا چەند مانگێک لەوەپێش لە سەر سفرە و خوانی خانەوادەیی، لە ئاهەنگەکاندا، لە وتار و ڕۆژنامەکاندا، لە کۆڕ وکۆبوونەوەی سیاسیدا زۆر بەتووندی دژایەتی دیموکراسی بورژواییان دەکرد. نها بە جلی پۆشتە و پەرداخەوە، کە دیزاینەرێن تایبەتی بۆیانی دیزاین کردبوو، لە شارا بە ئوتومبیلی کەشخە و بریقەداری ئەوتۆوە دەسوڕانەوە کە پرشنگیان ئاوی چاوی دەبرد.

سەرۆکی بچووک لەم ماوەیەدا ڕدێنێکی دانابوو کە دەگەییە سەر سینگی. زۆر قەڵەمی بوو، بە ڕدێنەکەشیەوە هەر زۆر گەنج دیاربوو. بەم حاڵەشەوە هێشتا کەمێک بەلای چەپا مایل بوو، پێدەچوو گەردەلوولێک لە ناوەوە دەڵەکی بدات. دوا نیوەڕۆیەک کە بینی ئوتومبیلی دەوڵەمەندان بە نێو شارا بەبەردەمیا دەڕۆن، ئەڵماسەکانی بیرکەوتەوە. بە قسەی پاپی بولینگو چوو بۆ بازاڕی روک سانتیرو. پارچە کاغەزێکی بەناوێکەوە بەدەستەوە بوو، ئیدی خۆی دایەبەر ڕەوتی حەشامەتەکە و ڕایان ماڵی. لە دڵی خۆیدا گوتی، لەم ئاشوبەدا، مەحاڵە هیچ کەسێک بدۆزێتەوە. دەترسا نەتوانێ خۆی لەم ئاپۆڕایە دەرباز بکات. بەڵام هەڵە بوو، چوو بۆ لای یەکەم بازرگان و مامەڵەچی، سەمتێکی تایبەتی نیشاندا. بازرگانێکی دی، چەند مەترێ لەولاترەوە، هەمان سەمتی نیشاندا. دوای چارەکێک، لەبەر ژووروچکەیەکدا وەستا، کە وێنە و سکێچی سینگ و مەمکی ئافرەتێکی گەردنکێل لەسەر دەرگاکەی بە هێڵێکی درشت لەسەر کێشرابوو، ملوانکەی ئەڵماس بە ملیەوە دەدرەوشایەوە. لە دەرگای دا.

پیاوێکی درێژداهۆڵ، که چاکەت و پانتۆڵێکی پەمەیی لەبەر و بۆینباخێکی سووری کاڵ – ی له مل و شەپقەیەکی لەسەر بوو، له پشت دەرگاکەوە بەدیارکەوت، جووتێ پێڵاوی بۆیاخ کراوی له پێدا بوو که له تاریکیەکەدا دەبریقایەوە. سەرۆکی بچووک پاپی پولینگوی خۆشپۆشی بیرکەوتەوە، که ساڵانێک لەوە پێش له دیدارێکی کورتدا له کینشاسا، بەمیان ناساندبوو. خۆشپۆش بەو کەسانە دەگوترا که مۆدباز بوون، بەو پیاوانە دەگوترا که جل و بەرگی کەشخە و نمایشی دەپۆشن و دار و نەداری خۆیان خەرجی جل و بەرگ دەکەن تا له سەر شۆستە و جادەکاندا وەکو نمایشکارانی جل و بەرگ – ی سەر شانۆیان دەربکەون.

چووە ژوورەوە، مێزێک و دوو کورسی بەدی کرد. پانکەیەکی حەوایی بە لەقە لەق و بەخاوی هەوا وەستا و نمسارەکەی ڕادەدا.

یارۆی خۆشپۆش خۆی ناساند: " جایمی پانگویلا " و ئاماژەی کردێ که دابنیشێت.

پانگویلا، دڵی چووە بەردەکان ( ئەڵماس ). هەوەڵجار لەبەر تیشکی چرایەکی نەوتی فەحسی کرد. ئەوسا چووە بەر پەنجەرەکە، پەردەکەی لادا و کردیەوە، بە دەستیەوە دایەبەر تیشکی ستوونی هەتاوەکە. ئەنجام ڕۆنیشت:– ئەم بەردانە، هەرچەندە بچووکن، بەڵام جوان و خالیسەن، نامەوێ بزانم چۆن دەستکەوتوون. ناتوانم بە ئاسانی و بێکێشە، بیانبەمە بازاڕ. ناتوانم له حەوت هەزار دۆلار زیاترت بدەمێ.

سەرۆکی بچووک قاییل نەبوو. پانگویلا، نرخەکەی کردە دوو بەرانبەر. سەفتەیەک ئەسکەناسی له چەکمەجەیەک دەرهێنا، خستیە ناو کارتۆنێکی بچووکەوە، کارتۆنی پێڵاو بوو، بۆ سەرۆکی بچووکی درێژ کرد.

سەرۆکی بچووک ڕۆیی، له بارێکی ئەو نزیکانە دانیشت. کارتۆنی پێڵاوەکانی لەسەر مێزەکە دانا و دەبیرەوە چوو که چی لەو هەموو پارەیە بکات. سەرنجی لەسەر ئارمی بوتڵی بیرەکە گیرسایەوە، سکێچی باڵندەیەک بوو بە باڵێن کراوەوە، کۆترەکەی بیرکەوتەوە. ئەو پارچە کاغەزەی ناو لوولە پلاستیکە بچووکەکەی هێشتا هەڵ گرتبوو که زۆر بە ئەستەم دەخوێنرایەوە:– سبەی. سەعات شەش.له شوێنەکەی جاران. زۆر وریابە. خۆشم دەوێی.

کێ ئەو نامەیەی نووسی بوو؟

ڕەنگە کارمەندێکی پایەبەرزی کۆمپانیای کانی دیامانگ نووسیبێتی. ( دیامانگ، کۆمپانیایەکی دەرهێنانی ئەڵماس بوو له ئەنگولا، له ساڵی ١٩١٧ دامەزرا و له ساڵی ١٩٨٨ دا داخرا ). بەخەیاڵ پیاوێکی سەروسیما جدی هێنایە بەرچاوی خۆی که نامەکە دەنوسێت، لوولی دەکات، دەیخاتە لوولە پلاستیکیە بچووکەکەوە و پاشان بە لاقی کۆترەکەیەوە دەبەستێت. ئەوەی هێنایە بەرچاوی خەیاڵ که چۆن ئەڵماسەکان یەک یەک دەکاتە دەمی کۆترەکەوە و ئەوسا هەڵی دەدات و کۆترەکە چۆن بەسەرماڵێکی ئاوەدانی نێو درەختانی بەرز و چڕە لق و پۆپی مانگودا له دوندوە بەرەو ئاسمانی پڕ مەترسی پایتەخت دەفڕێت. بەچاوی خەیاڵ کۆترەکەی دەبینی که بەسەر جەنگەڵ و بێشەی چڕ و چغورد و تاریکدا، بەسەر دەریای مەند و سوپا و لەشکرانی له گەرمەی شەڕا دەفڕێت.

بەدەم زەردەخەنەوە هەستا. نها دەیزانی چی لەو پارەیە بکات.

له مانگەکانی دواترا، کۆمپانیایەکی بچووکی خزمەتگوزاری گەیاندنی کاڵا و شمەکی دامەزراند و نێوی نا ( کۆتری نامەبەر ) وشەی کۆتر له زمانی پرتوگالیدا، له زمانی کیمبوندودا ( لقێکە له زمانی بانتو که پتر له

باکووری ڕۆژئاوای ئەنگولادا بەکار دەبرێ. ) بەمانای قاسید و تەتەر بوو، ئەم لێکچوونە خۆشحاڵی کرد. کاری کۆمپانیاکە ڕەونەقی پەیدا کرد و لقی دیکەشی بۆ زیاد کرد. لە زۆر بواری جیاوازی دیکەدا سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی کرد، لە ئوتێلەوە بیگرە تا دەگاتە عەقارات، هەمووشی سەرکەوتوو بوو.

دوانیوەڕۆیەکی، یەک شەممەیەکی مانگی دیسەمبەر، کە دنیا زۆر ڕوناک بوو لە ریالتو ( خواردنگەیەکە لە ئەنگولا، لە لواندا ) پاپی پولینگوی بینی. داوای بیرەیان کرد. بەکاوەخۆ و بەدەم گفت وگۆوە بەجۆرێ پاڵیان دابووەوە و خاو بووبوونەوە لە تۆوایە لەناو جۆلانەدان.

– ژیانت چۆنە پاپی؟

– دەژین.

– ئەدی تۆ، هێشتا هەر گۆرانی دەچڕیت؟

– کەمتر برا. هیچ ئاهەنگێکم نەگێڕاوە. فوفو لەم دواییانەدا کەمێ کومیدی بووە.

پاپی پولینگو، لە کارەکەی، لە ڕادیۆی نیشتمان دەرکرابوو. ئیدی بە سازڤانی لە ئاهەنگەکاندا، بەئەستەم بژێوی ژیانی دابیندەکرد. یەکێک لە پسمامەکانی، کە دەلیلی ڕاو و شکار بوو، لە کونگۆوە ئەسپێکی ئاوی قەزەمی بۆ هێنابوو. ئەم دەلیلە، ئەو ئاژەڵەی لە بێشەوە، وەختایەک هێشتا بێچوو و شیرەخۆرە بوو، بە نائومێدییەوە بەدیار جەستەکەی دایکیەوە وەستابوو، دۆزی بووەوە. گیتارژەنی ناڤبری ئەم ئاژەڵەی بۆ شوقەکەی خۆی هێنابوو. بە شووشە و مەمە بەخودانی کردبوو. فێری کردبوو، چۆن سەمای رومبای زائیری بکات. ئیدی فوفو، واتە هەمان جوانوو ئەسپە ئاویەکە، وەختایەک ئەو لە بارە چکۆلەکانی لواندا گیتاری دەژەند، لەگەڵیا دەچوو. سەرۆکی بچووک، جارەهای جار نمایشەکانی ئەوی بینی بوو و هەمیشە پێی خۆش بووبوو. کێشەکە ئەمە بوو کە ئەسپە ئاویەکە زیاد لە پێویست گەورە دەبوو. ئەم ئەسپە ئاویانە یان ئەسپە قەزەمانە ( کورتەڵە ) بە بەراورد دەگەڵ هاوڕەگەزانی خۆدا بچووکتر بوون، بەڵام کە گەورە دەبن بە ئەندازەی بەرازێکیان لێدێت. ئیدی بەرەبەرە خوتە و بۆڵە و ناڕەزایی هەموو دراوسێکان بەرز بووەوە. زۆربەیان سەگ و کسۆکیان هەبوو. هەندێکیان لە هەیوان و بانێژەکاندا، مریشک و کەڵەشێر و بزن و هەندێجار بەرازیشیان بەخودان دەکرد. بەڵام کەسیان ئەسپی ئاویان نەبوو. ئەسپی ئاوی، تەنانەت ئەگەر هونەرمەندیش بوایە هەموو دراوسێکان سڵیان لێدەکردەوە. هەندێکیان کە ئەو ئاژەڵەیان لە بانێژەکەدا دیتبا، بەردیان تێدەگرت.

سەرۆکی بچووک، هەستیکرد وەختی ئەوە هاتووە یارمەتی هاوڕێ و دۆستەکەی بدات.

–شوقەکەت بە چەند دەدەی؟ من پێویستم بە شوقەیەکی باشە لە ناو جەرگەی پایتەختدا. تۆ پێویستت بە مەزرایەکە، فەزایەکی بەرین و کراوە، کە ئەسپە ئاویەکەتی تیا بەخێو بکەیت.

پاپی پولینگو، بە دوودڵییەوە گوتی:– من ساڵانێکە لەم شوقەیەدا دەژیم. پێموایە خووم پێوە گرتووە.

– پێنج سەد هەزار؟

– پێنج سەد هەزار؟ پێنج سەد هەزار چی؟

– من پێنج سەد هەزار دۆلارت دەدەمێ، دەتوانی بەو پارەیە مەزرایەکی باش بۆ خۆت بکڕی.

پاپی پولینگو، لە خۆشیا کەوتە پێکەنین. پاشان کە بینی هاوڕێکەی بەجدیەتی، لە پێکەنین کەوت، سەری هەڵبڕی :- وامزانی پێم ڕادەبوێری. باشە پێنج سەد هەزار دۆلارت هەیە؟

-بەڵێ، ئەوەندە و چەند ملیونێکی دیکەشم هەیە. من هیچ چاکە و پیاوەتیەکت لەگەڵدا ناکەم، پێموایە ئەمە وەبەرهێنانێکی زۆر چاکە. باڵەخانەکەتان وێرانە. بەڵام بە بۆیاخێک و ئاسانسۆرێکی نوێ تازە دەبێتەوە و ڕەونەق پەیدا دەکاتەوە و زۆری پێناچێ کە سەر و سیمای کڕیاران پەیدا دەبێ. جەنەڕاڵان، وەزیران، خەڵکانی زۆر لەمن دەوڵەمەندتر... پارەیەکی کەم دەدەن تا ئاکنجیەکانی دیکەی باڵەخانەکە بڕۆن، ئەوانەی بە خوایشتی خۆیان نەڕۆن، بە خۆرتی وەدەر دەنرێن.

بەو ئاوایە سەرۆکی بچووک بوو بە خاوەنی شوقەکەی پاپی پولینگو.

## کوێری

## ( و چاوانی دڵ )

خەریکە بەرەبەرە بینایيم لە دەست دەدەم. کە چاوی ڕاستم دەنوقێنم، جگە لە سێبەر و تاپۆ هیچی دی نابینم. هەموو شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ دەبن. کە دەڕۆم دەست بەدیوارەوە دەگرم. زۆر بەزەحمەت دەخوێنمەوە، ئەگەر لەبەر تیشکی خۆر و بەیارمەتی زەرەبین شتێک بخوێنمەوە، ، ئەو دوا کتێبانەم کە دڵم نەهاتووە بیان سووتێنم، دووبارە دەخوێنمەوە. هەموو ئەو دەنگە جوانانەم، کە بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە هاودەمم بوون، سووتاندوون. هەندێجار وا هەستدەکەم دین ( شێت ) بووم.

لە سەربانەوە ئەسپێکی ئاوی دەبینم کەلە بانێژەی شوقەکەی تەنیشتەوە دەڕەقسێ. چاک دەزانم ئەمە تراویلکەیە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر بینیم. ڕەنگە باندۆری برسیەتی بێت. خواردنم زۆر خراپە.

لاوازیم، بینایی ڕوو لە کوژانەوەم، هەموو ئەمانە کردوویانەتە کارێ کە بەدەم خوێندنەوەوە وشە و پەیڤ و دێڕەکانم لێ تێکەڵ و پێکەڵ ببێت. هەندێ لاپەڕە دەخوێنمەوە، کە پێشتر خوێندوومنەوە، بەڵام هەنووکە لە بەرچاوم گۆڕاون. بەدەم خوێندەوەوە هەڵە دەکەم. هەندێجار ئەم هەڵانە، دەمگەیەننە هەندێ دۆزینەوەی جوانی باوەڕ نەکردەنی.

زۆرجار لەم هەڵانەدا خۆم دەبینمەوە. هەندێ لاپەڕە بەم هەڵانەوە باشتر دەبن.

بریسکەی ستێرۆک ( گوڵە ستێر )، لە ژوورەکاندا دەبریسکێتەوە. وەکو میدوسایەک ( بووکی دەریایی ) لەنێو ئەم تەمە ڕوناکەدا دێم و دەچم. لە خەونەکانی خۆدا نقووم دەبم. ڕەنگە مرۆڤ ئەمە بە مردن بزانێ.

ئەو عەسرانەی کە هەتاو لە مووبەقەکەی دەدام، لەم ماڵەدا خۆشحاڵ بووم. لە پشت مێزەکەوە دادەنیشتم. فانتوم دەهات و سەری دەنایە باوەشم.

ئەگەر شوێن و زوخاڵ و دیواری بەتاڵم هەبوایە، شیعرێکی باشم دەنووسی، بەناونیشانی: تیۆرێکی گشتی بۆ لەبیر چوونەوە.

دەزانم، کە هەموو شوقەکەم کردووە بە کتێبێکی گەورە. بۆیە دوای سووتاندنی کتێبخانەکە، پاش مردنم، تەنیا دەنگم لەوێندەر دەمێنێ.

## کۆکەرەوەی ون بووەکان

لە سالآنی ۱۹۹۷ و ۱۹۹۸ دا پێنج فڕۆکە لە ئاسمانی ئەنگولادا ون بوون، بەکۆی بیست و سێ سەرنشینەوە کە خەڵکی بیلاڕووس، ڕووسیا، موڵداڤیا و ئوکرانیا بوون. ڕۆژی ۲۰۰۳/٥/۲٥، فڕۆکەیەکی بوینگی ۷۲۸ ی سەر بە کۆمپانیای ئاسمانیی ئەنگولا پاش ئەوەی لە فڕۆکەخانەی لوانداوە هەستا، سەرگەردان بوو و ئیدی کەس نەیبینییەوە. ئەم فڕۆکەیە چواردە مانگ بوو کە نەفڕی بوو.

دانیل بنچیمو، چیرۆکی ون بووەکانی لە ئەنگولادا کۆ دەکردەوە. هەموو جۆرە ون بوونێک، هەرچەندە ون بووە هەواییەکانی پێ پەسند تر بوو. وادیاربوو، ون بوون لە ئاسماندا، یان ئاسمان هەڵت بکێشێت، وەکو حەزرەتی عیسا مەسیح یان دایکی، زۆر باشتر بێ لەوەی ئەرز قووتت بدات. هەڵبەتە ئەمە دروستە ئەگەر نەچێتە خانەی خوازەوە ( مجاز ). هەڵبەتە ئەو کەسایەتی و شتانەی کە بەکردەیی ئەرز قووتیان دەدات، وەکو سیمون پییر مولامبا، نووسەری فەرەنسایی یەجگار کەمن.

ئەم ڕۆژنامەڤانە، ون بووەکانی لە دە ئاستدا پۆلێن و ڕیزبەندی کرد. بۆ نموونە بنچیمو، ئەو پێنج فڕۆکەیەی کە لە ئاسمانی ئەنگولادا ون بوون، لە ڕیزبەندی هەشتەما دانیان. ون بوونی بۆینگە ۷۲۷ کەی لە ڕیزی نۆیەمدا دانا؛ سیمون پییر مولامباشی لەو خانەیەدا دانا.

مولامبا لە ۲۰۰۳/٤/۲۰ دا بە بانگهێشتی دەزگای هاوپەیمانی فەرەنسا دەعوەت کرابوو تا کۆڕێک دەربارەی ژیان و کارەکانی نووسەری سینگالی لیوبولدو سیدار سنگور بگێڕێ. ( سنگور: ۱۹۰٦ – ۲۰۰۱ ، شاعیرێکی ڕەش پێستی سینگالی و فەیلەسوفێکی داکۆکیکار بوو لە مافی بەشەر، باوکی سەربەخۆیی و یەکەمین سەرکۆماری ئەم وڵاتە بوو ) کابرایەکی باڵابەرز و بەخۆوە بوو، کڵاوێکی مەخمەڵی جوانی لە سەر بوو، کە بە ئانقەست بەلای ڕاستا دانابوو. سیمون پییر، شاری لواندای زۆر بەدڵ بوو. ئەوە یەکەم سەفەری بوو بۆ ئەفریقا.

باوکی مامۆستای سەمای لاتینی بوو، بە ئەسڵ خەڵکی پونتانیگرا بوو. باسی گەرما و شێی بۆ کردبوو، سەبارەت بە مەترسی ژنان هۆشداری دابوویێ. بەڵام بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەوراز و نشێوە یەک لە دووی یەکەکانی ژیان، و ئەو هەموو هەرا و زەنا و بۆنە ناخۆشەکانی ئامادە نەکردبوو. شەوی دووەم، ڕێک دوای کۆڕەکە، نووسەرەکە دەعوەتی ئیزابیلا مونتس – ی کە خوێندکارێکی گەنجی بەشی ئەندازە بوو، قەبووڵ کرد، تا لە یەکێک لە باڕەکانی شیکالادا، دەمێ تەڕ بکەن. شەوی سێیەم – ی بە هاوڕێیەتی دوو دەستە خوشکی ئیزابیلا، کە خەڵکی چیکالا بوون، لە حەوشەی چۆڵی کەسێکی خەڵکی کیپ وردە، بەدەم موزیک و سەمای مورنا و کولادیراوە بەسەر برد. شەوی چوارەم دیار نەما، کەس نەیزانی ئەرز قووتی دا یان ئاسمان هەڵیکێشا.

پاشکۆی ڕۆشنبیریی لە سەفارەتخانەی فەرەنسا، کە قەرار وابوو شێو دەگەڵ ئەودا بخوات، بە دوویا چوون بۆ ئەو شوێنەی کە بۆی تەرخان کرابوو و لەوێ دابەزی بوو. شوێنێکی جوان بوو لە نزیکی باڕا داکونزا. کەس نەیبینی بوو، تەلەفۆنەکەی وەڵامی نەدەدایەوە. لە ژوورەکەیدا، تەختەخەوەکەی و پێخەف و نوێنەکانی بە دەقی خۆیانەوە مابوونەوە. چکلێتێک بەسەر بالیفەکەیەوە بوو.

دانیل بنچیمو، لە پێش پۆلیسا بە ون بوون و دیارنەمانی یارۆی نووسەری زانی. تەنیا پێویستی بەوە بوو کە دوو تەلەفۆن بکات تا بزانێ کە سیمون بییر، سێ شەوی یەکەمی لە کوێ و دەگەڵ کێدا بەسەر بردووە. دوو تەلەفۆنی دیکەی کرد و، زانی کە کابرای فەرەنسیان دیتووە کە سەعات پێنجی بەیانی لە دیسکۆیەکی بازاڕی کیناکشیشی لواندا هاتووەتە دەرێ. واتە شوێنێک کە مەکۆ و پاتۆقی موهاجیرانی ئەوروپایی، کیژۆڵانی هەرزەکاری چواردە ساڵانی بەڕەڵلا و کۆڵکە شاعیرانی فشەکەری بێ بەهرەی هونەری بووە. ئەو شەوە هەرخۆی چووبوو بۆ دیسکۆیەکە. پیاوانی ورگنی لە ئارەقە هەڵکشاودا، بەبێدەنگی مژوولی ڤەخوارن بوون. ژمارەیەکیش لە دەوری مێزی تاریک ڕۆنیشتبوون، دەستیان بە ڕانی ڕووتی کیژانی منداڵکارا دێنا. کیژۆڵەیەک سەرنجی ڕاکێشا، چونکە کڵاوێکی مەخمەڵی ڕەشی، بە قردێلە و نەوارێکی سوورەوە لەسەر بوو. دەیویست لەو کیژە نزیک ببێتەوە، کابرایەکی قژ زەردی، قژ درێژی بەستراو لە شێوەی کلکە ئەسپ دا، توند بازووی گرت:- ئەم خانمە لەگەڵ مندایە.

دانیل، دڵنیای کردەوە :- خەمت نەبێ، دەمەوێ یەک پرسیاری لێبکەم.

- ئێمە حەز لە ڕۆژنامەڤانان ناکەین، تۆ ڕۆژنامەڤانی قوربان؟

- هەندێجار هاوڕێ. جار تا جار فەرق دەکات. بەڵام زیاتر خۆم بە جولەکە دەزانم.

کابرای سەرگەردان ڕەهای کرد. دانیل چاک و خۆشیەکی گەرمی دەگەڵ خانمدا کرد: شەوباش. تەنیا دەمەوێ بزانم ئەم کڵاوەت لە کوێ پەیدا کردووە.

کیژێ بزەیەکی بۆکرد:- دوێنێ فەرەنسیەکی دوڕە ( دوو رەگ ) هاتە ئێرە و لێی بەجێما؛ ونی کرد.

- کڵاوەکەی لێ بەجێما؟ ونی کرد؟

- بە گوتەیەکی دی، خۆی ون کرد، کڵاوەکەی منی دۆزییەوە.

کیژێ بۆی ڕوونکردەوە کە دوێشەو کۆمەڵێک منداڵ، ئەوانەی کە کوڕی شەقامانیان پێدەوترێ، کابرای فەرەنسییان دیتووە کە لە باڕ و دیسکۆیەکە ( سەماخانە ) هاتووەتە دەرێ، چەند مەترێک، لەو دیو باڵەخانەیەک وەستاوە تا بمیزێ، ئیدی زەوی قووتی داوە. تەنیا کڵاوەکەی لێ بەجێماوە.

- زەوی قووتی داوە؟

- وا دەڵێن، برادەری ئازیز. ڕەنگە لمی ڕەوان ( بزۆز ) بووبێ، ڕەنگە ئەفسوون و جادوو بووبێ، نازانم. منداڵەکان بە داردەستێکی درێژ کڵاوەکەیان هەڵگرتووە. منیش لێم کڕین، نها هی منە.

دانیل لە دیسکۆیەکە هاتەدەرێ. دوو منداڵ، لەسەر شۆستەیەکی ڕووبەڕووی دووکانێک ڕۆنیشتبوون تەمەشای تەلەفزیۆنیان دەکرد. دەنگی تەلەفزیونەکە نەدەگەییە دەرەوە. بۆیە هەریەکێک لە منداڵەکان، لە خۆوە و بە مەزەندە گفتوگۆی ئەکتەرەکانیان دووبارە دەکردەوە. ڕۆژنامەڤانەکە پێشتر ئەو فیلمەی بینی بوو. بەڵام دیالۆگە تازەکان، پلۆتەکەیان تەواو گۆڕی بوو. بۆ چەند ساتێک بە لەزەت و تاسەوە تەمەشای ئەم نمایشەی کرد. ماوەی ڕیکلامەکەی قۆستەوە تا دوو قسە دەگەڵ منداڵەکاندا بکات:

-ئەرێ دەڵێن بابایەک، پیاوێکی فەرەنسایی، دوێشەو لەم ناوە ون بووە، وادیارە ئەرز قووتی داوە.

یەکێک لە منداڵەکان بۆی سەلماند:- ئەرێ، ئەم شتانە ڕوودەدەن.

- بەخۆتان بینیتان؟

- نەخێر، بەڵام باباکو دیتبووی

دانیل، ڕۆژانی دواتر، پرسیاری لە منداڵانی دی کردبوو. هەمووان بە جۆرێ باسی کۆتاییە کارەساتبارەکەی سیمون – پییریان کردبوو وەکو ئەوەی بەخۆیان دیتبێتیان. بەڵام پاشان کە زیاتر کنوکۆی کردبوو، دەرکەوت کە شتاقیان لەوێندەر نەبووبوون. گومان لەوەدا نەبوو کە هیچ کەسێک لەوە بەدواوە ئەو نووسەرە فەرەنسییەی نەدیتووە. پۆلیس کەیسەکەی داخست.

لە پۆلێن بەندییەکەی بنچیمودا، تەنیا یەک ون بوو لە خانەی دەیەمدا هەبوو. ڕۆژنامەڤانەکە بەخۆی ئەو ون بوون و دیار نەمانە باوەڕ نەکردەنیەی بینی بوو. لە ١٩٨٨/٤/٢٨ دا ڕۆژنامەی ئەنگولا؛ ئەو ڕۆژنامەیەی کە دانیل کاری بۆ دەکرد، هاوڕێ دەگەڵ وێنەگرێکا، کە ناوی کوتاکوداک بوو و بە ک.ک بەنێوبانگ بوو بۆ باژێرۆکێکی ڤرێکرد بە نێوی نوڤائیسپرانزا، کە گوایە لەوێندەر بیست و پێنج ژن بە گومان و تۆمەتی مومارەسەکردنی جادووەوە کوژرابوون. دوو پەیامنێرەکە بە فڕۆکەیەکی بازرگانی لە فڕۆکەخانەی هوامبو دادەبەزن. لەوێ شوفێری تاکسیەک چاوەڕوان بوو تا بۆ نوڤائیسبیرانزایان ببات. کە گەیشتنە ئەوێندەر، دانیل دەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی جیاوازی تیرەکەدا قسەی کرد. ک.ک، وێنەی گرتن. دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو کە بۆ هەوامبو زڤڕینەوە. قەرار بوو سبەی بەیانی بە هەلیکۆپتەرێکی هێزی ئاسمانی بۆ نوڤائیسپیرانزا بگەڕێنەوە. بەڵام دەرکەوت کە فڕۆکەوانەکە ناتوانێ شوێنی گوندەکە دیاری بکات.

دوای دوو سەعات سەرگەردانی بە ئاسمانەوە، پەست و نیگەران گوتی:- سەیرە! هیچ شتێک دیار نییە، نە شار دیارە نە گوند، لە خوارەوە جگە لە گیا و ڕووەک هیچی دی دیار نییە.

دانیل، لە بێ توانایی و دەستەوەستانی گەنجەکە بێزار بوو. هەمان شوفێری بەکرێ گرتەوە کە جاری یەکەم بردبوویانی. ک. ک قەبوولی نەکرد لە گەڵیاندا بڕوات:- هیچ شتێک نییە بۆ وێنەگرتن، خۆ هەوا وێنە ناگیرێ.

ئەوسا بە دوو قۆڵی، بە ئۆتومبیل کەوتنە سوڕانەوە بەو دیار و دەڤەرەدا، بەهەمان دیمەنانی جاراندا تێ پەڕینەوە، وەکو ئەوە بوو خەون بدینن. وەک ئەو زەمانە بێ کۆتاییەی کەلە خەونا دێتەپێش، ئەوە بوو شوفێرەکە بەوپەڕی پەشۆکاوی گوتی:- ون بووین!

-ئێمە ون بووین؟ تۆ ون بووی!

کابرا بە تووڕەیی لێی ڕوانی، وای وێنا دەکرد ئەو بەرپرس بێ لە شێتاتی و ونگەکانی جیهان:- ئەلهەق ئەم جادە و بانانە زۆر بێ سەروبەرن. لێکدا لێکدا دەیکێشا بە سوکانی ئوتومبیلەکەدا: وابزانم تووشی بویەرێکی جوگرافی دەبین!

لە ناکاوا پێچپێکیان لە دوورەوە لێ دەرکەوت، ئیدی لەو هەڵەیە یان وەهمە، ڕزگار بوون. نوڤائیسبیرانزا – یان نەدۆزییەوە. بەڵام تابلۆیەکی ڕێنمایی، گەڕاندیانیەوە سەر ڕێگاکە و لەوێوە بۆ هوامبو چوونەوە. ک. ک لە ئوتێل چاوەڕوانی بوو؛ پەست و گرژ و مۆن، دەستەکانی لەسەر سینگی تێک هاڵاندبوون: خەبەرێکی ناخۆش هاوڕێ.

فیلمەکانم دەرهێنا و هەموویان سووتان. جگە لە کەرەستە و ئامێری خراپ هیچی ترمان نادەنێ. ڕۆژبەڕۆژ خراتر دەبێت.

لە بارەگای ڕۆژنامەکە، لەوە نەدەچوو کەس لە خەمی هەواڵی دیار نەمان و نەدۆزینەوەی نوڤائیسبیرانزا دا بێ. سەرنووسەرەکە، مارسلینو ئاسومیسایو دابویا مورتە، قاقا پێکەنی بوو:

-باژێرۆکێک ون بووە! هەموو شتێک لەم وڵاتەدا ون دەبێت. وادیارە هەموو وڵاتەکە بەرەو ون بوون دەڕوات، گوندێک لێرە، باژێرۆکێک لەوێندەر، کاتێ بەخۆ دەزانین، هیچ شتێک نەماوە!

لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، چەند هەفتەیەک پاش ون بوونە ئاڵۆزەکەی سیمون – پییر مولامبای نووسەری فەرەنسی، کە ڕۆژنامەکانی ئەنگولا بایەخێکی زۆریان پێدا، مارسلینو ئاسومیسایو دابویا مورتە، ناردی بەشوێن دانیل دا کە بچێ بۆ ئۆفیسەکەی. زەرفێکی شینباوی دایە دەستی: کە زانیم خەریکی کۆکردنەوەی ون بووەکانی، شتێکم بۆ لەم زەرفە ناوی. ئەم نامەیە بخوێنەوە، بزانە ڕەنگە شتێکی لێهەڵکرێنی.

## نامەکە

ڕێزدار و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەنگولا..

ناوم ماریا داپیەدادی لورنسودیاسە، دکتۆری دەروونناسیم. دەوروبەری دوو ساڵ لەمەپێش حەقیقەتێکی سامناکم کەشفکرد: من کیژێکی تەبەنی کراو بووم. دایکە بایولوجیستەکەم هەرکە منی بوو یەکسەر بە ژنێکی دیکەی سپاردبووم. ئەمە بوو بە مەراقم، بڕیارم دا بچمە بنج و بناوانی ئەم کارە و بزانم چما ئەو کارەی کردووە. لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥ دا، لودوفیکا فیرناندس مانۆ، ئەوە ناوی دایکە بایولوجیستەکەم بوو، لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە، دەستدرێژی سێکسی کرابووە سەر و دووگیان بووبوو. ئیدی لە دوای ئەم بویەرە کارەساتبارەوە، لە ماڵی ئودیتی خوشکە گەورەیدا ژیابوو کە لە ١٩٧٣ دا شووی بە ئەندازیارێکی گەنجی ئاکنجی لواندا کردبوو، ئەندازیارەکە ناوی ئورلاندو بیریرادوس سانتوسە.

ئەمانە پاش سەربەخۆیی ئەنگولا بۆ پرتوگال نەگەڕانەوە. کونسوڵخانەی پرتوگال لە لوانداش هیچ شتێکی دەربارەی ئەو جووتە لەلا نییە. بۆیە پرکێشی ئەوەم کرد نامەیەک بۆ ئێوە بنووسم تا بزانم ئایا ڕۆژنامەکەتان دەتوانێ یارمەتیم بدات و بتوانم لودوفیکا فرناندس مانو بدۆزمەوە.

دڵسۆزتان

ماریا داببیدادی لورنسو.

## تۆپینی فانتوم

فانتوم لە خەوا تۆپی. لەم ڕۆژانەی دواییدا هیچی نەدەخوارد. لە ڕاستیا هەرگیز زۆرخۆر نەبوو – شتێکی ئەوتۆ بۆ خواردن نەبوو – ڕەنگە هەر ئەم کەمخۆریەش وای کردبێ کە ئەو هەموو ساڵە بژی. ئەزموونە تاقیگەییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە ئەو مشکانەی ڕۆژانە کالوری کەم وەردەگرن، تەمەنیان درێژتر دەبێت.

لودو، لە خەو ڕابوو و بینی سەگەکە تۆپیوە. ژنەی تاین ڕووبەڕووی پەنجەرەکە و لەسەر تەختەخەوەکە ڕۆنیشت. ئەژنۆ لاوازەکانی گرتنە باوەش. سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی. پەڵە هەوری تەنکی مەیلەو پەمەیی بەرەبەرە خەریک بوو بەری ئاسمانی دەگرت. مریشکان لە سەربان قدقدیان دەکرد. دەنگی گریانی منداڵێک لە نهۆمی خوارەوە دەهاتەگوێ. لودو هەستیکرد، سینگی خاڵی دەبێتەوە. شتێک – مادەیەکی تاریک – لە ناخیەوە، لە دڵ و دەروونیەوە دەردەچوو، وەکو چۆن ئاوێک لە درزی قاپێکی شکاوەوە بچۆڕێ و ئەوسا بەسەر چیمەنتۆیەکی ساردا دابخزێ. تاقە بوونەوەرێک کە لە دنیادا خۆشی دەویست، سەگەکە بوو، ئەویشی لەدەست دابوو، تاقە فرمێسکێکی پێ نەمابوو کە بۆی بڕێژێ.

لە جێی خۆی هەستا، کڵۆ خەڵوزێکی هەڵگرت، نووکەکەی تیژ کرد و لە ژووری میواندا، چوو بەلای دیوارێکەوە کە هێشتا پاک بوو و هیچی لێنەنووسرابوو: فانتۆم ئەمشەو تۆپی، نها هەموو شتێک بێهودەیە. نیگای چاوەکانی نەوازشی دەکردم، حاڵی دەپرسیم و ورەی بەرز دەکردمەوە.

بەبێ ئەوەی کارتۆنە کۆنەکە بەسەر خۆیدا بدات چوو بۆ سەربان. ڕۆژ بەدەم باوێشک دانێکی ساردەوە کێشمانی خۆی دەدا. وادیاربوو ڕۆژی یەک شەممە بوو. شەقامەکان چۆڵ بوون. تاقمێک ژنی بینی کە بە جلکی سپی خاوێنەوە ڕێیان دەکرد . یەکێک لە ژنەکان کە ئەوی بینی دەستی ڕاستی بۆ بەرزکردەوە.

لودو، پاشەوپاش کشایەوە.

لە دڵی خۆیدا گوتی دەیتوانی باز بدات. هەنگاوێ بچێتە پێشەوە، بچێتە سەر موحەجەرەکە. زۆر بە ئاسانی.

ژنەکانی خوارەوە بۆ ساتێک دەیبینن – وەکو تارماییەکی سووک – دەشەکێتەوە و ئەوسا دەکەوێتە خوارەوە. هەنگاوێ چووە دواوە، پاشەوپاش کشایەوە، ئیدی شینایەتی، بەرینی، دڵنیابوون لەوەی کە دەبێ درێژە بە ژیان بدات، تەنانەت بەبێئەوەی شتێک هەبێ کە ماقوولیەت بە ژیانی بدات.

مردن بە دەوروبەرما دەخولێتەوە، ددانم لێگر دەکاتەوە، دەمرێنێ. دەکەوتمە سەر چۆکان و ملە ڕووتەکەمی بۆ ڕادەگرم. وەرە ،وەرە، لەزێکە دۆستی ئازیز. گاز بگرە. ڕێگەم بکە با بڕۆم. ئاە، ئەمڕۆ هاتی و پاشان لەبیرت کردم... دیسان شەو داهاتەوە... شەوانی زیاترم لە ڕۆژان بەڕێکردووە... شەو لە دوای شەو... پەنجەرەکە دەکەمەوە. شەو شەپۆل دەدا... باران دەبارێ و هەموو شتێک سەرڕێژ دەکات. شەو لەوە دەچێت گۆرانی تاریکی بچڕێت. شەو وەکو شەپۆل ڕادەبێ و شوقە و باڵەخانەکان قووت دەدات. ئەو ژنەم بیردەکەوێتەوە کە کۆترەکەم بۆ ناردەوە. ژنێکە باڵابەرز، لاواز و ڕەقەڵە، بە هەمان کەش و فشی ژنانی جوانەوە کە بەسەر واقیعیدا دەکەن دەجولێت. ئەو ژنە نها لە ڕیودی جانیرو، لە کەناراوەکانی لاگواداوا ڕێدەکات. ( وێنانم دیتوون، چەند کتێبێکی وێنەدارم لە کتێبخانەدا سەبارەت بە بەڕازیل دیتووە. ) پاسکیل سواران بەلایا تێدەپەڕن. ئەوانەی چاوی تێدەبڕن و سەر وەرناگێڕن. ئەم ژنە ناوی سارایە. من پێی دەڵێم سارا، دەڵێی لە یەکێک لە تابلۆکانی مودیگلیانی یەوە هاتووەتە دەرەوە. ( مودیگلیانی: ١٨٨٤ – ١٩٢٠ لە توسکان – ی ئیتاڵیا لەدایک بووە، زۆربەی ژیانی هونەریی لە فەرەنسا بەسەر بردووە، بە ستایلی تایبەتی خۆی لە نیگارکێشی ڕوخساراندا، ڕوخساری باریک و گەردنی درێژی کێشاون. )

دەربارەی خوا

و جۆرەها وردە وڕینە

من وای دەبینم کە باوەڕهێنان بەخودا، هەرچەندە ئەمە لە سەرووی ئیدراک و تێگەیشتنی سنووورداری ئێمەوەیە، ئاسانترە لەوەی باوەڕ بە مرۆڤی لەخۆبایی بێنین. سالآنێکی دوورودرێژە کەلە رووی تەمەڵی ڕووتەوە خۆم بە باوەڕدار دەزانم. زۆر دژوار بوو کە بێباوەڕی خۆم بۆ ئودیتی یان خەڵکانی دی باسبکەم. باوەڕم بە ئینسانیش نەبوو، بەڵام خەڵکی ئاسانتر ئەمە قەبووڵ دەکەن. لەو سالآنەی دواییەدا گەییمە ئەو قەناعەتەی بۆ ئەوەی باوەڕ بە خوا بێنین دەبێ باوەڕ و متمانەمان بە مرۆڤایەتیش هەبێ. خودا بەبێ مرۆڤایەتی نییە.

نها باوەڕم بەهیچ نییە، نەبەخوا و نە بە مرۆڤایەتی. لەوەتای فانتوم مردووە ڕوحی ئەو دەپەرستم. قسەی دەگەڵ دەکەم. هەستدەکەم گوێی لە دەنگم دەبێت . قەناعەتم وایە ئەم بابەتە نە زادەی خەیاڵە، نە بەرەنجامی هۆش و زیرەکییە، بەڵکو زادەی هێزێکی دیکەیە کە دەشێت نێوی بنەین نالۆژیکی.

چیە، دەگەڵ خۆما قسە دەکەم؟

ڕەنگە وابێ، دەشێت . من ئەو وەلی و پارسایانەم خۆش دەوێن کە لافی ئەوە لێدەدەن کە لەگەڵ خوادا قسە دەکەن. لەخۆبایی بوونی من لەوان کەمترە. من دەگەڵ خۆدا قسە دەکەم و باوەڕم وایە کە دەگەڵ ڕوحی ئارامی سەگەکەدا قسە دەکەم. بە هەرحاڵ دڵم بەم گفت و گۆیە خۆشە؛ هەست بە شادی دەکەم.

چاوەزار

هۆزانانێ دەهۆنمەوە

کورت

وەکو وێرد و نزا

پەیڤان لە شکرن

شەیتانن

ڕاونراو

کۆت و بەند

لە ویژدان

دەنەم

و مەچەکەم ڕزگار دەکەم.

ئەو ڕۆژەی لودو شاری لواندای ڕزگار کرد.

تابلۆیەکی ئاوی بە دیواری هۆڵی میوانەکەوە هەڵواسراوە، کۆمەڵێک ژنی موکابی بەدەم سەماکردنەوە نیشاندەدات. لودو، نیگارکێش و شێوەکار، ئالیا نونڤیس ئیسوزای بینی بوو. ئەم هونەرمەندە پیاوێک بوو خۆش مەشرەب، سوعبەتچی، کۆمیدی، دۆستی دێرینی زاواکەی، واتا مێردی خوشکەکەی بوو. لە هەوەڵەوە تابلۆکەی

بەدڵ نەبوو، هەموو شتە خراپەکانی ئەنگولای تیا دەبینی: هۆڤیانێ کە لە بەندی ئاهەنگ گیران بوون بە شتێکەوە – شادی، گەشبینی – بەو نامۆ بوون. پاشان بەرەبەرە، بەدرێژایی چەندین هەیڤ لە تەنیایی و بێدەنگی، حەزی چووە ئەو پەیکەرانەی کە بەدەور ئاگرێکدا دەخولانەوە و دەجولانەوە، وەکو ئەوەی ژیان شایستەی ئەو هەموو جوانیە بێت.

موبیلەکانی سووتاندبوو، هەزاران کتێبی سووتاندبوو، هەموو تابلۆکانی سووتاندبوو. تا بەتەواوەتی نائومێد نەبووبوو، تابلۆی سەمای موکامبیەکانی، لە دیوارەکە نەهێنابووە خوارەوە. دەیویست بەبیانووی جوانکارییەوە مێخەکە لە دیوارەکە دەرکێشێت؛ بەلای ئەوەوە بوونی مێخەکە لەوێدا جوان نەبوو، بەکەڵکی هیچ نەدەهات، لەناکاوا ئەوەی بەبیرا هات کە ڕەنگە ئەم پارچە کانزایە دیوارەکەی ڕاگرتبێت، ڕەنگە هاوسەنگی هەموو باڵەخانەکەشی ڕاگرتبێ، کێ چوزانێ، لەوەیە ئەگەر مێخەکە لە دیوارەکە دەربکێشێت، ڕەنگە هەموو شار هەرەس بێنێ، دابڕوخێت.

ئیدی مێخەکەی لە دیوارەکە دەرنەکێشا.

## تاپۆ وکەوتنێکی نیمچە کوشندە

نۆڤەمبەر و دیسامبەر بەبێ هەور و هەلا بوورین. مانگی شوبات هات، دنیا وشک، لودو بەچاوی خۆی وشک بوونی دەریاچەکەی بینی، لە هەوەڵەوە ڕەش داگەڕا، پاشان گیا و ڕووەکەکانی زەرد هەڵگەڕان و تەقریبەن سپی بوون، ئیدی شەوان قیرەقیری قورباغە نەدەهات. ژنەی تاین بوتڵە ئاوەکانی ژمارد. چەند دانەیەکی کەمی مابوو. بەڵام مریشک و کەڵەشێرەکان، کە ئاوی لیخنی حەوزەکەی دابوونێ، هەموو نەخۆش کەوتن و مردار بوونەوە. هێشتا هەندێ زوڕات و دانەوێڵەی مابوو، بەڵام کوڵاندنیان ئاوی زۆری دەویست، دەبوایە دەست بە ئاوەوە بگرێت.

جارێکی دی برسیەتی بەرۆکی گرتەوە. ڕۆژێک لە گەڵ شیرەی شەبەقدا ڕابوو. کابووسەکانی لەخۆی تاراند، بەلارە لار بۆ مووبەقەکە چوو. نانێکی بەسەر مێزەکەوە بینی.

–نان!

به نەباوەڕییەوە بە هەردوو دەست هەڵیگرت. بۆنی پێوە کرد.

بۆنی نان بۆ دەورانی منداڵی گێڕایەوە. خۆی و خوشکەکەی، لە کەناری دەریادا نانێکیان بە کەرەوە دابەش دەکرد. کازێکی لە نانەکە گرت، کەلە خواردنی نانەکە بووەوە، ئەوسا هەستیکرد کە دەگری. بەدەم لەرزینەوە ڕۆنیشت. کێ ئەو نانەی بۆ هێنابوو؟ ڕەنگە کەسێک لە پەنجەرەکەوە هەڵیدابێتە ژوورەوە. بە خەیاڵ گەنجێکی چوارشانەی هێنایە بەرچاوی خۆی کە نانی بۆ ئاسمان هەڵدەدا، نانەکە بە شێوەی کەوانەیی و نە ئەسپایی دەهاتە خوارەوە بۆ سەر مێزەکە. وادیارە ئەم کەسە لە دەریاچە نیمچە وشکەکەوە، ئەو نانەی وەکو بەشێک لە سرووتی بووکە بارانە و نوێژە بارانە بۆ ئاسمان هەڵداوە. ڕەنگە جادووبازێک یان قارەمانێکی هەڵدانی نان بووبێ، چونکە مەودایەکە بەڕاستی لێرەوە زۆر دوورە. لودو، ئەو شەوە زوو خەوت. لە خەونیا فریشتەیەک هاتە دیدەنی.

بەیانی زوو، شەش نانی سەندەویچی، قوتوویەک مرەبای جەوافە و بوتڵێکی گەورەی کۆکاکۆلای لەسەر مێزەکە بینی. لودو، بەدەم دڵە خورپەوە ڕۆنیشت. یەکێک دەهاتە ماڵەکەی و دەڕۆیی. هەستا. لەم مانگانەی دواییدا بینایی کەم و کەمتر بووبوو. کە ڕۆژ هەڵکشا و خۆر ڕوو لە ئاوابوون چوو، بە غەریزە و خۆبەخۆ کەوتە جم و جۆڵ، ئەم جێ و ئەو جێی دەکرد. خۆی گەیاندە سەربان. ڕۆیی تا گەییە ڕوکاری دەستەڕاستی شوقەکە کە دەیڕوانیە سەر بینایەکی دیکەی نزیک، هەر چەند مەترێک لێرەوە دوور بوو. تاقە سەمت و ڕوکارێک بوو کە پەنجەرەی نەبوو. دانەوییەوە ئەو ئەسکەلە دارینەی بینی کە دەوری شوقەکەی تەنیشتی دابوو و دروست تا ئاستی شوقەکەی ئەم هاتبوو. دیاربوو میوانە ناوەختەکە لەم ڕێگایەوە هاتبوو. بە پلیکانەکاندا داگەڕا. وادیاربوو لەبەر نیگەرانی یان کەمی ڕوناکی، یان هەر هۆیەکی دی بوو، کە پلەیەکی پەڕاند، پێی هەڵنووتا و کەوت و بورایەوە. وەختایەک وەخۆ هاتەوە بۆی دەرکەوت کە ڕانی چەپی شکاوە. لە دڵی خۆیدا گوتی کەواتە ئاوایە، ڕەوتی شتەکان بەوجۆرەیە. قەرارە بمرم، بەڵام نەک بە نەخۆشیەکی نادیاری ئەفریقایی شووم، نەک بەوەی ئیشتیام نەمێنێ، یان لە بێزاری و ماندوویەتیدا، نەک دزێکم لێ پەیدا بێ و بمکوژێ، نەک ئاسمانم بەسەدا بڕوخێ. بەڵکو بەهاودەستی یەکێک لە یاسا هەرە بەناوبانگەکانی فیزیا: " ئەگەر دوو تەن لە قەوارەی م١ و م٢، فاسیلەی " ر " نێوانیان ڕەچاو بکرێ، ئەم دوو تەنە بەهێزێک کە دەگەڵ قەوارەی هەر یەکێکیاندا بگونجێ بەرەو یەکدی دەکشێن و بە پێچەوانەوە تەربیعیی مەسافەکەی نێوانیان لە یەکدییان دوور دەخاتەوە. " بچووکی قەوارەکە نەجاتی دابوو. ئەگەر کێشی، بیست کیلۆیەک زیاتر بوایە، کاریگەری و باندۆری کەوتنەکە، زۆر خراپ دەبوو. ئازارەکە لە ڕانیەوە بۆ سەرەوە سیرایەتی کرد، لای چەپی پشتی ئیفلیج کرد و نەیدەتوانی بەدروستی بیربکاتەوە. ماوەیەکی زۆر جوڵەی لەبەر بڕا، شەو لە دەرەوە وەکو ئەژدیهایەک لە دەوری چەشنەکەی پەپکەی دابوو، گەمارۆی دار ئاکاسیا سەوزەکانی جادە و مەیدانەکانی دابوو. ئازار و دەرد حەشری دەکرد. ئازار گازی لێدەگرت، زاری وشک بوو، هەوڵیدا زمانی بتفێنێتەوە، وەکو ئەوە بوو بەشێک نەبێت لە ئەو. یان پارچە تەپەدۆرێک بێ و لە ئەوکی گیرابێ.

بیری لە بوتڵە کۆکا کۆلاکە کردەوە. لەو بوتڵانەی کەلە گەنجینەکە هەڵیگرتبوون. دەبوا نزیکەی پازدە مەترێک خۆی بکێش بکات. دەستەکانی درێژ کرد، دەستی لە چیمەنتۆکە گیرکرد و پشتی ڕاست کردەوە. وەکو کەسێک بە تەورێکی تیژ لنگی ببڕنەوە هاواریکرد. هاوارێکی کرد کەلە هاوارەکەی خۆی ترسا.

لەبن لێوانەوە گوتی: هەموو باڵەخانەکەم لە خەو ڕاپەڕاند.

سەرۆکی بچووکی لە شوقەکەی تەنیشتەوە ڕاپەڕاند. کابرای بازرگان و قۆنتەراتچی خەوی بە کیانداوە دەبینی. هەمان خەون شەو لە دووی شەو دووبارە دەبوونەوە. نیوەشەو دەچووە سەر بانێژەکە و تیشکێکی دەبینی کەلە دەریاچەکەوە دەدرەوشایەوە. قەوارەی تیشکەکە زیاد دەبوو، دەبوو بە کەسک و سۆرێکی ( کۆڵکە زێڕینە ) بازنەیی، بە میوزیک، لەم بەینەدا کابرای بازرگان و قونتەراتچی هەستی دەکرد، کێشی خۆی لەدەست دەدات.

کە ڕوناکیەیە لێی دەدا، بێدار دەبووەوە. ئەمجارە زووتر بێدار بووەوە، چونکە تیشکەکە هاواریکرد، یان وای هاتە خەیاڵ کە هاواردەکات، وادیاربوو درز بردنی لە ناکاوی قوڕاو و بۆقەکان هێنایانە هاوار. لە سەر تەختەخەوەکەی ڕۆنیشت، هەناسەی تەنگ بوو، دڵی بەتووندی لێی دەدا، هەستی دەکرد خەفە دەبێت. ئەو کاتەی بیرکەوتەوە کە لەو ژوورەدا دەرگاکەیان لەسەری داخستبوو. هەندێجار گوێی لە حەپەی سەگێک دەبوو. گوێی لە دەنگی دووری ژنێک دەبوو کە گۆرانی فولکلوری دەگوت.

پاپی بولینگو دڵنیایی کرد: شوقەکە جنۆکەی هاتوەتێ. دەنگی حەپەحەپی سەگێک دێت کە کەس نەیدیتووە، دەڵێی تاپۆ و تارمایی سەگێکە. دەڵێن دەتوانێ بە دیواراندا ڕەت ببێ. کە وەختایەک دەنووی دەبێ ئاگات لەخۆ بێت. ئەم سەگە بە دیواراندا ڕەت دەبێ، دەوەڕێ. حەو حەو حەو، بەڵام تۆ نایبینی، تەنیا حەپینەکەی، سەگوەڕەکەی دەژنەوی، ئیدی دێتە خەونەکانت، بەوئاوایە خەونەکانت پڕ دەبن لە سەگوەڕ. ڕونیشڤانێکی باڵەخانەکە، لە نهۆمی خوارەوە، گەنجێکی پیشەکار و وەستا بوو بەنێوی یوستاکیو، بەیانیەک لە خەو ڕابوو، زمانی بەسترابوو. نەیدەتوانی قسە بکات. تەنیا دەوەڕی. ئیدی پزیشکێکی زۆر بەنێوبانگیان بۆ هێنا کە بەماوەی پێنج ڕۆژ ئەوسا توانی ڕوحی سەگەکە و سەگوەڕەکەی لە کەللەی یوستاکیو، بتارێنێ.

سەرۆکی بچووک، دیزاینی باڵەخانەکەی بەلاوە سەیر بوو. سەری لەو دیوارەی ناوەندی داڵان و ڕاڕەوەکە سوڕما، ئەمە شتێک بوو کە لە نهۆمەکانی دیکەدا نەبوو، دەبوایە لەو نهۆمەدا شوقەیەکی دیکەش هەبوایە – بەڵام لە کوێ بوو؟

لەم بەینەدا، ڕێک چەند مەترێک لەولاترەوە، لە سەمتەکەی تری دیوارەکەوە، لودو، خەریک بوو بە خۆرتی خۆی بۆ مووبەقەکە بکێش دەکرد. دەگەڵ هەر سانتی مەترێکدا هەستیدەکرد زیاتر لەخۆی دوور دەکەوێتەوە. یەکەم پرتەوی سپێدە ئەوی لە هۆڵی دانیشتنەکەدا، نزیکەی دوو مەتر دوورتر لە دەرگاکە، ئەوی بەبێ جووڵە بینی. تایەکی گەرمی لێهاتبوو، خەریک بوو دەسووتا. تینوویەتی لە ئازارەکە زیاتر عەزابی دەدا. دەوروبەری سەعات دووی دوانیوەڕۆ، بە لەپەکوتێ گەییە دەرگاکە. بورایەوە. کە چاوی کردەوە، ڕوخسارێکی نەناسی لە بەردەم خۆیدا بینی، دەستی بۆ چاوی برد، هەڵیگڵۆفتن، ڕوخسارەکە هێشتا هەر لەوێ بوو؛ لە جێی خۆی بوو. منداڵێک بوو، وای هاتەبەر چاو کە ڕوخساری منداڵێکە بە دوو چاوی درشت و حەپەساوەوە:

– تۆ کێی؟

– نێوم سابالویە.

– لە ئەسکەلەکەوە هاتوویتە ژوورەوە؟

– بەڵێ بە ئەسکەلەکەدا هاتمە سەرەوە. ئەسکەلەیان لە شوقەکەی تەنیشتەوە داناوە، خەریکە بۆیەی دەکەن. ئەسکەلەکە دەگاتە نزیکی سەربانەکەی ئێوە. دوای ئەوە چەند سەندووقێکم نایە سەریەک و سەرکەوتم. کارێکی ئاسان بوو، تۆ چۆنی، کەوتووی؟

– تۆ چەندساڵی؟

– حەوت. چییە، خەریکە دەمریت؟

– نازانم. تا ئێستا وامدەزانی مردووم. ئاو، برۆ تۆزێ ئاوم بۆ بێنە.

– پارەت پێیە؟

– بەڵێ، هەر پارەیەکت بوێ دەتدەمێ، بەڵام برۆ چۆڕێ ئاوم بۆ بێنە.

کوڕیژگەکە ( مێرمنداڵ ) هەستا، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد:

– هیچ شتێک لێرە نییە. تەنانەت موبێلە و کورسیشی لێ نییە. وادیارە تۆ لەمنیش نەدارتر و بەلەنگازتری. پارە لە کوێ دێنی؟

– ئاو!

– باشە داپیرە، دڵ لە دڵ مەدە، دەڕۆم سۆدەت بۆ دێنم.

بوتڵە کۆکاکۆلاکەی لە مووبەقەکەوە هێنا. لودو، بە تامەزرۆییەوە، دەمی نا بەسەری بوتڵەکەوە. کە هەستی کرد تامی زۆر شیرینە سەری سوڕما، ڕاچڵەکی، ساڵانێک بوو تامی شەکری نەکردبوو، تامی شیرینی و شەکری لەبیر چووبووەوە. بە منداڵەکەی گوت کە بڕوات لە مووبەقەکە جانتاکەی، کە پارەی تیابوو، بۆ بێنێ.

سابالو، گەڕایەوە، قاقا پێدەکەنی، سەفتە ئەسکەناسەکانی هەڵدەدا و بەسەر خۆیا بڵاوی دەکردەوە.

– داپیرە، ئەمانە بەسەر چوون، بە پارە نایەنە ژماردن لە باو کەوتوون، لە بازاڕ ناچن.

– چەتاڵ و چەقۆی زیوم هەن. ئەوانە بۆ خۆت ببە.

منداڵەکە دووبارە لە قاقای پێکەنینی دا.

– زووتر بردوومن هەستت پێنەکردووە؟

– نەخێر. تۆ بووی کە دوێنێ نانت هێنابوو؟

– پێرێ بوو. ناتەوێ بە تەلەفۆن داوای دکتۆر بکەیت؟

– نا، نامەوێ!

– دەتوانم بانگی یەکێک لە دراوسێکانت بکەم. دیارە دراوسێت هەیە.

– نا، نا، بانگی کەس مەکە.

– خەڵکیت خۆش ناوێن؟ منیش خەڵکیم خۆش ناوێن.

لودو، دەستی بەگریان کرد:– بڕۆ دەرەوە، بڕۆ!

سابالو، ڕابوو.

– دەرگای چوونە دەرەوە لە کوێیە؟

– دەرگا نییە، لە کوێوە هاتووی لەوێندەرەوە، بڕۆ.

سابالو، کۆڵەپشتیەکەی لە کۆڵی بەست و ڕۆیی. لودو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. پشتی دا بە دیوارەکەوە. ئازارەکەی سووکتر بووبوو: ڕەنگە ئەگەر لێگەڕابا منداڵەکە دکتۆری گاز کردبا، باشتر بوایە. پاشان بیری کردەوە لەگەڵ دکتۆرا پۆلیس دەهات، پاشان ڕۆژنامەڤانان دەهاتن و ئەمیش لەسەربان یەکێکی لە چاڵ نابوو. بۆیە وای پێ چاک بوو لێرەدا بمرێ، وەکو زیندانیەکی ئازاد، وەکو چۆن سێ ساڵی ڕابردووی بەو ئاوایە بردبووە سەر.

–ئازاد؟

زۆرجار کە لە سەرێ ڕا دەیڕوانیە شەقامەکە و حەشاماتی خەڵکەکە کە بەدەوری باڵەخانەکەدا دەسوڕانەوە، دادەگژانە سەر و گوێلاکی یەکدی یان گوێی لە هەرا و زەنا و هۆڕنی ترومبیلان دەبوو، یان تکا و پاڕانەوە و جنێودانی خەڵکەکەی دەژنەوت، هەستی بە ترسێکی کوشندە دەکرد، هەستی دەکرد ئابلۆقە دراوە: دنیای لێبووە بە چەرمی چۆلەکە. هەرکاتێ ویستبای بچێتە دەرەوە، لە کتێبخانەکەدا بۆ کتێبێک دەگەڕا. کە دوای سووتاندنی هەموو موبیلە و کورسییەکان، دەرگا و پارکێتە تەختەکان، ئەو کتێبانەی دەسووتاند. هەستی دەکرد ئازادی خۆی لە دەست دەدات. وەکو ئەوەبوو ئاگر لە گۆی زەوی بەربدات. وەختایەک جورج ئامادو – ی ( جۆرج ئامادو ١٩١٢ – ٢٠٠١ نووسەری بناڤ و دەنگی بەرازیلی کە زۆربەی چیرۆکەکانی دەربارەی ویلایەتی باهیایە. سایوسانڤادور ناوەندی ویلایەتی باهیایە " لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل " و ئیلەبوس – ش لە شارە گەورەکانی ئەوێندەرە. ) سووتاند، ئیدی نەیدەتوانی بۆ ئیلەیوس و سایولسالڤادور بڕوات. بە سووتاندنی یولیوسیس – ی جیمز جۆیس ئیدی دبلین – ی لەدەست دا ( یولیوسیس، شاکاری جیمز جویسە ١٨٨٢ – ١٩٤١ کە لە شەو و ڕۆژێکا، لە دبلینی ناوەندی کۆماری ئیرلاندەدا ڕوودەدات. ) وەختایەک سێ بەوری خەمینی لەناوبرد، وەکو ئەوە بوو هاڤانای کۆنی سووتاندبێ ( سێ بەوری خەمین، ١٩٦٥ نووسینی گییر موکایریرا ئینفاتی ١٩٢٩ – ٢٠٠٥ کە ڕووداوەکانی لە کوبای کۆندا ڕوویان داوە. ئەم ڕۆمانە لە ڕیزی شاکارە ئەدەبییەکانی دنیادا دانراوە. ) کەمتر لە سەد کتێب مابوو. زیاتر لە سەرسەختیا ئەو کتێبانەی هێشتبووەوە، نەک لەبەر ئەوەی پێویستی پێیان بێت. بینایی بەڕادەیەک کز بووبوو تەنانەت بە زەرەبینیشەوە، ئەگەرچی کتێبەکەی دەدایە بەر تیرۆژی ڕاستەوخۆی هەتاوەکە و بەدەم ئارەقە دەردانەوە، وەکو ئەوەی لە ساوناودا دانیشتبێت، تا عەسرێکی درەنگ بە حەلا حەلا یەک لاپەڕەی بۆ دەخوێنرایەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، فێری ئەوە بووبوو، هەندێ لە ڕستە و دەستەواژە دڵخوازەکانی خۆی، لە هەندێ لەو کتێبانەوە کە لەلای مابوونەوە، دەردەهێنا و بە پیتی درشت لە سەر ئەو دیوارانەی دەنووسینەوە کە هێشتا پاک بوون و هیچیان لەسەر نەنووسرابوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: " ئەم بایە لەم کونەوە بێت، زۆری پێناچێت بەڕاستی دەبم بە زندانی. حەزناکەم لە زنداندا بم. " ئەوسا خەوت. بە نەرمە قاقایەک بێدار بووەوە. دیسان کوڕێژگەکە لە بەردەمیا بوو، لەبەر پرتەوی لەرزۆکی زەردەپەڕی ئێوارێ دا، وەکو تاپۆ و تارماییەکی لاواز دەهاتە بەرچاو.

–چیترت دەوێ؟ چەقۆ و چەتاڵەکانت برد، هیچی دیکەم نین.

سابالو، دیسان پێکەنی:– داپیرە! وامزانی مردوویت.

کۆڵە پشتیەکەی لەبەرپێی خانم دا دانا.

–دەرمانم کڕیوە. یەک بار دەرمانم کڕیوە. فریات دەکەوێ، چاکت دەکاتەوە.

لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشت: کۆکاکۆلاشم کڕیوە. خواردن، مریشکی برژاو. برسیتە؟

هەرلەوێ نانیان خوارد، نان و مریشکەکەیان دابەشکرد. سابالو، ئەو دەرمانانەی نیشاندا کە کڕی بوونی: ئارام بەخش و ئەنتی بایوتیک.

چووم بۆ ڕوکی سانتیرو. قسەم دەگەڵ کەسێکدا کرد. گوتم بابم لە دایکمی داوە، قۆڵی شکاندووە، ڕووی نایەت خۆی نیشانی پزیشک بدات. ئیدی خاوەنی دەرمانخانەکە ئەم دەرمانانەی دامێ، لە پارەی فرۆشی چەقۆ و چەتاڵەکان پارەکەیم دا. زۆریشی لێماوەتەوە. دەتوانم لە ماڵی تۆدا بخەوم؟

سابالو، یارمەتی پیرەژنی دا، هەڵیساند و گەیاندیە ژوورەکەی خۆی، لەسەر تەختەخەوەکە ڕایکشاند. ئەوسا لەلایەوە ڕاکشا و خەوت. بەیانی چوو بۆ بازاڕ هەندێک سەوزەوات، میوە، شقارتە، خوێ، چەند جۆرە بەهاراتێک و دوو کیلۆ گۆشتی گوێرەکەی ( گۆلک ) کڕی و گەڕایەوە. هەروەها تەباخێکی چکۆلەی، لەوانەی لە سەیرانا بەکار دەهێنرێ و بوتڵێکی بچووکی غازیشی هێنابوو. ئیدی بە ڕێنمایی لودا، لە ژووری نووستنەکە و لە سەرئەرزەکە دانیشت و خواردنی لێنا. هەردووکیان بە تاسووقەوە نانیان خوارد. ئەوسا قاپەکانی شۆرد و لە لایەکەوە داینان. بە کونجکاوی و لاپرەسەنیەوە کەوتە گەڕان بەنێو شوقەکەدا.

- دەزانی کتێبت زۆرن.

- زۆرن؟ بەڵێ زۆرم هەبوون. ئێستا کەمن.

- من قەت ئەوەندەم کتێب نەدیتووە.

- خوێنەواریت هەیە؟

- پیتەکانم بەباشی بۆ لێک نادرێن. تەنیا یەک ساڵ لە قوتابخانە بووم.

- حەز دەکەی فێرت بکەم؟ فێری خوێندنەوەت دەکەم، تۆش دوایی کتێبم بۆ بخوێنەوە.

لەو ماوەیەدا لودو خەریک بوو قۆناغی چاکبوونەوەی دەبڕی، سابالو فێری خوێندنەوە بوو. پیرەژن فێری یاری شەترەنجیشی کرد. کوڕێژگەکە زوو فێر بوو. بەدەم یاریکردنەوە باسی ژیانی خۆی بۆ لودو دەکرد. ئەمە بۆ پیرەژن وەکو ئەوە بوو، بوونەوەرێکی فەزایی، باسی نهێنی هەسارەیەکی دووری بۆ بکات. عەسرانێک سابالو بینی کە ئەسکەلەکە کۆ دەکەنەوە.

-باشە ئیدی چۆن لێرە بچمە دەرەوە؟

لودو، خەمبار بوو:- نازانم!

- باشە تۆ خۆت، چۆن هاتوویتە ژوورەوە؟

- من نەهاتوومەتە ژوورەوە، هەمیشە لەم خانووەدا ژیاوم.

کوڕێژگەکە بەسەرسامی تەمەشای کرد. لودو چاری نەما. تا بەر دەرگا سەرەکییەکەی برد، دەرگاکەی کردەوە و ئەو دیوارەی نیشاندا کە بەخۆی بەرلە سی ساڵ دروستی کردبوو تا شوقەکەی لە باقی باڵەخانەکە جیابکاتەوە.

- دنیا لەودیوی ئەم دیوارەوەیە.

- بۆم هەیە دیوارەکە بڕوخێنم؟

- دەتوانی، لێ دەترسم. زۆر دەترسم.

- مەترسە داپیرە. من دەتپارێزم.

کوڕێژگەکە ڕۆیی و قوڵینگێکی هێنا. دوای پێنج شەش جەربەزەی توونـد کونێکی کردە دیوارەکە. لە کونەکەوە تەمەشای کرد، لەو بەرەوە ڕوخساوی حەپەساوی سەرۆکی بچووکی بینی:- تۆ کێی؟

سابالو، بە دوو جەزرەبەی دی کونەکەی بەرینتر کرد. خۆی ناساند:- نێوم سابالو ئیشتیفاو کابیتانگویە، قوربان. دەمەوێ ئەم دیوارە بڕوخێنم.

کابرای قونتەراتچی، گەرد و تۆزی گڵ و گەچەکەی لە خۆی تەکاند. دوو هەنگاو چووە دواوە:- ئەی خوایە، لە کام هەسارەوە هاتووی؟

کوڕێژگەکە دەیتوانی هەمان وەڵامە درەخشانەکەی گۆرانی بێژ ئیلزا سواریس بداتەوە ( گۆرانیبێژێکی بەرازیلیە لە ساڵی ١٩٣٠ دا لەدایکبووە، بەگۆرانی سامبا بەنێوبانگە. لە ساڵی ١٩٩٩ دا نازناوی گۆرانیبێژی هەزارەی دراوەتێ. ) وەختایەک ناقبری لە قۆناغی هەوەڵی کارەکەیدا و لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا دەبێ، کیژێکی لاوازی شڕپۆش و شڕۆڵە دەبێ، وەختایەک ئەری باروزو ( ( ١٩٠٣ – ١٩٦٤ ) ئاوازدانەرێکی بەرازیلی بوو ) دروست هەمان پرسیاری لێکردبوو ( لە پشتەوە هۆڵەکە خەریک بوو لە پێکەنینی ئامادەبووواندا بڕوخێ. کەچی یەکێک لە منداڵەکانی خەریک بوو لە ماڵەوە دەمرد )، لە وەڵاما گوتبووی: من لە هەسارەی برسیەتیەوە هاتووم. بەڵام سابالو، نەناوی ئیلزا سواریس – ی بیستبوو و نەناوی ئەری باروزو، بۆیە شانەکانی هەڵتەکاند و بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە:

– ئێمە لێرە دەژین.

– ئێوە؟

– من و داپیرەم.

– ئێوە لێرە دەژین؟ شوقەیەک لەودیوی دیوارەکەوە؟

– بەڵێ.

– لە کەیەوە لەوێ ئاکنجین.

– لەوەتای دنیا هەیە.

– بەڕاست؟ ئەدی چۆن دەهاتنە دەرەوە؟

– نەدەهاتینە دەرەوە. تەنیا لێرە دەژیاین. نها، ئیدی دەست بە دەرچوون دەکەین.

سەرۆکی بچووک، حایر و حەپەساو سەرێکی لەقاند:

–زۆرچاکە، زۆرچاکە، کەلە ڕوخاندنی دیوارەکە بوویتەوە دەبێ داڵان و ڕاڕەوەکە خاوێن بکەیتەوە. نامەوێ یەک زەرە گەرد و تۆز بدینم، تێگەیشتی؟ ئێرە کەلاوە نییە. نها ئێرە باڵەخانەیەکی ڕێک و پێکی جوان و ئاوەدانە وەکو سەردەمی کۆلۆنیالی.

بۆ شوقەکەی خۆی زڤڕییەوە، چوو بۆ مووبەقەکە، بیرەیەکی لە بەفرگرەکە دەرهێنا، ڕۆیی تا لە بانێژەکەدا بیخواتەوە. هەندێجار خۆزگەی بەو ڕۆژانە دەخواست کە وەکو شێتێکی پەتەڕی و کڵۆڵ بە سەعاتان لە شەقام و مەیدانەکاندا دەخولایەوە. دنیای نقومی خۆرەتاو و هیچ نهێنیەکی تیانەبوو. هەموو شتەکان ڕوون و ڕۆشن و

خۆیا بوو، تەنانەت خوداش، کە لە شێوەی جۆراوجۆردا دەردەکەوت، هەندێجار کە خۆر ئاوا دەبوو، دەهاتە بەردەمی تا چەند قسەیەکی شیرینی لەگەڵدا بکات.

## خەماوای موتیاتی

ئەمڕۆکە ژمارەی ئەندامانی تیرەی کوڤالی ( کوڤالی: یەکێکە لە لقەکانی زمانی بانتو و هیررا ) لە پێنج هەزار کەسێک تێناپەڕێت، بەڵام دەڤەرێکی بەرینیان بەدەستەوەیە، پتر لە نیوەی ستانی نامیبی دەبێت ( نامیبی، یەکێکە لە ستانەکانی ئەنگولا، کەوتووەتە باشووری ڕۆژئاوای ئەنگولاوە لە کەناری ئوقیانووسدا. لە سەردەمی کونیالیدا ناوی ماسامیدیس بوو. ) لە حاڵی حازردا، بەگوێرەی پێوەر و بۆچوونەکانی خۆیان، خەڵکێکی بووە و خۆش گوزەرانن: چێڵی زۆریان هەیە. جگە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ستان و هەرێمەکەیان، ئیدی دەڤەرەکەیان لە بویەرێن ڕاستەوخۆی شەڕ دوور بووە؛ لەو ساڵانەی دواییدا بارانی باش باریوە، بە کێمانی ئەوەندە باریوە کە ماڵات و ئاژەڵەکانیان بەبێ خەمی بەڕێوە بچن. ( بگرە ساڵانی پڕ بەرەکەتیانش هەبووە و ماوەیەکی زۆرە ساڵانی قات و قڕییان بەخۆوە نەدیتووە. )

وێڕای ئەوەش، ئەو ڕێگەیەی کە ئەنگولا لەم ساڵانەدا گرتوویەتیەبەر، دووچاری کێماسی خۆراکی کردوون. ناتوانن چێڵ و جوانەگایەکانی خۆیان بە گەنمەشامی بگۆڕنەوە. ئەم ناکۆکی و هەڤدژیە زەقە – ئەم هەموو جوانەگا و ماڵاتە و ئەم هەموو برسییەتیە– ش بە نیشانەیەکی دیکەی نائاسایی دێتە ژماردن. بەڵام ئایا ئەم حاڵەت و دیاردەیە بۆ ئەنگولاش دروست نییە؟ ئایا ئەم هەموو نەوتە و...

روی دوراتی دی کارڤالیو، لە کتێبی هۆزانان بۆ دەریاوانان، بۆچوونێکی کورت و سەرەتایی دەربارەی شوانکارانی کوڤالی، لواندا، لە بڵاوکراوەکانی ئینالد، ١٩٩٧. ( روی دوراتی دی کارڤالیو ١٩٤١ – ٢٠١٠، نووسەر و فیلمسازی ئەنگولایی کە هەندێ لە لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی خەڵکی کوڤالە. )

کابرای ئاسایش (جاسووس) بە چیچکانەوە هەڵتووتا. ڕێک چاوی بڕییە ئەو پیرەمێردەی لە چەند مەتری ئەوەوە قیت دانیشتبوو. پرشنگی ئاسمان لە چاوی دەدا، گێژی دەکرد و بەرچاوی لێڵ دەکرد. ڕوویکردە دەلیل و ڕێنوێنەکە:– ئەو پیرەمێرە، ئەوەی ئەوێندەر دوڕەیە؟

دەلیلەکە پێکەنی. پێدەچوو، پرسیارەکە نیگەرانی کردبێ.

– دەشێت. ڕەنگیشە بابایەکی سپی بێ و هەفتا ساڵ بێ بۆ ئێرە هاتبێ. ئەم شتانە ڕوویان دەدا، ئەمڕۆش ڕوو دەدەن. ئەمانە ژنەکانی خۆیان پێشکەش بە میوانەکانیان دەکەن. بەمەت نەدەزانی؟

– بیستوومە.

– بەڵێ، ئەوکارە دەکەن. لێ ئەگەر ژنەکە قاییل نەبێ کێشە نییە، ناچار ناکرێن. ژنان لێرەدا دەسەڵاتیان لەوە زیاترە کە هەندێ کەس وێنای دەکەن.

– گومانم نییە. لێرە و لە هەر شوێنێکی دی. ئەنجام ژنان هەموو دەسەڵاتێک دەگرنە دەست.

ئەوسا ڕوویکردە پیرەمێردەکە و گوتی: زمانی پرتوگالی دەزانی؟

کابرای پیرەمێر، دەستی ڕاستی بەسەری خۆیدا هێنا، کە شتێکی وەکو کڵاوی لەسەر بوو، زۆر جوان بوو، هێڵی سوور و زەردی تیابوو. مۆرە و خێسەیەکی کپ و ڕاستەوخۆی لە مونتی کرد، چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی. دەمە – نیمچە بێ ددانەکانی کردەوە و بزەیەکی شیرینی بەڕوویدا دا، بزەیەکی نەرم کە وەکو گەرد لە هەوای درەخشاندا بڵاو بووەوە. ئەو کوڕیژگەیەی کە لەلایەوە ڕۆنیشتبوو، شتێکی بە دەلیلەکە گوت و ئەویش پاچڤەی کرد:

–دەڵێ یارۆی پیرەمێرد قسە ناکات. قەت قسەی نەکردووە.

مونتی ڕابوو، بەسەری قۆڵی کراسەکەی ئارەقەکەی سەروچاوی سڕی:

–پیاوێکم بیردەخاتەوە، کە ساڵانێک لەوەپێش دیتبووم. مرد. حەیفێ. چونکە حەزم دەکرد خۆم بیکوژم. ئەمڕۆکە خۆمیش پیربووم، بیرەوەری و یادگاریان هێرشم بۆ دێنن، کۆمەڵێک بیرەوەری ڕوون و ڕۆشن، بەشێوەیەکی باوەڕ نەکردەنی ڕابردووم لە مێشکا زندوو دەکەنەوە، وەکو ئەوەیە یەکێک خۆی بە مێشکمدا کردبێ و بە تاسەوە ئەلبومێکی وێنەی کۆنم بۆ هەڵبداتەوە.

بە سەعاتان، بەدوو قۆڵی، بە بەستێنی ڕووبارێکدا ڕێیان دەکرد کە ئاوەکەی وشکی کردبوو. جەنەڕاڵێکی هاوڕێی ڕۆژگاری خەبات کە مولکێکی ( مەزرا ) گەورەی لەو نزیکانە کڕی بوو تا بیکات بەدیاریی بۆ کچەکەی، جەنەڕاڵ، مونتی بانگ کردبوو. جەنەڕاڵ حەسارێکی مکوومی لە دەوری مولک و مەزراکە کێشابوو، کە ڕێگەی لە هاتوچووی لەوەڕگەی تەقلیدی مێگەل و ماڵاتی موکابالەکان دەبڕی. ئیدی شەڕە تەقە لە نێوان هەردوولادا دروست بوو. بۆ سبەی شەو، دەستەیەک لە گەنجانی موکابال، هێرشیان کردە سەر مەزراکە و دوای ڕەڤاندنی نەوەیەکی چواردە ساڵانی جەنەڕاڵ و بە تاڵان بردنی بیست سەر ئاژەڵ، هەڵاتبوون.

مونتی، دوو شەقاوان لە کابرای پیرەمێر چووە پێشێ:

–دەتوانم مەچەکت بدینم؟ مەچەکی دەستی ڕاستت؟

یارۆی پیرەمێر پێشتەماڵێکی سادەی لە ناوقەدی ئاڵاندبوو. جۆرەها ڕەنگی سوور و نارنجی دەنواند. دەیان گەردانەی لەمل کردبوو، جۆرەها بازنی پانی مس لە دەستیا دەدرەوشانەوە، مونتی توند دەستی گرت، خەریک بوو بازنەکانی دەردێنا کە لە ناکاوا بە زەبری جەزرەبەیەک پەرتی سەر زەوی بوو. ئەو کوڕیژگەیەی کەلە تەنیشت پیرەمێرەکەوە ڕۆنیشتبوو، لە جێی خۆی تەکانی دا و ڕابووە سەرپێیان و تا توانی مستێکی بە سینگی کابرا دا کێشا. یارۆی جاسووس(ئاسایش) بەپشتا کەوت. ئەوسا سوڕایەوە، چەند مەترێک دوور کەوتەوە، بەچوار چنگۆڵە ڕۆیی، هەوڵیدەدا نەفەس تازە بکاتەوە و وەخۆبێتەوە. لەکاتێکا لە پشتیەوە قەرقەشە و دەمەقاڵەیەکی توونـد لە ئارادا بوو. ئەنجام بەزەحمەت توانی خۆی بەپێوە بگرێ. هەرا و زەنا و قەرقەشەکە سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشابوو. گەنجان بە پێستی گەش و پاراوی سەوزباوی، ژێر زەردەپەڕی ئێوارەوە، پەرجوئاسا بەدیار کەوتن و لە دەوری یارۆی کالەمێر خڕ بوونەوە. کوتەکە درێژەکانیان بادەدا. هەنگاوی ڕەقس ئامێزیان دەنا. هەڵبەز ودابەزیان دەکرد. هاواریان دەکرد. یارۆی دەلیل و ڕێنوێن بە ترسەوە کشایەوە:– ڕەوشەکە، شلۆقە هاوڕێ، وەرە با بڕۆین.

مونتی نها کە لە لواندا لە پشت مێزی بارێکەوە ڕۆنیشتبوو و بەدەم قومی بیرەی ساردەوە، ئەو شکستە حەیابەرەیەی وەرد دەدایەوە، وێنەیەکی ناخۆش و لە هەمان کاتدا ڕوونی، لە زەین و خەیاڵی خۆیدا دووبارە دەکردەوە:

-وەکو سەگ کلکمان لە گەڵۆزی خۆ نا و هەڵاتین، ئەوەندەمان تەپ و تۆز خوارد، کە دادەنیشتین، لە جیاتی گو، خشتمان دادەنا.

کاتێ ون بووەیەک ( یان دوو ون بوو ) کەشف دەبێ،

یان مارکس گوتەنی چۆن هەر شتێکی ڕەق و پۆلائاسا

لە هەوادا دەبێ بە دووکەڵ و دەچێ بە ئاسمانا.

مانگو موریرا مونتی، بەیانیەکی تاریک بێدار بووەوە و هەستی دەکرد لە ڕوبارێ دەچێت کە لە ڕێژگاوەکەی دابڕاوە. باران لە دەرەوە بەرەو خۆشبوونەوە دەچوو. ژنەکەی بە جلکی ژێرەوە و بە جووتێ نەعلەوە لە سەر تەختەخەوەکە ڕۆنیشتبوو و قژەکەی شانە دەکرد.

مونتی گوتی: تەواو. لەوەی پتر تەحەموول ناکەم.

ماریا کلارا، بەئارامی دایکێکەوە تەمەشای کرد:- باشتر گیانەکەم، کەواتە نها دکارین خۆش بژین.

ساڵی ٢٠٠٣ بوو، حیزب ڕەوت و ڕێبازێکی تازەی گرتبووە بەر، ئەمە تووڕەی دەکرد. قابیل نەبوو دەستبەرداری ئارمان و ئایدیالە کۆنەکانی ببێت. قابیل نەبوو ملکەچی ئابووری بازاڕ ببێت و لە هێزە سەرمایەدارەکان نزیک ببێتەوە. وازی لە دام و دەزگا ئەمنیەکان هێنابوو و بووبوو بە جاسووس و خەفیەی تایبەتی. مشتەرییەکان بە ڕێنوێنی و ئامۆژگاری دۆستانی هاوبەش دەهاتن بۆلای تا زانیاری سەبارەت بە کۆمپانیای هەڤرک، دزی گەورە یان سەبارەت بە خەڵکانی گوم بوو، لێوەربگرن. هەروەها ژنانی نائومێدیش، بەنیازی ئەوەی بەڵگەیەکیان سەبارەت بە خیانەتی مێردەکانیان دەست بکەوێ، سەردانیان دەکرد. پیاوانی بەدگومان و دڵپیس، پارەیەکی زۆریان دەدایێ تا چاودێری ژنەکانیان بۆ بکات. مونتی، قابیل نەبوو ئەم جۆرە کارانە بکات کە بەخۆی ناوی نابوون " کێشەی تەختەخەو " ئەم جۆرە کارانەی بەهاوکارانی دی دەسپارد. ئەوجۆرە کەسانەی دەنارد بۆلای هاوکارانی دی.

عەسرێک، سەروکەللەی ژنی بازرگان و قونتەراتچیەکی بەنێوبانگ لە ئۆفیسەکەی پەیدا بوو. دانیشت و وەکو شارون ستون لە فیلمی غەریزەی ئەسڵی ( شارون ستون لە دایکبووی ١٩٥٨ کەلە فیلمی Basic Instict دا دەوری دیتووە ) لاقە جوانەکانی نانە سەریەک، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:- دەمەوێ مێردەکەم بکوژی.

- چۆن؟

- بەهێواشی. زۆر بەهێواشی.

مونتی، لە سەر کورسیەکەی خۆیەوە بۆ پێشەوە دانەوییەوە. ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی تەمەشای کرد، بەتەمابوو پەشیمانی بکاتەوە و چاو دابخات. بەڵام ژنەی تاین چاوی دانەخست:- سەد هەزار دۆلارت دەدەمێ.

مونتی بازرگان و قونتەراتچیەکەی دەناسی. کابرایەکی هەلپەرستی بێ ویژدان بوو، لە سەردەمی مارکسیستەکاندا، لە ڕێگەی دزی و فزییەوە لە دارایی گشتی گیرفانەکانی پڕ کردبوو.

- پارەیەکی زۆرە لە هەنبەر کارێکی وا بچووکدا.

- کەواتە ڕازیت؟

- چما دەتەوێ بیکوژی؟

- لە خیانەت و داوێن پیسیەکانی بێزار بووم. دەمەوێ مەرگی بدینم. ڕازی دەبی؟

- نا.

- ڕازی نابی؟

- نا، ڕازی نابم. دەتوانم بێهیچ دوودڵییەک، بیکوژم – بگرە بە لەزەتێکی زۆریشەوە ئەوکارە بکەم، بەتایبەتی کە بە هێواشیە. بەڵام هیچ سەدەمێکی ماقوولت پێنەگوتم.

ژنەی تاین، بە تووڕەیی ڕۆیی. دوای چەند هەفتەیەک ڕۆژنامەکان هەواڵی مردنی کابرای قونتەراتچیان بڵاوکردەوە. لە نێو ئوتومبیلەکەیدا، کاتێ ڕووبەڕووی باندێکی دزی چەکدار بووبووەوە، کوشتبوویان.

مونتی، تا ئەمڕۆش وەختایەک گوێی لە باسێکی لامسەرلایی ون بوون و دیارنەمانی سیمون پییر مولامبا دەبێت، سووکە بزەیەکی دێتێ. ئەوانەی بزەکەی دەبینن، لێکدانەوەی خراپی بۆ دەکەن. وای بۆ دەچن چونکە مارکسیەکی سەرسەختە و چونکە بە تەبیعەت و بە پەروەردە بابایەکی بەگومانە، پێکەنینی بەو خورافاتە گەلەرییانە ( شەعبی ) دێت. لەو سەردەمەدا، ناکامی ئوپەراسیۆنەکە دەهری کردبوو. تەحەموولی هەڵەی نەدەکرد، چ هەڵەی خۆی بوایە یان هەڵەی خەڵکانی دی. تەنانەت ئەگەر ئەنجامی هەموو هەڵەکانیش بەدڵی ئەو بشکاباوە. ئاقیبەت ئیستقالەی دا. بە یەکێک لە دۆستەکانی گوتبوو: ئەمە ئەو پووشکەیە بوو کە پشتی وشتری سەبری بێ سنووری منی شکاند. " شەڕ تەواو بوو بوو. ئەهلی کار و کاسبی، لە پرتوگال، بەرازیل، ئەفریقای باشوور، ئیسرائیل و چینەوە، ڕژابوونە ناو ئوتێلەکانی لواندا‌وە و هەرهەموویان لە پارە و پوولی ئاسان و خێرا لە وڵاتێکا دەگەڕان کە تەڤگەرێکی ئاوادانکردنەوەی شێتانەی بەخۆوە دەبینی. لە سەرەوە، لە ئوفیسێکی فاخیر و موکەیەفەوە دەستوور هاتبوو کە دانیل بنچیمو – ی ڕۆژنامەڤان کە لە پرسگرێکی ون بوواندا شارەزا بوو، بێدەنگ بکەن. بنچیمو چەندین هەفتەی بە پرس و جۆ لە فڕۆکەوانان، میکانیکیان، قۆنتەراتچی و بازرگانان، لەشفرۆشان، دەستگێران، سیاسەتوانانی ئوپۆزیسیون، لە کارمەندانی دەوڵەتی و هەموو جۆرە خەڵکێک دەربارەی دیار نەمانی بوینگی ٧٢٧ بەسەر بردبوو. فڕۆکەکە کە چل و پێنج تۆن ئاسن بوو، بە ڕۆژی ڕوناک ون بووبوو. ئەمە شتێکی سەیر بوو. کەس سەری لەم پەڕجووە دەرنەدەکرد.

مونتی لەبەر خۆیەوە گوتی: " هەرشتێکی ڕەق، ئەگەر پۆڵاش بێ لە هەوادا شی دەبێتەوە و دەبێ بە دووکەڵ و دەچێ بە ئاسماندا. " ئەو بیر لە مارکس دەکاتەوە و وەکو مارکس دەهزرێت، نەک هەر دەربارەی فڕۆکەکە،

بەڵکو دەربارەی سیستەمی سەرمایەداری، چونکە ئەم سیستەمە لە ئەنگولادا، وەکو کەڕوو لە نێو کەلاوە و دار و پەردوواندا گەشە دەکات، هەموو شتێک کەڕووای دەکات، گەندەڵی دەکات و بەو ئاوایە دەگاتە کۆتایی خۆی.

مونتی، ئەو ڕۆژنامەڤانەی دەناسی. بە پیاوێکی پاک و ئابڕوومەندی دەزانی، بەڵکو بە کەسێکی نموونەیی و ئایدیالی دەزانی؛ لە ناوەند و ژینگەیەکدا کە زۆرێک ئامادەبوون ڕوحی خۆیان بە شەیتان بفرۆشن. لە پاینی ئەو ڕاپۆڕانەوە کە ئامادەی دەکردن ناوی خۆی دەنووسی و واژۆی دەکرد، ڕاپۆرەکانی بە سووکە شۆخیان دەڕازاندەوە. ئەمە بورژوای نوێی نیگەران و دەهری دەکرد و سەریەشەیان بۆی چێدەکرد. ئەم پیاوە لە پاشماوەی بنەماڵە جووەکانی مەراکش بوو کە لە نێوەی سەدەی نۆزدە دا هاتبوونە بنگویلا و ئیدی لەوساوە خوی دوڕە و مەسیحیەکانیان گرتبوو. باوە گەورەی ئالبرتو بنچیمو، پزیشکێکی خۆشەویست  و هەژی و بەرکەتی بوو، وابەستە و سەربە کوریبیکا، واتە سەر بە ماسۆنیەتی ئەنگولا بوو. ئەم زاراوەیە وشەیەکی ئوڤیمبوندوییە ( ئوڤیمبوندو: یەکێکە لە گروپە نەتەوەییەکانی بانتو کە لە دەشتی بیەی ناوەند و کەناراوەکانی ئەنگولادا دەژین و لە سەدا چلی نەتەوەکانی ئەنگولان ) بەمانای پێشکەوتن یان خۆنمایی دێت. کوریبیکا لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٠ دا دامەزرابوو و زیاتر لە گەڕەکە بازرگانیەکانی بنگویلا، کاتومبیلا و ماسامیدیس باو بووە و گوایە ئیلهامبەخشی ژمارەیەک بزوتنەوە و سەرهەڵدانی نەتەوەیی بووە. ئیدی ئەم نەوەیە، ڕاشکاوی و قسە لە ڕوویی لە باپیرییەوە بەمیرات بۆ مابووەوە کە مونتی ئەم دوو سوختەی زۆر بەدڵ بوو. وەختایەک دەستووری بێدەنگ کردنی ئەویان بە مونتی دا، مونتی خەفیە ( خەوەرچین، جاسووس ) زۆر تووڕە بوو:

–ئەم وڵاتە ئاوەژوو بووەتەوە. خەتابار خەڵات دەکرێ و بێ خەتا سزا دەدرێ.

ئەم تێبینییەی کە بەدەنگی بەرز و بنجبڕ لە بەردەم دوو جەنەڕاڵدا دەریبڕی، باش نەکەوتەوە. یەکێکیان تووڕە بوو، بەڕوویا هەڵشاخی:– دنیا گۆڕاوە، حیزب دەزانێ چۆن دەگەڵ دنیادا بڕوا و خۆی تازە بکاتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە کە ئێمەمانان هێشتا لێرەین. دەبێ کەمێک بیر لە پێشڤەچوونی ڕەوڕەوەی مێژوو بکەیتەوە هاوڕێ. تۆزێ بخۆینەوە. چەند ساڵە تۆ کار لەگەڵ ئێمەدا دەکەیت؟ دەمێکە، وابزانم ئەو زەمانە گوزەشت کە بتوانی لە ئێمە هەڵگەڕێیتەوە. پشتمان تێبکەی.

جەنەڕاڵی دووەم شانەکانی هەڵتەکاند:– هاوڕێ مونتی، حەز دەکات بەرانبەرەکەی پەست بکات، بیهاڕوژێنێ. هەمیشە وابووە. خەفیەکی(ئەمن، ئاسایش) نەژنەو بووە، کەلله شەق. ئیدی ئەوە ستایل و تەبیعەتیەتی. تەبیعەت دەرمانی نییە.

مونتی، ئەنجام هاتە ڕەدا، ملی بۆ ئەمر و دەستووران دا، ئەمر و فرمانی دەرکرد، ئیدی ئەمە کاکڵە و پوختەی هەموو ژیانی بوو. ئەمری دەرکرد کە ڕۆژنامەڤانەکە بخرێتە ژێر تاقیب و چاودێری. لەمەوە بۆی دەرکەوت کە هەموو یەک شەممەیەک، کابینەیەک لە هاوینە هەوارێکی بچووکدا، لە باڕادوکونزا بەکرێ دەگرێ تا بچێتە دیدەنی ژنی سیاسەتوانێکی بەنێوبانگ. دەوروبەری سەعات چواری دوانیوەڕۆ دەگاتەجێ و، ماشقەکەشی سەعاتێ دواتر دێت و هەرگیز زۆر لە کابینەکەدا نامێنێتەوە. بەڵام پیاوەی تاین، تا بەیانی لەوێ دەمایەوە و دەیخواردەوە. بەیانی لە خەو ڕادەبوو، تێشتی دەخوارد و بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.

کارێن دووبارە و ڕۆتینی، سەری نێچیر بە فەتارەت دەدا.

یەکێک لە دۆستە باش و هەرە نزیکەکانی مونتی کۆمەڵێک مار و دارقەسپی هەبوو. ئولی پولاک، دوای چەند مانگێکی کەم لە سەربەخۆیی ئەنگولا، لەلایەن وەزارەتی ئەولەهی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتیەوە، بەکارێکی تایبەتی بۆ ئەوێندەر نێردرا بوو. زەماوەندی دەگەڵ ئافرەتێکی بنگویلایی دا کردبوو کە پازدە ساڵ لەخۆی بچووکتر بوو، دوو منداڵی لێی بووبوو. پاش هەرەس و دارمانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی، داوای ڕەگەزنامەی ئەنگولایی کردبوو و ڕەزامەندی وەرگرتبوو. پیاوێک بوو سڕقایم و ڕازڤان، کەمدوو، بە دروستکردن و فرۆشتنی گوڵی چینی ( سیرامیکی ) بژێوی خۆی دابین دەکرد. خانوویەکی لە نزیکی مورودوش فیادوش دروستکردبوو، بالکون و بانێژەیەکی بازنەیی هەبوو، بەئەندازەی حەوشەیەک دەبوو، هەرهەمووی دەیڕوانیە سەر دەریا. لەوێ، وەختایەک دەریا تاریکی شەوی هەڵمژی، پێشوازی لە دۆستەکەی کرد. بەدوو قۆڵی لەسەر کورسی قامیش، لە جەوێکی کراوەدا ڕۆنیشتن. بیرەیان خواردەوە. باسی ڕەوشی ئەنگولایان کرد و باسی پەلاماردانی عێراق و ئاژاوە و ئاشووبی شاریان کرد. ئولی چاوەڕوانی کرد، تا تاریکی باڵ بەسەر هەموو شتێکدا بکێشێت:

– هەڵبەتە بۆ ئەوە نەهاتووی بۆ ئێرە تا باسی تەڤگەری هاتوچۆ بکەی.

– هەق بەتۆیە. من پێویستم بە یەکێک لە مارەکانی تۆیە.

– دەمزانی ڕۆژێ دێ کە سەروکەللەت پەیدا دەبێت، تا داوای شتێکی لەو بابەتەم لێبکەی. من مارم خۆش دەوێ. مار چەک نییە.

– دەزانم ئەمە دوا جارمە کە ئەم داوایەت لێدەکەم. وەختایەک کە بڕیارت دا، دەست بە ژیانێکی تازە بکەیت و ببیت بە گوڵفرۆش زۆر کەس گەڵتەیان پێدەکردی، بەڵام بڕیارەکەت بڕیارێکی باش و دروست بوو.

– تۆش دەتوانی هەمان کار بکەی.

– گوڵ بفرۆشم؟ هیچ شتێک دەربارەی گوڵ نازانم.

– دوکانی گوڵفرۆشی، ئیشی هەویر، باخچەی منداڵان. کۆمپانیای گواستنەوەی مردووان. لەم وڵاتەدا هەموو شتێک، هەر کار و کاسبیەک خەریکە دەست پێدەکات.

– کار و کاسبی؟

مونتی پێکەنی. پێکەنینێکی تاڵ:– من بەهرە و توانای کار و کاسبی و پارە پەیداکردن و وەبەرهێنانم نییە. باشترین کارم هەبێ، تێکی دەدەم. قەت لە بژی و مەمر پترم پێ پەیدا ناکرێ. تا نها هەر وام کردووە. دەی باشە، مارەکەم وێدە و ئەم شتانە لەبیر بکە.

شەوی دواتر یەکێک لە پیاوەکانی، پیاوێکی تۆکمە، خەڵکی مالینجی، زرێپۆش، کە بەوانەیان دەگوت کیسوندی، ڕێگەی ئەو وارگەیەی گرتەبەر کە مەکۆ و پاتۆقی دانیل بنچیمو بوو. شەو لە نیوە تێپەڕی بوو. نەرمە بارانێک دەباری. کیسوەندە لە دەرگای کوختەی ژمارە شەشی دا. کابرایەکی دوڕەی باڵابەرزی، قۆز هات کە دەرگا بکاتەوە. بیجامەیەکی حەریری جوانی لەبەر کردبوو: شێنباوێکی خەت خەتی سپی. کابرای خەفیە، ڕووی دەمانچەکەی تێکرد و قامکی شادەی دەستەچەپی، بە نیشانەی بێدەنگ بوون، نایە سەرلێوی:– وس.. س.. س! دەنگت لێوە نەیەت. نامەوێ ئاسیوت پێبگەیەنم.

بەپاڵ کابرای دوو ڕەگی دەلەک دایە ژوورەوە و ناچاری کرد لە سەر تەختەخەوەکە دابنیشێت. پاش ئەوە بەبێ ئەوەی لوولەی دەمانچەکەی لێ وەربگێڕێ، پاکەتێ حەبی لە بەرکی پاڵتۆکەی دەرهێنا:- دوو حەب بخۆ. ڕابکشێ تاوەکو منداڵی ساوا خەوت لێبکەوێ. بەیانی بە شادیەوە ڕادەبیت، بەڵام کەمێ بێ پارەتر.

بەپێی نەخشە و پلانەکە، قەرار بوو دانیل بنچیمو حەبەکان بخوات و دوای چەند خولەکێک خەو بیباتەوە. دوای ئەوە کیسوندە جووتێ دەستکێشی چەرمی ئەستووری لەدەست دەکرد، مارێکی مەرجانی لە کۆڵەپشتیەکەی دەردێنا، ئەوەی کە ئولی کالەمێر بەدیاریی دابوویێ، سەری دەگرت و بۆلای ڕۆژنامەڤانەکەی دەبرد تا پێوەی بدات. ئەوسا بەکاوەخۆ، بەخشکەیی دەڕۆیی، بێئەوەی چ کەسێک بیدینێت و مارەکەی لە ژوورەکەدا بەجێدەهێشت. بۆ ڕۆژی دوایی، فەڕاشە ژنەکە دەهات و ڕووبەڕووی جەنازەکە، مار، و پاکەتە حەبەکە دەبووەوە و زەنگی خەتەری لێدەدا. ئەوسا گریە و زاری زۆر، گوتاری ڕەوان و پڕ جۆش لەسەر قەبرەکەی. تاوانێکی تەواو بێهیچ کێماسییەک.

بۆ نەگبەتی یارۆی دووڕەگ ئەم سیناریۆیەی ڕەتکردەوە. لەجیاتی ئەوەی حەبەکان بخوات و بخەوێ. بەزمانی فەرەنسی بە سخێف و جنێوان دایگرتەوە، پاکەتە حەبەکەی بە عاریدا کێشا، ویستی هەستێتە سەرپێیان کە کیسوندەکە بە جەزرەبەیەکی توند تەختی زەوی کرد. کابرا شانبەشانی تەختە خەوەکە کەوت، خوێن بە لا لغاوەیدا داچۆڕا، بورایەوە. کیسوندە لە سەر جێبەجێکرنی نەخشەکەی بەردەوام بوو. بەخورتی حەبەکانی تەپاندە گەرووی کابراوە، ئەوسا دەستکێشەکانی لەدەست کرد، کۆڵەپشتیەکەی کردەوە. سەری مارەکەی گرت، ناچاری کرد کە بەگەردنی کابرای دوو ڕەگەوە بدات. لەم کاتەدا بویەرێکی دیکەی چاوەڕوان نەکری ڕوویدا. مارەکە بەتووندی کەپووی کیسوندەی ( خەفیە ) گرت. کیسوندە چنگی بە مارەکەدا کرد، توند ڕایکێشا، بەڵام مارەکە دەستبەرداری نەبوو. ئەنجام توانی مارەکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، کێشای بە عاردیدا و چەند جارێک بەتووندی پێی پێدا نا. ئەوسا بەدەم لەرزە لەرزەوە لەسەر تەختەخەوەکە ڕۆنیشت. ئەوسا موبایلەکەی لە بەرکی دەرهێنا و پەیوەندی بە مونتی یەوە کرد: - سەرۆک، کێشەمان بۆ دروست بووە.

مونتی، کە لە نێو ئوتومبیل و لە بەر دەرگای وارگەکەدا چاوەڕوانی دەکرد، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بەردەم کوختەی ژمارە شەش. دەرگاکەی داخرابوو، سووکێ لە دەرگای دا. چ کەسێک دەرگای نەکردەوە. توونتر لە دەرگای دا. دەرگا کرایەوە، دانیل بنچیمو لەبەردەمیا قوت بووەوە، ساغ و سەلامەت بە قژی شێواو و بیجامەوە.

-ببورە، حاڵت باشە؟

ڕۆژنامەڤانەکە ڕاچڵەکی، چاوەکانی هەڵگڵۆفت و بەترسەوە گوتی:

-بۆ نابێ باش بم؟

مونتی، بەپەلە پاساوێکی هێنایەوە. میوانێکی دیکە، گوێی لە هاوارێک بوو، ڕەنگە باڵندەیەکی شەوێ بووبێ و نێچیرێکی ڕاوەدوو نابێ، یان پشیلەیەکی هاڕوژاو بووبێ، یان مۆتەکەیەکی ترسناک بووبێ؛ دووبارە تەوازی بۆ ڕۆژنامەڤانەکە هێنایەوە، هیوای شەوێکی خۆشی بۆ ڕۆژنامەڤانە حەپەساوەکە خواست و ڕۆیی.

تەلەفۆنی بۆ کیسوندە کرد:- ئەرێ لە کوێی، خۆت بە چ دۆزەخێکدا کردووە؟

گوێی لە ناڵەیەک، دەنگێکی پچڕپچڕ بوو:

-خەریکە دەمرم. سەرۆک زوو فریام بکەوە.

بیرۆکەیەکی نوێ بە مێشکی مونتی دا هات. بەهەڵەداوان بەرەو کوختەی ژمارە نۆ ڕۆیی. یەکسەر تێگەیی کە تابلۆ کانزاییەکەی سەر دەرگاکە شل بووەتەوە، وەرچەرخاوە، ژمارەی سەر تابلۆکە سەروخوار بووە، نۆیەکە بووە بە شەش. دەستێکی نا بە دەرگاکەوە، بەئاسانی کرایەوە و چووە ژوورەوە. کیسوندە لە هەنبەر دەرگاکەدا ڕۆنیشتبوو، سەروچاوی ئاوسابوو، لووتی بەقەد سەلکە توورێکی لێهاتبوو، پێڵوەکانی داهاتبوونەوە. بە نائومێدیەوە دەستەکانی هەڵبڕین و گوتی:- خەریکە دەمرم سەرۆک. مارەکە پێوەی دام.

مونتی لە پشت ئەوەوە پیاوێکی دیکەی بینی کە خوێن لە دەم و زاریەوە دەچۆڕا:- کیسوندە! ئەمە کێیە؟

یەکسەر چوو بۆلای ئەو چاکەتەی کە بە پشت کورسیەکی پشت مێزەکەوە هەڵسواسرابوو. گیرفانەکانی پشکنی. جزدانێک و پەساپورتێکی دۆزییەوە.

-فەرەنسیە! چ کارێکی قۆڕت کردووە، کیسوندە! کەسێکی فەرەنسایت کوشتووە!

ئوتومبیلێکی جێبی هێنا. کیسوندەی لە سەر کوشنەکەی تەنیشت شوفێرەکەوە دانیشاند. خەریک بوو جەنازە بێگیانەکەی سیمون – پییری ڕادەکێشا و لە کوختەکەی دێنایە دەرەوە، لەپڕ، یەکێک لە پاسەوانەکانی وارگەکە هات بەسەرا و غافڵگیری کرد.

مونتی، ئاهێکی هەڵکێشا:- هەرباشە! زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە هەرباشە.

ئەم پیاوە لە ساڵانی تەنگانەدا کاری دەگەڵ ئەودا کردبوو. جووتە پێ لە بەردەمیا وەستا و گوتی:- جەنابی فەرماندە!

یارمەتی مونتی دا تا جەنازەکەی سیمون – پییر، لەسەر کوشنەکەی پشتەوەی جێبەکە دابنەن. چەرچەفی خاوێنی هێنا. تەختەخەوەکەیان ڕێکخستەوە. ژوورەکەیان پاک کردەوە. مارەکەیان ( یان پاشماوەی مارەکە ) خستە ناو کۆڵەپشتیەکەی کیسوندەوە. مونتی، سەد دۆلاری دایە پاسەوانەکە تا بەردێ بخاتە سەر ئەم مەسەلەیە و لە بیری بەرێتەوە. لە کاتێکا خەریک بوو دەڕۆیی، مونتی چاوی بەو کڵاوە مەخمەڵە کەوت کە یارۆی فەرەنسی لەسەری دەکرد و پێوەی بەنێو لوانداوە دەسوڕایەوە.

-ئەم کڵاوە دەبەم. هەندێ لە جلکانیشم گەرەکە. کەس بە بیجامەوە گوم نابێت.

کیسوندەی بۆ خەستەخانەی سوپایی برد. یەک دانە سەعات ئوتومبیلەکەی ئاژۆت تا بگاتە ئەو پارچە عاردەی کە ساڵانێک بوو کڕی بووی؛ بەنیاز بوو لەوێ، خانوویەکی دارین، دوور لە ژاوەژاو و هەرا و هەنگامەی لواندا، دروست بکات، بۆیەیەکی شینی بکات و ڕۆژگاری پیری، دەگەڵ ژنەکەیدا لەوێندەر بەسەر بەرن. جێبەکەی لە سێبەری دار باوباب – ێکی گەورەی چڕە لق و پۆپ دا ڕاگرت. شەوێکی دڵرفێن بوو. تریفەی مسینی هەیڤ ڕوناکی دەکردەوە. مانگ چواردە بوو. بێڵێکی لە سەندووقەکەی پشتەوەی جێبەکە دەرهێنا، هەنگێ بەربووە ئەرزە نەرمەکە کە باران خوساندبوویەوە، قۆرتێکی هەڵکەند. گۆرانیەکی کۆنی  شیکو بوارکە- ی بیرکەوتەوە: ( شیکو بوارکە: لە ساڵی ١٩٤٤ لەدایک بووە، گۆرانی بێژ، گیتارژەن، ئاوازدانەر، شانۆنامەنووس، نووسەر و شاعیرێکی بەنێوبانگی بەرازیلیە. )

ئەم قۆرتەی تۆی تیای

بە ئەندازەی چەند بستێکە

کەمترە لەو بەشە زەویەی

لە ژیانا داوات دەکرد

پانتاییەکەی باشە

نە بەرینە نە قووڵە

ئەمە بەشی تۆیە

لەم مەزرا گەورەیە.

هەنگێ پشتی بەدار باوباب – کەوە دا و لەبەرخۆوە گوتی:

ئەم قۆرتە بۆ جەستەی

بێ تابووتت زۆر گەورەیە

بەڵام تۆ لەوێ

ئاسوودەتر دەبی.

لەوەی کە لەم دنیایەدا بووی.

لە پۆلی حەوتەمی خوێندندا، لە شاری هوامبو، پەیوەندی بە تیپێکی ئاماتۆری شانۆییەوە کرد. شانۆنامەیەکیان دەربارەی مردن و ژیانی سیڤیرنو، پێشکەش کرد ( ئەمە شانۆنامەیەکی شیعری بوو، لە نووسینی چوایو کابراودی ملونتو ١٩٢٠ – ١٩٩٩ بوو کە یەکێکە لە ناودارترین و خۆشەویسترین بەرهەمی ئەم نووسەرە بەرازیلیە کەلە ساڵی ١٩٥٥ دا بڵاوبووەتەوە. ) و موزیکی شیکو بوارکە. ئەم ئەزموونە نەڕینی ئەوی بۆ دنیا گۆڕی. وەختایەک لە نمایشەکەدا ڕۆڵی جووتیارێکی نەدار و بەلەنگازی باکووری ڕۆژهەڵاتی بەرازیلی دەبینی، پەی بە ناکۆکی و بێدادییەکانی سیستەمی کولونیالی برد. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٤ دا، کاتێ کە لە لیشبونە بەشی مافناسی دەخوێند، شەقامەکان پڕبوون لە مێخەکی سوور ( ئەمە هێما و ئاماژەیە بەو شۆڕشە نەرمەی کەبە شۆڕشی مێخەک بەناوبانگ بوو کە بووە بایسی لابردنی دیکتاتۆریەتی سالازار و خۆیی بوونی کۆناڵیەکانی پرتوگالی لێکەوتەوە. ) یەکسەر بلیتی فڕۆکەی کڕی و بۆ لواندا زڤڕییەوە تا شۆڕش بکات. ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەو حاڵەدا بووری بوو، هێشتاش ئەو لە کاتی ناشتنی ئەو نووسەرەدا کە بەخت یاری نەبوو، هەمان گۆرانی کرێکارێکی گۆڕ غەریبی، لەبەرخۆوە دەگوتەوە.

سەعات چواری بەرەبەیان بۆ لواندا زڤڕییەوە. بیری لەوە دەکردەوە کە دوای ئەوە چ بکات، چ پاساوێک بۆ دیارنەمانی کابرای فەرەنسی بدۆزێتەوە. کە بە بازاڕی کیناشیشی دا تێدەپەڕی، بیرۆکەیەکی تازەی بەمێشکا هات. جێبەکەی ڕاگرت. دابەزی. کڵاوەکەی کابرای مردووی هەڵگرت و چوو بۆ پشت باڵەخانەیەک. خۆی بە

یانەی شەوانەی کیزاس دا کرد؛ سیمون – پییر دوێشەو لەوێ بووبوو. کڵاوەکەی لەسەر ئەرزە تەڕەکە دانا. کوڕێژگەیەک لەلای حاویەیەکی زبڵانەوە نوستبوو بە پەلە پیتکەیەک بێداری کردەوە:– بینیت؟

منداڵەکە، بە شپرزەیی لە جێی خۆ ڕاپەڕی:– چیم بینی، سەرۆک؟

لەوێ، لەو شوێنەی کڵاوەکەی لێیە! کابرایەکی دوڕەی باڵابەرز خەریک بوو میزی دەکرد، لەناکاوا دیار نەما، زەوی قڵیشا و قووتی دا. تەنیا کڵاوەکەی لەوێندەر ماوە.

کوڕێژگەکە، دەم و چاوە پانەکەی کە یەکپارچە زیپکە بوو، بەرەو لای ئەو وەرگێڕا، چاوە درشتەکانی کردنەوە:

– حەیفێ! بەڕاست؛ بەخۆت بینیت؟

– بەڵێ، بەچاوی خۆم دیتم. ئەرزەکە قووتی دا. لە هەوەڵەوە ڕوناکیەکی کەم بەدیارکەوت، ئیدی تەواو. تەنیا کەڵاوەکەی.

هەردووکیان، بە دوو قۆڵی حایر و حەپەساو لەوێندەر وەستان، سەرنجی کڵاوەکەیان دەدا. سەرسامی وان، سەرنجی سێ منداڵی دی ڕاکێشا، بەدوو دڵی و چاو نەترسییەوە هاتنە پێشەوە:

–چی ڕوویداوە باباکو؟

باباکو. بە خۆپەسندییەوە ڕووی تێکردن. ڕۆژانی ئایندە خەڵکی گوێی لێدەگرن، لە دەوری خڕ دەبنەوە تا گوێی لێبگرن. کابرایەک حیکایەتێکی جوان دەگێڕێتەوە، نیمچە پاشایە.

## مردووەکانی سابالو

ئەو ڕۆژەی سابالو دیوارەکەی ڕوخاند، لودو دانی بە گەورەترین کابووسی خۆیدا نا کە نیگەرانی دەکرد: پیاوێکی بە گوللەیەک کوشتبوو و لەسەربان ناشتبووی. کوڕێژگەکە بە سەرسامی گوێی لێدەگرت:– ئەوە کۆنە داپیرە. تەنانەت خۆیشی لەبیری نەماوە.

– خۆی دەکاتە کێ؟

– کوژراوەکە، ئەم ترینیتایە. دایکم هەمیشە دەیگوت مردووان شتیان لەبیر نامێنێت. تەنانەت شتێکی ئەوتۆشیان دەربارەی زندوان لەیاد نامێنێت. تۆ هەموو ڕۆژێ بیری لێدەکەیتەوە و ئەمە باشە. وەختایەک یادی دەکەیتەوە دەبێ پێبکەنی، برەقسی. پێویستە وەکو چۆن دەگەڵ فانتوم دا دەئاخفی بەو ئاوایە دەگەڵ ترینیتاشدا باخفی. ئاخافتن مردوو هێور دەکاتەوە.

– ئەمەش لە دایکتەوە فێر بوویت؟

– بەڵێ، من منداڵ بووم کە دایکم مرد. ئیدی هەرخۆم بەتەنیا مامەوە. دەگەڵ ئەودا دەئاخفیم، بەڵام دەستی نەوازش و سایەی ئەوم لەدەست دا.

– بەڵام خۆ هێشتا هەر منداڵیت.

– نابێ داپیره، چۆن دەتوانم دوور لە دەست و سایەی دایکم دووربم و منداڵ بم؟

– من دەتگرمە خۆم.

لودو، لەمێژ بوو کەسی لە هەمێز نەگرتبوو. تا ڕادەیەک ئەم کارەی بیر چووبووەوە. سابالو ناچار بوو باسکی ئەو لە دەوری خۆی بکاتەوە، ئەوسا خۆی لە باوەشی پیرەژن هاوێشت. ئەوسا باسی دایکی خۆی بۆ کرد: پەرستار بوو، لە شەڕی دژ بە بازرگانی کردن بە ئەندامانی جەستەی بەشەرانەوە کوژرا. لە خەستەخانەیەکی باکووری شارا کاری دەکرد، جا هەندێجار، لەوێدا هەندێ جەنازە دیار نەدەمان. هەندێ لە کارمەندەکان ئەندامی جەستەی بەشەریان بە جادووبازان دەفرۆشت، ئیدی لەو ڕێگایەوە پارەیەکیان بەدەست دێنا. فیلومینا، دایکی سابالو، ڕابوو و کەوتە دژایەتی کارمەندانی گەندەڵ، دوای ئەوە کەوتە دژایەتی جادووبازەکان. بەرەبەرە سەریەشەیان بۆ دروست کرد. کە لە سەر کار ڕۆیی بووەوە، ئوتومبیلێک ملی پێوەنابوو، چیوای نەمابوو پانی بکاتەوە. چەندجارێکماڵەکەیان تاڵان کردبوو. تەلیسم و نووسینی تەوهین و هەڕەشە ئامێزیان بە دەرگاکەیەوە هەڵواسی بوو. بەڵام ئەم کارانە کۆڵیان پێنەدا. بەیانیەک لە مانگی ئوکتوبەردا، لە بازاڕ، پیاوێک لێی نزیک دەبێتەوە و کێردێکی بە ورگیا کردبوو. سابالو، بینی کە چۆن دایکی بەربووەوە و کەوتە سەر ئەرزەکە، گوێی لێبوو کە لەبن لێوانەوە دەیگوت: سابالو گیان هەڵێ!

فیلومینا لە سایوتومە شیفتەی چاوێن درەخشان، شانی پان و، خەنۆڵی و دەنگی گەرمی ئەفسەرێکی گەنجی هێزی چەکداری ئەنگولا بووبوو، بە دووگیانی بۆ ئەنگولا هاتبوو. ئەفسەرکە لە لوانداوە بۆ ئەو شارەی باکووری بردبوو، هەشت هەیڤان دەگەڵیا ژیا، تا لە دایکبوونی سابالو لەوێ بووبوو. پاشان بە ماموریەتێک بۆ باشوور ڕۆیی، کە قەراربوو لە چەند ڕۆژێ زیاتری پێنەچێت، بەڵام ئیدی هەرگیز نەگەڕایەوە.

کوڕێژگەکە، بەبازاڕا کەوتە غاردان، خۆی بە سەبەتە میوەدا دەکێشا، سەندووقە بیرەی دەخست، خۆی بە قەفەزی قامیشی تەیر و توی بە جریوەدا کێشا. هەرا و زەنای ناڕەزایی لە دوایەوە بەرز بووەوە. سابالو تا نەگەییە بەرماڵی خۆیان نەوەستایەوە. لەوێ ڕەق ڕاوەستا، تیامابوو نەیدەزانی چ بکات. پاشان دەرگا ڤەبوو ( کرایەوە ) . کابرایەکی پشت کووڕ، کە جلی ڕەشی لەبەردا بوو وەکو تەیری شکاری، چۆن پەلاماری نێچیرەکەی دەدات، بەو ئاوایە پەلاماری دا، کوڕێژگەکە خۆی لێلادا، بەسەر شۆستە زفت کراوەکەدا غل بووەوە، هەستایەوە و بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە، کەوتە غاردان؛ دوو لاقی هەبوو، دووی دیکەشی بۆ قەرز کرد.

شوفێری بارهەڵگرێ قاییل بوو لەگەڵ خۆیدا بۆ لواندای بێنێ. سابالو، حەقیقەتی پێگوت: دایکی مردبوو و باوکی دیار نەمابوو. بەتەمابوو بتوانێ لە پایتەختدا یەکێک لە خزم و خوێشەکانی خۆی بدۆزێتەوە. نێوی بابی دەزانی، ناوی مارسیانو باروز بوو، لە ڕیزەکانی هێزی چەکداریدا ئەفسەر بوو و لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکێکی فەرمیدا لە باشووری وڵات ون بووە. هەروەها دەیزانی بابی خەڵکی لواندا بووە. کە داپیرە و باپیرەی لە بابیەوە لە مەیدانی کیناشیشی دەژیان. لەبیری مابوو کە دایکی زۆرجار ئەو ناوەی، کیناشیشی دەبرد. بۆی گێڕابووەوە کە لەو مەیدانەدا دەریاچەیەک هەیە ئاوەکەی لێڵە و پەرییەکی دەریایی تێدایە.

شوفێری بارهەڵگرەکە لە کیناشیشی دای بەزاند. سەفتەیەک ئەسکەناسیشی خستە گیرفانییەوە:– ئەم پارەیە بەشی ئەوە دەکات کە بۆ مودەتی یەک هەفتە ژوورێکی پێ بەکرێ بگری و خورد و خوراکی خۆتی پێ دابین بکەیت. هیڤیدارم بتوانی لەم هەفتەیەدا بابت بدۆزیتەوە.

کوڕیژگەی تاین، چەندین سەعات، خەمین و دڵتەنگ لەو دەوروبەرە سوڕایەوە. هەوەڵجار لە پۆلیسێکی قەڵەو کە لەبەر دەرگای بانکێک وەستابوو، نزیک بووەوە :- ئەرێ قوربان، بێزەحمەت، تۆ نەقیب باروزو دەناسیت؟

پۆلیسەکە خێسەیەکی ئاگرینی حەواڵە کرد، چاوەکانی لە تووڕەییدا گڕیان لێدەبووەوە:- هەڕە لێرە، بەڕەڵڵا، خێرا هەڕە!

ژنێکی دەستگێڕی سەوزە فرۆش دڵی بەحاڵی منداڵەکە سووتا. کەمێک وەستا گوێی لێبگرێت. چەند ژنێکی کاسبکاری دیکەی گازکرد. یەکێکیان، پیرەمێرێکی دەناسی بەنێوی ئادایو باروزو، کە لەوێندەر، لە باڵەخانەکەی کوکا دەژیا، بەڵام چەند ساڵێک لەوە پێش مردبوو.

شەو خەریک بوو دنیای لە تاریکی خۆیدا دەپێچایەوە. برسیەتی زۆری بۆ سابالو هێنا. ناچار خۆی بە بارێکی بچووکدا کرد. بە ترس و دوو دڵییەوە لە سەر کورسییەک ڕۆنیشت. داوای شۆربا و کۆکاکۆلای کرد. کەلە بارەکە وەدەرکەوت، کوڕیژگەیەک، سەروچاو هەڵماساوی ڕوخسار بەبرین، بەگیری هێنا و بە دیوارەکەوەی چەسپاند:

-نێوم بایاکویە، کوڕۆ. من سوڵتان و پاشای کنیاشیشی – م.

ئەوسا ئاماژەی بۆ پەیکەری ژنێک – ی ناوەندی باخچەکە کرد: - ئەوەش شابانۆی منە، شابانۆ گینگایە. منیش شا گینگاو- م. پارەت پێیە؟

سابالو، بەگریانەوە لە جێی خۆی هەڵکوڕما. دوو کوڕیژگەی دی لە تاریکیەکەوە وەدەرکەوتن. ئەوسا لەم لا و لەولای بایاکووە ڕاوەستان و ڕێگەی هەڵاتنیان لە سابالو بەستەوە. لە یەکدی دەچوون، کورتەباڵا و خڕیلە بوون، لە سەگی پیت بول دەچوون، چاو مات و خەندە لێو. سابالو، دەستی بە بەرکیا کرد و پارەکانی نیشاندان. بایاکو، پڕیدایە ئەسکەناسەکان و لە چنگی دەرهێنان.

– زۆرچاکە هاوڕێ. دەتوانی ئەمشەو دەگەڵ ئێمەدا، لە نێو ئەو سەندووقانەدا بەسەر بەری. ئێمە ئاگامان لێت دەبێت. لە سبەیەوە دەست بەکار دەبیت. نێوت چییە؟

– سابالو.

– خۆشحاڵین بە ناسینت. ئەمیش دیوگویە.

– کامیان؟

– هەردووکیان، دوو دیوگو.

ماوەیەکی پێچوو، تا سابالو، بزانێ هەردوو جەستەکە یەک کەسن.

ئەمانە وەکو مەلەوانانی هاوئاهەنگ، پێکەوە دەجوڵان. پێکەوە، لەیەک کاتدا، هەمان قسەی پچڕپچڕیان دەکرد، هەمان پێکەنین، پێدەکەنین. هەمان ڕوندکیان دەڕشت. ژنانی دووگیان بەدیتنی دیوگویەکان هەترشەیان دەچوو، لەخۆ دەچوون. منداڵان لێیان دەڕەوینەوە. بەڵام دیوگو، هیچ بەدڕایی و دڵڕەشی و شەڕخوازییەکی پێوە دیارنەبوو. هەمان تەبیعەتی دار گێلاسی سورینام – ی ( بچووکترین وڵاتی ئەمریکای لاتینە لە کەناری باکووری ئەمریکای لاتین، جاران کولونی هۆڵەندا بوو کە جۆرە گێلاسێکی تایبەتی هەیە. ) هەبوو، وێرای کەمی و دەگمەنی

لە ناخافڵاو لەبەر هەتاوا دێتەبەر. بایاکو، کاسبی بە دیوگووە دەکرد، ناچاری دەکرد گۆرانی بچڕێ و سەمای کودورو ( جۆرە موزیک و سەمایەکی زۆر پڕ جووڵەیە، لە ئاخر و ئۆخری هەشتایەکانی سەدەی بیستەما، لە ئەنگولا ڕەواجی پەیدا کرد.) لە بەردەم ئوتێلە گەورەکاندا بکات وپارەی پێ پەیدا دەکرد. فەرەنگیەکان، ئەو نمایشەیان پێخۆش بوو، بەخشیشی باشیان دەدا. ڕۆژنامەڤانێکی پرتوگالی، وتارێکی کورتی لەمەڕ هونەرمەند و سەماکارەکەی کودورو نووسی و وێنەیەکی دیوگو- ی قۆڵ لە قۆڵی بایاکودا، لەگەڵیا بڵاو کردەوە. بایاکو، ئەم وتارەی لە ڕۆژنامەکە بڕی بوو، لە گیرفانی پشتەوەی پانتۆڵەکەی دانابوو، لەکاتی پێویست دا، بەشانازییەوە پیشانی ئەم و ئەوی دەدا.

-من کاسبی سەرشەقامانم.

سابالو، بەشۆردنی ترومبێلان دەستی بەکار کرد. ئەو پارەیەی پەیدای دەکرد دەیدا بە بایاکو. کاسبکاری شەقامان خواردنی بۆ هەمووان دەکڕی. بۆخۆی جگە لە خواردن جگەرە و بیرەشی دەکڕی. هەندێجار زۆری دەخواردەوە. زمانی پژا بوو، فەلسەفە ڕێسی دەکرد:

-حەقیقەت، بۆ کەسێک نەزانێ درۆ بکات، درۆ نەزانێ، وەکو پێڵاوی بێ بن وایە.

زۆر زوو دەهری دەبوو. جارێک دیوگو، ڕێگەی دابوو چەند منداڵێک – ی دی ئەو ڕادیۆ ترانزیستۆرە بچووکە بدزن کە بایاکو کاتی خۆی لەسەر کورسی دواوەی جێبێکدا، کە لەناو ئاپۆڕای پەنگاوەی ترومبێلاندا گیری خواردبوو، دزی بووی. بایاکو، ئەو شەوە ئاگرێکی لە ڕەخی دەریاچەکە کردەوە. پارچە ئاسنێکی نایەسەر ئاگرەکە، تا وەکو پشکۆ سوور بووەوە. دیوگو- ی بانگ کرد، هەردوو دەستی گرت و نای بە ئاسنە سوورەوە بووەکەوە. ئیدی هەردوو جەستەکەی دیوگو، نائومێدانە هەڵدەپلان. هەردوو زاری بە هاوار هەڵێنانەوە. سابالو، کە بۆکروزی دەستە سووتاوەکانی بەسەرا چوو و نائومێدی و بێ دەسەڵاتیەکەی دیوگو – ی بینی، دڵی تێک هەڵات و ڕشایەوە.

بایاکو، تفێکی کرد و گوتی:- تۆ لاوازی. هەرگیز نابی بە پاشا.

ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە، بۆ وەی بەلای کەمەوە سابالو بکات بەپیاو، چونکە دڵنیابوو ناتوانێ بیکات بە پاشا، بڕیاری دا ناو بە ناو، لەگەڵ خۆیا بۆ دەڵە دزیانی بەرێ. ئەم جۆرە کارانە هی دەمەو ئێواران بوو، کاتێ بورژوایان بە ئوتومبیلەکانیان لەسەر کار دەزڤڕینەوە و بە سەعاتان لە قەرەباڵغی و جەنجاڵی شەقامەکاندا گیریان دەخوارد. هەمیشە خەڵکانێکی نەگبەت پەیدا دەبوون کە بۆ هەوا گۆڕکێ یان لەبەر ئەوەی تەبریدەکانیان ئیشی نەدەکرد، یان پرسیار لە کەسێک بکەن، جامی ئوتومبیلەکانیان دادەدایەوە. بایاکو لەو دەمانەدا، دەرفەتی دێنا و لە تاریکیەکەوە دەردەهات، بە ڕوخسارە زیپکاوی و چاوە درشتە ئاگرینەکانیەوە، پارچە شووشەیەکی تیژی دەنایە سەر ملی شوفێرەکە. سابالو، لە جامەکەوە دەستی دەبردە ژوورەوە، ئیدی جزدانێ، سەعاتێ، یان هەر شتێکی بڕێک بەنرخی بەردەست بکەوتایە، دەیدزی. ئەوسا بە دوو قۆڵی، بەنێو قەرەباڵغی ئوتومبیلان وهاوارێن هەڕەشەئامێزی خەڵکی وهۆڕنی ئوتومبیلان و هەندێجار تەقەتی ساچمەزەنا، تێیان دەتەقاند و بۆی دەردەچوون.

باياکو، بیرۆکەیەکی بۆ هات کە بە ئەسکەلەیەکدا سەرکەوێ. ئەمری بە سابالو کرد:- سەرکەوە، تەمەشاکە، ئەگەر لە هەر شوێنێکدا پەنجەرەیەکی وازت ( واز: کراوە ) بینی، بە خشکەیی خۆت بە ژوورا بکە. من ناتوانم ئەو کارە بکەم. لە بەرزیدا گێژ دەبم، سەرم دەسوڕێ. تا زیاتر بەرز ببمەوە، هەست بەلاوازی دەکەم.

سابالو، سەرکەوت و گەییە سەربان، کۆمەڵێک مریشکی مردارەوە بووی بینی. لە پلیکانەکانەوە داگەڕا و شوقەیەکی زۆر بێ سەروبەری بینی و بێ موبێلە و کەل و پەل، بێ دەرگا و، تەنانەت پارکێت- ش نەکرابوو. دیوارەکان یەکپارچە نووسین و سکێچ و نەخش و نیگاری سەیر بوو، ئەو دیمەن و بەرجەوەنە زۆری ترساند. بە ئەسپایی و بێ خشپە بۆلای پلیکانەکان زڤڕییەوە. بە باياکو – ی گوت هیچ شتێک لەوێ نییە. بەڵام شەوی دواتر، هاتەوە و دیسان بە ئەسکەلەکەدا سەرکەوت. ئەمجارەیان ڕیسکی کرد و بەنێو شوقەکەدا سوڕایەوە. لە ژووری نووستنەکەدا پیرەژنێکی بینی کە لەسەر دۆشەکێک خەوتبوو. جلەکانی لە سووچێکی ژوورەکەدا دانابوو. مووبەقەکە تەنیا شوێنی ماڵەکە بوو کە ئاسایی دەهاتە بەرچاو. هەرچەندە دیوارەکانی لە دووکەڵدا ڕەش هەڵگەڕابوو، بەڵام مێزێکی قورس، کە ڕووەکەی مەڕمەڕ بوو، لەگەڵ تەباخێک و سەلاجەیەکی تیابوو. کوڕیژگەکە، کە هەمیشە نانی لە بەڕکا بوو، نانێکی لە گیرفانی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە داینا. لە چەکمەجەیەکدا دەستەیەک چەقۆ و چەتاڵی زیوی دۆزییەوە. خستنیە کۆڵەپشتیەکەیەوە و ڕۆیی. چەقۆ و چەتاڵەکانی دایە باياکو.

باياکو، زۆری بەدڵ بوو، فیکەیەکی کێشا:- کارێکی چاکت کردووە کوڕۆ. باشە پارە و پولێ، زێڕ و جەواهیراتێکت نەدۆزییەوە؟

سابالو گوتی نەخێر، هەژاری و نەداری سەرەوە، زۆر لێرە، واتا لە شەقامەکانی لواندا زیاترە. باياکو، بەو قسەیە قاییل نەبوو.

-سبەی بۆ ئەوێ دەچیتەوە.

سابالو، سەرێکی بۆ لەقاند. داوای پارەی کرد کە هەندێ نان بکڕێ، نانەکە و پاکەتێ کەرە و بوتڵێ کۆکاکۆلای لە کۆڵەپشتیەکەی نا و بە ئەسکەلەکەدا سەرکەوت. شتەکانی لەسەر مێزەکە دانا و بە دەستی خاڵی هاتەوە. باياکو دەهری بوو، خوای نەما. پەلاماری دا و بە شەق و کۆڵەمست تێی بەربوو. لە ئەرزەکە تەختی کرد. بە شەق و زللە سەر و گوێلاکی داگرتەوە، ئیدی دیوگو – دەستی گرت و لە سابالوی دوور خستەوە. سابالو، شەوی دواتر خۆی گەیاندەوە سەربان. ئەمجارەیان لودو – ی بینی کە لە ئەرزەکەدا کەوتووە.

ترسا و ڕێ و ڕێ گەڕایەوە. داوای لە باياکو کرد کە ڕێگەی بدات تۆزێ دەرمان بکڕێ. گوتی پیرەژن کەوتووە. حاڵی زۆر خراپە. باياکو هە گوێشی لێنەگرت.

-سابالو من باڵت پێوە نابینم. کە باڵت نەبێ، مانای وایە فریشتە نیت. واز لە پیرەژن بێنە با بمرێت.

سابالو، بێدەنگ بوو. دەگەڵ باياکو و دیوگودا چوو بۆ بازاڕی روک سانتیرو. چەقۆ و چەتاڵەکانیان فرۆشت. لە باڕێکی ئەو ناوەدا، کە قوت بووبووەوە نانیان خوارد، لەو سەرەوە، لەو ژاوە ژاو و هەرا و زەنای بازاڕەدا لەسەر چوارپایە دانیشتن. سابالو چاوەڕوانی کرد تا باياکو بیرەکەی بخواتەوە. پاشان زاتی پەیدا کرد و لێی پرسی دەکرێ تۆزێ لەو پارەیە بۆ خۆی هەڵبگرێ. هەر نەبێ ئەو چەقۆ و چەتاڵەکانی هێناوە. باياکو، توورە بوو: – پارەت بۆ چییە؟ هەرچیەکت دەوێ بۆتی دابین دەکەم. من وەکو باوکت وام.

-با پارەکە بدینم، قەت ئەو هەموو پارەیەم لە یەک شوێندا نەدیوە.

بایاکو، یەک سەفتەی ئەستووری ئەسکەناسی دایە دەستی. سابالو فڕاندی، لەو سەرەوە خۆی هەڵدایە سەر لمەڵانەکەی خوارەوە کە هەستایەوە، خوێن لە هەردوو زرانی دەچۆڕا. بە غاردان، بەنێو ئاپۆڕای حەشامەتەکەدا بۆی دەرچوو. بایاکو، لە سەرەوە دانەوی بووەوەو بەدەم جنێودانەوە هاوار و هەڕەشەی لێدەکرد:

-دز! کوڕی قەحپە! دەتکوژم!

سابالو، دەرمان و خواردنی کڕی. کە بۆ کیناشیشی زڤڕییەوە دنیا تاریک بووبوو. بایاکو و دیوگو – ی بینی کە لای ئەسکەلەکەدا دانیشتبوون، لە کوڕێکی دی نزیک بووەوە و پێنج ئەسکەناسی دایێ:

-بە بایاکو بڵێ من لە باڕی فیردی چاوەنۆڕی دەکەم.

کوڕەکە بە غاردان ڕۆیی. پەیامەکەی گەیاند. بایاکو ڕاپەڕی و بە ئاراستە پێچەوانەکەوە بۆی دەرچوو و دیوگو بە دواوەی.

سابالو بە ئەسکەلەکەدا، یەک نەفەس، سەرکەوت و تا سەربان نەوەستایەوە.

دانیل بنچیمو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

بۆ دیارنەمانی لودو دەکات.

دانیل بنچیمو دوو چەلان نامەکەی ماریا دا پییدادی لورینسو – ی خوێندەوە. تەلەفۆنی بۆ یەکێک لە دۆستەکانی بابی کرد کە پیاوێکی جیلوجی بوو و هەموو تەمەنی خۆی وەقفی دۆزینەوەی ئەڵماس کردبوو. فیتالینو – ی کالەمێر، ئورلاندوی زۆر چاک لە بیر مابوو:

-پیاوێکی باش، دژوار. سەختگیر، وشک، هەمیشە ئامادە، نیگەران وەکو ئەوەی کراسێکی لە بزماری لەبەردا بێ. ناویان نابوو سیخ ( زەرگ )، کەس حەزی نەدەکرد قاوەیەکی لەگەڵدا بخواتەوە. خۆیشی حەزی لە دۆستایەتی کەس نەبوو، کەمێک پێش سەربەخۆیی دیار نەما. سوودی لە ئاژاوە و بشێوێنیەکە وەرگرت، چەند بەردێکی لە بەرکی نا و، تێی تەقاند و بۆ بەرازیل هەڵات.

دانیل، لە ئینتەرنێتدا گەڕا. سەدان کەسی دۆزییەوە کە ناویان ئورلاندو پیریرادۆس سانتوس بوو. سەدان سەعاتی سەرفی ئەوە کرد کە سەرەداوێک یان ئاماژەیەکی دەست بکەوێ کە دوور و نزیک پەیوەندی بەناوی ئەو کەسەوە هەبێ کە ئەم تاقیبی دەکرد، بەڵام بێهودە بوو. زۆری بەلاوە سەیر بوو، پیاوێکی وەکو ئورلاندو کە بیست ساڵ لە بەرازیل یان هەر وڵاتێکی دی، جگە لە ئەفغانستان، سوودان یان بوتان، بژی و ناوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا نەبێت دیسان تەلەفۆنی بۆ ڤیتالینو کردەوە:- باشە ئورلاندو، کەس و کاری لە ئەنگولادا هەیە؟

- ئەی مەعنای چی. خەڵکی کاتیتی یە.

- کاتیتی؟ وامدەزانی پرتوگالیە!

- نا، نا سەدی سەد کاتیتی یە. ڕوخسارێکی سپیکەلەی هەبوو. دوای ڕووداوەکانی بیست و پێنجی نیسان، ڕژد بوو لەسەر ئەوەی کە باسی ڕەگ و ڕەچەڵەکی خۆیمان بۆ بکات. لافی بەوەوە لێدەدا کە دەگەڵ مانگوکسی دا ژیاوە. ( ئانتونیو ئوگوستینو نیتو مانگوکسی ١٩٢٢ – ١٩٧٥، شاعیر و سیاسەتوانی ئەنگولاییە. یەکێک بوو لە

ڕێبەرانی بزاڤی سەربەخۆیی و یەکەم سەرکۆماری ئەنگولا بوو لە سالانی ١٩٧٥ – ١٩٧٩ دا ) باوەڕ دەکەی؟ پیاوێک بوو کە بەدرێژایی هەموو ئەو سالانە بۆ تاقە جارێکیش دژی کولونالیزم دەنگی هەڵنەبڕی. جا پیاو هەق بڵێ، هەرگیز مامەڵەی دەگەڵ ڕەگەزپەرستەکاندا نەدەکرد، هەمیشە پیاوێکی بەویژدان بوو، بەهەمان لووتبەرزی بەرخوردی دەگەڵ سپی پێست و ڕەش پێستەکاندا دەکرد.

–ماڵباتەکەی کێ بوون؟

– ماڵباتەکەی. وابزانم پسمامی ڤیتورینو گافیاو بوو.

– شاعیرەکە؟

– سەرگەردان. هەر ناوێکی لێدەنەی، بینە.

بنچیمو دەیزانی کوێ بۆ ڤیتورینو گاڤیاو بگەڕێ. لە شەقامەکە پەڕییەوە و خۆی بە باڕی بیکردا کرد. باڕەکە لەم کاتانەی ڕۆژدا نیمچە چۆڵ بوو. چوار دان عەمر لە سووچێکا، لە دەوری مێزێک ڕۆنیشتبوون و یاری وەرەقیان دەکرد، بە دەنگی بڵند دەئاخفین. کە ئەویان بینی چووە ژوورەوە بێدەنگ بوون:

یەکێکیان گوتی هۆشیار بن! وای دەنواند گوایە بە چپە دەئاخفێ، بەڵام یارۆی ڕۆژنامەڤان گوێی لە قسەکانی بوو: میدیای دەسەڵات هات. دەنگی مولکداران، چاو و گوێی مولکداران.

بنچیمو، دەهری بوو: ئەگەر من دەنگی دەسەڵات بم، ئێوە گووی دەسەڵاتن.

ئەو کابرایەی گوایە چپەکەی کردبوو هەستا و گوتی:– تووڕە مەبە هاوڕێ. وەرە بیرەیەک هەڵبدە.

ڤیتورینو گاڤیاو خەندەیەکی تاڵی بۆکرد:– ئێمە کۆرسی یونانین. دەنگی ویژدانی میللەتین. ئێمە ئەمەین. لێرە، لەم تاریکیەدا دانیشتووین و شرۆڤەی بەردەوامی کارەساتەکان دەکەین، هۆشدارییانێک دەدەین کە کەس گوێی لێناگرێت. بایە و بەلای گوێیاندا دەڕوات.

ڕوتانەوەی پێشوەختەی قژە پڕەکەی، کەبە ستایلی جیمی هندریکس داینابوو، ئەوی لەوە مەحرووم کردبوو، کە لە دەیەی شەستەکاندا توانی بووی لە پاریس لافی زەنگیەتی لێبدات. نها بەو کەللە ساف و بریقەدارەوە، دەیتوانی تەنانەت لە سویدیش دا خۆی بە سپی پێست لەقەڵەم بدات. ئەوسا بەدەنگی بەرز گوتی:– خەبەر و باس؟

ڕۆژنامەڤانەکە کورسیەکی ڕاکێشا و دانیشت:– کابرایەک بەنێوی ئورلاندو بیریز دوس سانتوس، ئەندامی جیولوجیە دەناسیت؟

گاڤیاو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا:– پسمامی منە. پسمامی هەقمە. مردووە؟

– نازانم، هیچت لە مردنی ئەو دەست دەکەوێ؟

– ئەم پیاوە لەگەڵ سەربەخۆیی ولاتا ئیدی دیار نەماوە. دەڵێن گوایە یەک سەندووق ئەڵماسی لەگەڵ خۆیدا بردووە.

– تەسەور دەکەی هێشتا تۆی لەبیر مابێ؟

– ئێمە برادەر بووین. بێدەنگی " سیخ " لە ساڵانی یەکەما بۆ من مایەی سەرسامی نەبوو. خۆ منیش ئەگەر سەندووقێک ئەڵماسم دزیبا، حەزم دەکرد خەڵکی لەبیرم بکەن. ئیدی لە بیر چووەتەوە، ساڵانێکە هەموو خەڵکی لەبیریان کردووە، چما ئەم پرسیارانە لە من دەکەی.

ڕۆژنامەڤانەکە، نامەکەی ماریا بییدادی لورینسو- ی نیشاندا. گاڤیاو، لودو – ی بیرکەوتەوە. کە هەمیشە دەمارێکی شێتاتی هەبوو. ئێستا خەریک بوو هۆکاری ئەم پرس و جۆیەی بۆ دەردەکەوت. بیری کەوتەوە کە لە ڕۆژانی خۆشی بەرلە سەربەخۆیی چووبووە دیدەنی پسمامەکەی لە شوقەکەی خۆی باڵەخانەی (خواپێداوان).

– ئەگەر دەمزانی ڕۆژمان بەم ڕۆژگارە دەگات، هەرلە پاریس دەمامەوە.

– باشە لەوێ، لە پاریس چیت دەکرد؟

گاڤیاو هەناسەیەکی هەڵکێشا: هیچ، وەکو ئێرە. بەڵام بەلای کەمەوە، حورمەتی خۆم هەبوو. بە پەناهەندەیی دەژیام.

دانیل، عەسری ئەو ڕۆژە، پاش ئەوەی لە بارەگای ڕۆژنامەکە هاتەدەرێ، بە پێیان بۆ کیناشیشی ڕۆیی. باڵەخانەی خواپێداوان، هێشتا وەکو کەلاوە دەهاتە بەرچاو: بەڵام هۆڵەکەی پێشەوە تازە بۆیە کرابوو، بۆن و بەرامەیەکی خۆش و دڵگیری لێدەهات. پاسەوانێک لەبەردەم ئاسانسورەکە وەستابوو.

ڕۆژنامەڤانەکە پرسی:– کار دەکات؟

پاسەوانەکە، بە کەش و فشێکەوە بزەیەکی بۆ کرد:– تەقریبەن هەمیشە، ڕەیس، تەقریبەن هەمیشە!

داوای ناسنامەی لە دانیل کرد و ئەوسا پلی بە دوگمەی ئاسانسۆرەکەوە نا. ڕۆژنامەڤانەکە سەرکەوت. تا نهۆمی یازدە ڕۆیی. لە ئاسانسۆرەکە دابەزی. هەڵوەستەیەکی کرد، واقی لە خاوێنی دیوارەکان و بریقەی کاشیەکان ورما. تەنیا یەک دەرگا لەو بەینەدا دەگەڵ ئەو دیمەنەدا تێکی نەدەکردەوە، ئەویش دەرگای شوقەی ژمارە ( D ) بوو. ڕوشابوو و کونێکی بچووک لەبەشی سەرەوەی هەبوو، وەکو ئەوەبوو گوللەیەکی پێکەوتبێ. ڕۆژنامەڤانەکە پلی بە زەنگەکەوە نا. گوێی لە هیچ وەڵامێک نەبوو. ئەوسا سێ چەلان بەتووندی لە دەرگای دا. کوڕیژگەیەک هات و دەرگای ڤەکرد. چاوە درشتەکانی و، سیمای کەسێکی گەورە بە روخساری منداڵکارێکی واوە، مایەی سەرسوڕمان بوو.

ڕۆژنامەڤانەکە، چاک و خۆشی لەگەڵدا کرد:– سڵاو! تۆ لێرە دەژی؟

– بەڵێ قوربان، من و داپیرەم.

– دەتوانم قسان دەگەڵ داپیرەتدا بکەم؟

– نا.

– کوڕۆ، با قسەی دەگەڵدا بکەم.

دانیل، گوێی لە دەنگێکی کز و گڕ بوو، ئەوسا پیرەژنێکی ڕەنگزەردی بینی کە لاقێکی لەدووی خۆی ڕادەکێشا و، قژە بۆزەکەی، لە دوولاوە کردبوو بە دوو پرچی ئەستوور:– من لودوفیکا فرناندس – م ئەزبەنی چیت گەرەکە؟

خەماوای موتیاتی ( ٢ )

پیرەمێرد، بەچاوی خۆی بینی چۆن وەختایەک مانگی یەک هات و وەکو تەڵە دەوری خەڵکی کوڤالی گرت. لە هەوەڵەوە وشکەساڵی بوو. گا و گۆتاڵێکی زۆری کوشت. تا زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات هەڵدەکشان و بە شاخەکاندا ڕەت دەبوون. کەش و هەواکە خۆشتر دەبوو و ئەرزەکە ساردتر و نەرمتر دەبوو. هەندێ لەوەڕگە و گۆلاوی لیڵیان دۆزییەوە، ئەو ناوەیان دا بە ژێر پێوە، تێپەڕین، خواخوایان بوو، کەمترین نیشانەی سەوزەزاران بدۆزنەوە. لەناکاوا لەمپەڕ و کۆسپان هاتە ڕێگەیان، وەکو ئەوەبوو تەوهینێک بێت و جنێو بە ڕۆشنایی لای بەیانی بدات. مێگەلەکان وەستان. گەنجەکان خڕ بوونەوە، خوایان نەما، بەتووڕەیی و سەرسامی تەمەشای ئاسمانیان دەکرد لە تووڕەییدا هاواریان دەکرد. ئانتونیو، کوڕێکی منداڵکار بوو، بەهەڵەداوان هات، سەراپای لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. ڕوخسارە جوانەکەی، کەپووە قیتەکەی و چەناگە زەقەکەی، لە ماندوویەتی و تووڕەییدا سوور بووبووەوە:- نها چ بکەین؟

پیرەمێر، دانیشت. تەلبەند و لەمپەڕەکە سەد مەتر درێژ بوو. لە سەمتی ڕاستەوە دەگەیشتە کێڵگە تووترکێکی کێوی کە لەوێندەر پێیان دەگوت پەنجە پشیلە و لە سەمتی چەپەوە، دەچووە سەر مەیدانێکی گەورەتری دڕوانی وەک کاکتوسی بەرزی شەمانی ئاسا و موتیاتی. لەودیو لەمپەڕ و تەلبەندەکەوە، نەرمە ڕێگەیەک بوو لە چەو و لم کە دەبوایە لەو کاتەی ساڵدا، جۆگەیەکی باریکی پێدا ڕۆیی با.

جیریمیاس- ی جەللاد، چیلکە دارێکی هەڵگرت، لمەکەی ساف کرد و کەوتە نووسین. ئانتونیو، لە تەنیشتیەوە هەڵکوڕما.

ئەو دەمەو عەسرە، سیمبەندەکەیان تێکدا و، پەڕینەوە ئەودیو. تۆزێ ئاو و هەندێ لەوەڕگەی باشیان دۆزییەوە. با هەڵیکرد. بایەکە تاریکی و سایە و سیبەری سەنگینی لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵی، وەکو ئەوە بوو شەو لە سارایەکی دیکە و دوورترەوە، لەت لەت بکات و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ. گوێیان لە دەنگی ماتۆری جیبێک بوو کە لە نێو تاریکی و تەپ و تۆزێکەوە، بە شەش چەکدارەوە پەیدا بوو. یەکێکیان دوڕەیەکی لاوازی مردەلۆخ بوو. پیاو بەزەیی بەحاڵیا دەهاتەوە، دەتگوت پشیلەی تەڕە، لە جیبەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە. کلاشینکۆفێک بەدەستی ڕاستیەوە، بەدەم تەکاندانی کلاشینکۆفەکەوە، بەرەو لایان هات.

بەزمانی پرتوگالی و نکومبی ( نکومبی لقێکە لە زمانی بانتو ) هاواریدەکرد. هەندێ لە قسەکانی، بەدەم بایەکەوە، بە پچڕپچڕی دەگەینە گوێی جیریمیاس:- ئەم موڵکە خاوەنی خۆی هەیە! وەدەرکەون! هەر ئێستا بەجێی بێڵن!

پیرەمێر، دەستی ڕاستی بەرز کردەوە و ویستی هەڵچوونی گەنجەکان جڵەو بکات. بەڵام تازە درەنگ بووبوو. گەنجێکی درێژ داهۆڵ کە تازە ژنی هێنابوو و پێیان دەوت ( زێبرا ) ، کورتە ڕمەکەی خۆی هاوێشت. ڕمەکە بە ئاسمانا ڕۆیی و ئەوسا لە چەند سانتی مەتری چەکمەکانی یارۆی دووڕەگا، کەوتەوە و لە ئەرزەکە چەقی.

بێدەنگیەکی کورت باڵی بەسەردا کێشان. تەنانەت بایەکەش خستبووی. ئەوسا پاسەوانەکە چەکەکەی بەرز کردەوە و تەقەی کرد.

ئەگەری ئەوە هەبوو بەو گەرما و قرچە قرچی نیوەڕۆیە هەموو شتێک لە گۆمی خوێنا نقوم ببێت. هەر شەش پیاوەکە چەکدار بوون. هەندێک لە شوانەکان سەربازییان کردبوو و چەکیان پێبوو. بەڵام لەو کاتەدا بایەکە قامچی ئاسا خۆی بە تاریکیەکەدا دەکێشا، تەنیا دوو گوللە بەر خەڵکی کەوت. باسکێکی زێبرا بە سووکی بریندار بوو. یارۆی دوو ڕەگ - ش پێی بریندار بوو. ئەوسا هەردوولا پاشەکشەیان کرد، بەڵام لەو هەرا و هەنگامەیەدا چەند چیڵێک لە دواوە مانەوە.

شەوی دواتر، دەستەیەک لە شوانە گەنجەکان بە ڕێبەری زێبرا، جارێکی دی خۆیان بە مەزرایەکەدا کرد. بە چەند مێگەلێکی سەرگەردان و شەش حەوت چێڵەوە کە هی خۆیان نەبوو، لەگەڵ کوڕێکی چواردە ساڵاندا گەڕانەوە، کە بەگوتەی زێبرا بەسواری ئەسپێک دوویان کەوتبوو و شێت ئاسا هاواریدەکرد.

جیریمیاس ترسی لێنیشت. دزینی مێگەل و گاگەلان عادەت بوو، زۆرجار رووی دەدا. لەو بۆنەیەدا وەکو جۆرە گۆڕینەوەیەک وابوو. بەڵام ڕفاندنی کوڕە چواردەساڵانەکە لەگین بوو هەندێ سەریەشەیان بۆ چێبکات. داوای کرد بیهێنن بۆلای وی. هەرزەکارێک بوو، چاوەکانی زۆر کەسک بوون، قژەکەی ئاڵۆز، کە وەکو کلکە ئەسپ بەستبووی. لەو کەسانە بوو کە لە ئەنگولادا پێیان دەڵێن ( سنورنادیار ) چونکە لە ڕوناکیا سپی دیارن و لە تاریکیدا، ڕەش و دوڕەن. ئیدی بەمەدا وادیارە کە باشتر وایە هەندێ کەس لە تاریکیدا ببینرێن و باشتر دەناسرێنەوە. کوڕێژگەکە بە ڕقەوە ڕوانیە پیرەمێرەکە :- باپیرەم دەتکوژێ.

جیریمیاس پێکەنی. ئەوسا لەسەر لمەکە نووسی:- تا ئێستا جارێک مردووم. جاری دووەم ئاسانتر دەبێت.

کوڕێژگەکە، حایر و حەپەساو لەبن لێوانەوە ورتە ورتێکی کرد. ئەوسا دەستی بەگریان کرد:- نێوم ئەندرێ ڕوسویە، قوربان نەوەی جەنەڕاڵ روسو- م. پێیان بڵێ عەزابم نەدەن. وازم لێبێنن با بڕۆم. چێڵەکان بۆ خۆتان، بەڵام ڕێم بدەن با بڕۆم.

پیرەمێر، هەوڵیدا گەنجەکان، ئەندرێ ئازاد بکەن و وازی لێبێنن با بڕوات. مەرجیان ئەوەبوو چێڵ و مێگەلەکانیان وەربگرنەوە و ڕێگەیان بدرێ کەبە مەزراکەدا ڕەت ببن و منەی لەوەڕگەی بژوێن تر بکەن. سێ ڕۆژ بوو لەو حاڵەدا بوون، کە جیریمیاس ڕابردووی بینی لەبەردەمیا هەڵتروشکابوو. زەمان پیر بووبوو، کە ئەمە هەموو کاتێ ڕوونادات، هەندێجار ڕابردوو قەڕنان تەیدەکات، بێئەوەی زەمان بیپوکێنێتەوە. بەڵام ئەمجارەیان نا: ئەم پیاوە لە ڕادەبەدەر ژاکا بوو، چروسابووەوە، چرچ و لۆچ کەوتبووە ڕوخساری، گاسنی ڕۆژگار دەم و چاوی کێڵابوو، ئەو تاڵە مووە کەمانەی بەسەرییەوە مابوون کاڵی کاڵ بووبوونەوە. بەڵام دەنگی مکووم بەرز بوو. لەو دەمەدا کە جیریمیاس خۆی لە هەنبەر مونتی دا بینی و سەیری کرد کە هەستاوە و پاشەوپاش دەکشێتەوە و ڕادەکات و شوانە گەنجەکان دوای کەوتوون، لەوەدەمەدا ئۆرلاندو پیریرا دوس سانتوس و ئەڵماسەکانی بیرکەوتەوە.

## چارەنووسی غەریبی ڕوباری کوبانگو

ناسری ئینجیلی، بەکارە تازەکەی خۆشحاڵ بوو. یونیفۆرمێکی نیلی زۆر پاک و خاوێنی لەبەر دەکرد، زۆربەی کات لە پشت مێزێکەوە ڕۆدەنیشت و کتێبی دەخوێندەوە، بەتیلەی چاو چاودێری دەرگاکەی دەکرد. ئیدی لەو ساڵانەدا کە لە زیندانی ساوبالو – ی شاری لواندا بووبوو، متووی خوێندنەوەی کتێبان بووبوو. دوای ئازاد بوونی لە زندان، لە بازاڕی هەڤدە کیلومەتر کار و کاسبی دەکرد، دەمامکی دروست دەکرد. دوا نیوەڕۆیەک تووشی سەرۆکی بچووک بوو کە زەمانێک هاوزندان بوون. پێشنیازی بۆکرد کە لە باڵەخانەی خواپێداوان، لە کیناشیشی، کە خۆیشی تازە بۆ ئەوێندەر باری کردبوو، ببێ بە دەرگاوان.

قونتەراتچیەکە دڵنیای کرد کە: کارێکی بێ سەریەشەیە، دەتوانی بە ئارەزووی خۆت کتێب بخوێنیتەوە.

بەو قسەیە قانیعی کرد. ئیدی ناسری ئینجیلی، ئەو بەیانیە، خەریک بوو بۆ جاری حەوتەم ڕیسکەکانی ڕوبینسون کرۆزۆی دەخوێندەوە، هەستیکرد کوڕێژگەیەکی زۆر ناحەز، ڕوخسار بە زیپکە، لەبەر دەرگای

باڵەخانەکەدا دەسوڕێتەوە. ناسر لاپەڕەکەی نیشانە کرد و کتێبەکەی خستە چەکمەجەی مێزەکەوە. هەستا و بۆلای درگاکە چوو:- ئەهای کوڕۆ، دەم و چاو زیپکاوی، عەودالی چیت لە دەوروبەری ئەم باڵەخانەیە؟

منداڵەکە بەترسەوە هاتە پێشەوە:

- منداڵێک دەناسی کە لێرە دەژی؟

- منداڵی زۆری لێهەن. ئەم باڵەخانەیە شارێکە بۆ خۆی.

- منداڵێکی حەوت ساڵانە، ناوی سابالویە.

- ئا، بەڵێ، سابالو، دەیناسم، لە نهۆمی یازدەیە. منداڵێکی زۆر باشە. دەگەڵ داپیرەیدا دەژی، بەڵام من قەت داپیرەیم نەدیتووە. لەماڵ نایەتە دەرەوە.

دروست لەم کاتەدا دوو کەسی دی پەیدا بوون. ناسر کە بینی لە جادەکە دەپەڕینەوە، ڕاچڵەکی، هەردووکیان جلی ڕەشیان لەبەر بوو. دەتگوت لە ڕیسکێکی کورتومالتیزەوە هاتوونەتە دەرەوە. ( کورتومالتیز: زنجیرەیەکی ئەنیمەیشنە، بریتیە لە سەربهوردی دەریاوانێکی سەرکێش. لە داهێنانی هۆگۆ برات – ی ئیتاڵیاییە ١٩٦٧ ). گەورەکەیان کڵاوێکی موکوبالی لەسەر نابوو، ملوانکەیەکی لەمل بوو، بازنی گەورەی لە هەر دوو دەستی کردبوو. جووتێ سۆلی چەرمی کۆنەی لە پێیە، زەلام و شەقار شەقارەکانی کردبوو، گەرد و تۆزی دنیایان لێنیشتبوو. بچووکترەکەیان، گەنجێکی درێژ و بەلەباریکە بوو، بە شکۆ و کەش و فشی کەسێکیەوە ڕێی دەکرد وەکو ئەوەی لەسەر شانۆ خۆی بنوێنێ و نمایش بکات. ئەویش مووچەوانەی لە دەست و گەردانەی لە مل بوو. بەڵام ئەو شتانەی لێدەهات، لەگەڵ ئەو کڵاوە خڕەدا کە لەسەری نابوو، تێکی دەکردەوە. ئەم جووتە ڕاستەوڕاست بەرەو ناسر هاتن. بچووکەکەیان بە تووڕەیی دەرگاوانەکەی دەلەک دا، پێی گوت: دەمانەوێ بچینە سەرەوە. ناسر ئەمری پێکرابوو کە ڕێگەی هیچ کەسێک نەدات، تا ژمارەی ناسنامە، یان مۆڵەتی شەفێرییەکەی لای خۆی تۆمار نەکات، بۆ سەرێ سەربکەوێ. خەریک بوو ڕێگەی لەوان دەگرت کە بایاکو، لە پشتیەوە پێچی کردەوە و، بلەز خۆی گەیاندە پلیکانەکە و سەرکەوت. دەرگاوانەکە دووی کەوت. جیریمیاس و کوڕەکەی پلیان نا بە دوگمەی ئاسانسورەکەوە و سەرکەوتن و چوون بۆ سەرەوە. کە لە نهۆمی یازدەیەم دابەزین، پیرەمێر تووشی سەرگێژکە بوو. هەناسەی تەنگ بوو. کەمێک پشتی بەدیوارەکەوە دا، دانیل بنچیمو- ی بینی کە چاک و چۆنی دەگەڵ لودودا دەکرد، هەرچەندە قەت لودو – ی نەبینی بوو، بەڵام بە مەزەندە ناسی.

دانیل خەریک بوو دەیگوت:- نامەیەکم بۆت هێناوە. ڕەنگە وا باشتر بێ بچینە ژوورەوە، تا دانیشین و پێکەوە قسە بکەین.

لەم کەین و بەینەدا، مانگو موریرا مونتی – ش خەریک بوو، بۆ باڵەخانەکە دەهات. دەرگاوانەکەی نەدۆزییەوە، پلی بە دوگمەی ئاسانسۆرەکەوە نا، و سەرکەوت، لەناو ئاسانسۆرەکەوە گوێی لە هاواری ناسر بوو کە دووی بایاکو کەوتبوو:

- بگەڕێوە، بۆت نییە بچیتە سەرەوە!

سەرۆکی بچووک، کە لەماڵ و خەریک بوو ڕدێنی دەتاشی، کە گوێی لە هات و هاواری دەرگاوانەکە بوو ترسا. دەم و چاوی شۆرد، پانتۆڵێکی لەبەر کرد و چووە بەر دەرگا تا تەمەشای ڕاڕەوەکە بکات و بزانێ ئەو هەرا و هاوارە چییە. بایاکو، بلەز بەلایا ڕۆیی، شوانەکانی دایە دواوە و ڕێک چەند مەترێک لە دووی دانیل بنچیمو وەستا. پاشان دەرگای ئاسانسوارەکە ڤەبوو و زندانیەکەی جاران، سەری سوڕما لەوەی کەخۆی لە

هەنبەر پیاوێکدا بینییەوە کە بیست و پێنج ساڵ لەوە پێش، پرس و جۆی دەگەڵ ئەمدا کردبوو و ئەشکەنجەی دابوو.

بایاکو، چەقۆیەکی یایلی لە گیرفانی دەرهێنا، کردییەوە و لە سابالوی ڕاگرت:- هەی دز! دەبێ گوێت ببڕم!

کوڕیژگەکە ڕووبەڕووی وەستایەوە :- ئەگەر پیاوی وەرە پێشەوە، من لێت ناترسم!

لودو، دەلەکی دایە نێو شوقەکەوە.

- برۆ ژوورەوە کوڕم. هەڵەمان کرد کە دەرگامان کردەوە.

ناسر ئینجیلی، پڕی دایە بایاکو و چەقۆکەی لە دەستی دەرهێنا.

- لەسەرخۆبە کوڕۆ. ئەوەم بدەیە. وەرە با قسە بکەین.

مونتی، کە سەرسامی سەرۆکی بچووکی بینی زۆر خۆشحاڵ بوو.

- ئاە، هاوڕێ ئارنالدو کروز! هەر کاتێک بژنەوم کەسێک جنێو بە ئەنگولا دەدا و لە عەلەیی دەدوێ، هەمیشە تۆ بە نموونە دێنمەوە. وڵاتێ کە تەنانەت شێتانیش تیایدا دەوڵەمەند دەبن، تەنانەت دژمنانی ڕژێمیش تیایدا دەوڵەمەند دەبن، گومانی تیانییە دەبێ وڵاتێکی زۆر بەخشندە بێت!

ئانتونیو، کە لەم هەموو بویەرانەدا گێژ بووبوو، بەزمانی خوار و خێچی گوڤالی بە گوێی پیرەمێرەکەیدا چپاند:- ئەو خەڵکانە جوانەگا و کەڵەگایان نییە، هیچ شتێک لەمەڕ گا و گوتاڵ نازانن.

دانیل بنچیمو، قۆڵی لودو ی گرت :- خانم گیان یەک تۆز سەبر بکە. ئەم نامەیە بخوێنەوە.

سەرۆکی بچووک، قامکی شادەی لە سینگی مونتی چەقاند :- بە چی پێدەکەنی هەی کەمتیار؟ سەردەمی کەمتیاران بەسەر چووە.

لودو، نامەکەی دایە دەستی:- چاوەکانم توانای خوێندنەوەیان نەماوە.

مونتی، دەستی سەرۆکی بچووکی دایە دواوە، هەرکە وەرچەرخا جیریمیاسی بینی. وادیاربوو ئەم ڕێکەوتە زیاتر دڵخۆشی کرد:

- بەە بەە! ئاشنایەکی دی. دیداری ئێمە لێرە، لە نامیبی بەخێر نەگەڕا. بەکێمانی بۆ من. بەڵام ئەمجارەیان هەمووتان لە خاکی مندان.

دانیل بنچیمو، کە گوێی لە دەنگی مونتی بوو، ڕاچڵەکی. ڕوویکردە کابرای خەفیە(ئاسایش، ئەمن):- قوربان من دەتناسمەوە. ئەو شەوەی کە سیمون – پییر دیار نەما بێدارت کردمەوە. مەسەلەکە ئەوە بوو بەتەمابووی من لەنێو بەری، نەک ئەو. وایە؟

لەم ساتەدا هەموو چاوەکان لە سەر کۆنە خەفیفەکە بوو. ناسر ئینجیلی، وازی لە بایاکو هێنا و توورە و چەقۆ بەدەست بەرەو لای مونتی چوو:- منیش تۆم لەبیرە قوربان، هەڵبەتە یادگارییەکی ناخۆشش.

مونتی کە خۆی لە ئابلۆقەی جیریمیاس، ئانتونیو، سەرۆکی بچووک، دانیل بنچیمو، ناسر ئینجیلیدا بینییەوە، پاشەوپاش بۆ لای پلیکانەکان گەڕایەوە :- بوەستن. بوەستن، ئەوەی بوو، بوو. هەرچییەک بێ هەمووومان ئەنگولایین.

ناسر ئینجیلی گوێی لە قسەکانی نەبوو. تەنیا هاوارەکانی خۆی – هی چارەکە سەدەیەک لەوەپێش – لەناو ساڵۆلێکی تەنگا دەژنەوت کە بۆنی میز و گوی لێدەهات. هاواری ژنێکی دەبیست کە قەت نەیبینی بوو، هاوارەکە لە تاریکیەکی دیکەوە دەگەییە گوێ. حەپەی سەیەک. هەموو شتێک لە دوایەوە هاواریدەکرد. هەموو شتێک دەگەفی. دوو هەنگاوی نا، دەمی چەقۆکەی کرد بە سینگی مونتی دا، سەری لەوە سوڕما کە هیچ بەرگرییەکی لەخۆی نەکرد. هەمان کاری چەند جارێک دووبارە کردەوە. یارۆی خەفیە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، دەستی بۆ یەخەی کراسەکەی برد. خوێنی نەبینی. جلەکانی هیچیان لێنەهاتبوو. جیریمیاس، هەردوو شانی ناسری گرتبوو و بۆلای خۆیی ڕادەکێشا. دانیل چەقۆیەکەی لە دەستی سەند :- چەقۆی کارتۆنیە. سوپاس بۆ خوا، چەقۆی سێرکە.

مەسەلەکە بەم ئاوایە بوو. دەسکی چەقۆکە بۆش بوو، زەنبەلەکێکی پێوەبوو، هەرکە دەمی چەقۆکە بەر شتێک بکەوتایە، دەمەکەی دەچووە نێو دەسکە بۆشەکەیەوە.

دانیل، چەند چەقۆیەکی لە سینگ و ملی خۆی دا، تا ساختەبوونی چەقۆکە، بەوانی دی نیشانبدات. ئەوسا پەلاماری جیریمیاسی دا. چەند چەقۆیەکی لە ناسر دا. قاقا پێکەنی، پێکەنینێکی شێتانە، ئەوانی دیکەشی گرتەوە. لودو- ش پێکەنی، خۆی بە سابالووە گرتبوو و ڕوندک لە چاوانی دەباری.

تەنیا مونتی، لە سەر جدیەتی خۆی بەردەوام بوو. کراسەکەی ساف کردەوە، پشتی ڕاست کردەوە و بە پلیکانەکاندا داگەڕا. لە دەرەوە دنیا زۆر گەرم بوو. بایەکی وشک دار و درەختەکانی دەهەژاند. خەفیەکە بە ئەستەم هەناسەی پێدەدرا. سینگی دەکزایەوە، نەک ئەو شوێنەی کە ناسر بەر چەقۆ ساختەکەی دابوو، بەڵکو لە ناوەوە، لە جێیەکی نادیارەوە، لە جێیەکەوە نەیدەزانی ناوی چییە. چاوەکانی سڕین، عەینەکە ڕەشەکەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا و لە چاوی کرد. بەبێ هیچ سەدەمێکی ئاشکرا، وێنەی ئەو بەلەمەی بیرکەوتەوە کە بەسەر ئاوی دەلتای ڕوباری ئوکاڤانگووە بوو.

ڕوباری کوبانگو کە لە سنووری نامیبیا ڕەت دەبێت، بەرە بەرە ناوەکەی دەگۆڕێ، دەبێ بە کاڤانگۆ، هەرچەندە ڕوبارێکی گەورەیە، وەکو ڕوبارەکانی دی نارژێتە دەریاوە، باسکە بەهێزەکانی خۆی دەکاتەوە و لە ناوەندی بیاباندا دەمرێت. ئەمە مردنێکی باڵایە، مردنی سەخاوەتمەندانە، لمەڵانەکانی سارای کالاریان، پڕ دەکات لە ژیان و سەوزەزار، مونتی یادی سێیەمین ساڵوەگەڕی زەماوەندی خۆی لە دەڵتای ئوکاڤانکو، لە کابینەیەکی ئیکولوجی ( ئیکولوجی: جۆرە میوانخانەیەکە کە کەمترین ئاسیو بە ژینگەی سروشتی دەگەیەنێ. ) بەسەر بردبوو – ئەمە دیاریی منداڵەکانی بوو. ڕۆژگارێکی خۆش بوو، دەگەڵ ماریا کلارادا، خەریکی ڕاوە قالۆنچە و پەپوولان بوون، کتێبیان دەخوێندەوە، بەسواری بەلەمان دەگەڕان.

هەندێکەس، لەوە دەترسن کە بیر بچنەوە، فۆبیای لەبیر چوونەوەیان هەیە. ئەمە نەخۆشیەکە، کە فۆبیای بیرچوونەوەی پێدەڵێن. بەڵام ئەزموونی ئەو بەپێچەوانەوە بوو : هەمیشە لەوە دەترسا کە بیر نەچێتەوە، لە بیری خەڵکی نەچێتەوە. لەوێ ، لە دەلتای ئوکاڤانگو، هەستی بەوە دەکرد کە لەبیر چووەتەوە، لەبیر کراوە. بەوە خۆشحاڵ بوو.

کاتێ ڕوون دەبێتەوە چۆن ناسر ئینجیلی

یارمەتی سەرۆکی بچووکی دا لە زندان هەڵێت.

ئێمە هەمیشە لە نائومێدیدا دەمرین، یان کاتێ ڕوح بەجێمان دیڵێت دەمرین، ئەمە تیۆری سەرۆکی بچووک بوو. جا بۆ پشتیوانی ئەم تیۆری و بۆچوونە، یارۆی قونتەراتچی باسی ئەوە دەکات کە جاری دووەم زندانی کرا، چی بەسەر هاتبوو. بەجۆرێ ڕوو بەڕووی نالەباری زندان و ئازار و ئەشکەنجە بووبووەوە کە نەک هەر هاوزندانیە نەگبەتەکانی، بەڵکو وەردیانەکانی زندان و پۆلیس و ئەمنی سیاسی زندانەکەشی سەرسام کرد.

خۆی، بەدەمی خۆی دەیگوت : ئەوە ئازایەتی نەبوو. جۆرە یاخی بوونێک بوو، ڕوحم لە زوڵم یاخی دەبوو، زوڵم و غەدری پێ قووت نەدەچوو. ترس، بەڵێ ترس لە ئەشکەنجە و ئازار پتر ئەزیەتی دەدام. بەڵام کە یاخی بوون بەسەر ترسدا زاڵ بوو، ئیدی ڕووبەڕووی پیاوانی پۆلیس و ئەمن بوومەوە. ترسم شکا، هەرگیز بێدەنگ نەدەبووم، کە هاواریان بەسەردا دەکردم، بەدەنگی بەرزتر هاوارم بەسەریاندا دەکردەوە. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، بۆم دەرکەوت، ئەوان زیاتر لە من دەترسن، تا من لەوان بترسم.

جارێک بەمەبەستی سزادان و تەمێ کردن، خستیانە ژوورێکی تەنگ و تاریکەوە کە بەیادی شەڕێکی گەورەوە ناویان نابوو کیفانگوندو ( کیفانگوندو: ئاماژەیە بۆ شەڕی کیفانگوندو یان شەڕی جادەی مەرگ کە لە ١٩٧٥/١١/١٠ دا لەنێوان هێزەکانی MPLA و FAPLA ڕوویدابوو ) سەرۆکی بچووک جرجێکی دۆزییەوە، دەستەمۆی کرد. ناوی نا " عەزەمەت " کە ئەم ناوە بۆ جرجێکی ئاسایی ڕەنگە کەمێک نەشیاو بێ: بۆرەقنە، قێزەون، گوێی نیوە قرتاو، پێستی تاریک. وەختایەک سەرۆکی بچووک جارێکی دی بۆ زندانی گشتی گەڕایەوە و " عەزەمەت " بەسەر شانی ڕاستەوەی بوو، هەندێک لە هاوزندانەکانی سەریان خستەسەری. بەڵام زۆربەیان گوێیان نەدایێ. لەو سەروبەندەدا، لە کۆتایی دەیەی هەفتایەکاندا، زندانی ساوپاولو، کۆمەڵێک کەسایەتی ئاوارتە و جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو. بەکرێگیراوانی ئەمریکایی و ئینگلیز، کە لە شەڕا بەدیل گیرابوون، دەگەڵ هەندێ لە نەگبەتەکانی " کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقیا " دا دەژیان، ئیدی گەنجانی ڕۆشنبیریی چەپی توندڕەو کۆ دەبوونەوە و گەنگەشەیان دەگەڵ دان عەمرێکی پرتوگالیی لایەنگری سالازار دا دەکرد ( ئانتونیو دی ئولیفیر سالازاردا ١٨٨٩ – ١٩٧٠ کە بە دەستێکی پۆڵایین و لە سایەی حوکمڕانیەکی دکتاتۆریدا لە ١٩٣٣ تا ١٩٧٤ حوکمڕانی پرتوگالی کرد. ) هەندێکەس بە تۆمەتی قاچاخچیاتی ئەڵماسەوە زندانی کرابوون و هەندێکی دی بە تۆمەتی ئەوە گیرابوون کە لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای نیشتمانیدا سڵاویان نەکردبوو. هەندێک لە زندانیەکان لە ڕابەرانی گەورەی حیزب بوون، ئەوانە خۆیان بەوەوە هەڵدەکێشا کە هاوڕێی سەرۆک کۆمار بوون.

یەکێک لەوانە، بە کەش و فشەوە بە سەرۆکی بچووکی گوت : تا دوێنێ، شان بەشانی پیرەمێر دەخەبتین. خۆ ئەگەر بزانێ خراومەتە ئێرە، یەکسەر لێرەم دەرباز دەکات و لەجیاتی من ئەو کەللەپووتانە دەخاتە زندانەوە کە ئەم کارەیان دەرهەق بەمن کردووە.

هەفتەی دواتر گوللەبارانیان کرد.

زۆرێکیان تەنانەت نەیاندەزانی بەچی تۆمەتبارن. هەندێکیان شێت دەبوون. تەنانەت پاسەوان و وەردیانەکانیش شێت دەبوون. پرس و جۆ و لێکۆڵینەوەکان بەزۆری نارێک و پێک و ناماقوول بوو، وەکو ئەوەبوو مەبەستی لێکۆڵینەوەکان ئەوە نەبێ کە زانیاری لە زندانییەکان وەربگرن، بەڵکو تەنیا بۆ ئەشکەنجەدانیان بوو، تا بزڕکێنن.

جا لەم بارودۆخ و ڕەوشەدا، لەم کاودانەدا، دیتنی کابرایەک بە جرجێکی دەستەمۆوە، کەسی سەرسام نەدەکرد. سەرۆکی بچووک چاودێری " عەزەمەت " ی دەکرد و مشووری دەخوارد، فێری هەندێ شتی کردبوو، پێی دەگوت ڕونە! یەکسەر ڕۆدەنیشت. دەیگوت : بسوڕێتەوە، جرجەکە بەدەوری خۆیا دەسوڕایەوە. مونتی بەم خەبەرەی زانی، چوو بۆ زندانەکە تا سەری زندانیەکە بدات.

– هەوالێان داوەمەتێ گوایە دۆستێکی تازەت گرتووە.

سەرۆکی بچووک بەرسڤی نەدایەوە. لەلای خۆیەوە بڕیاری دابوو کە وەڵامی هیچ کەسێکی سەربە ئەمنی سیاسی نەداتەوە، تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە هاواری بەسەردا بکەن. لەم حاڵەدا هاواری بەسەر یارۆی ئەمن دا دەکرد و بەوە تۆمەتباری دەکرد کە نۆکەر و خوبزەی دکتاتۆریەتی سوسیال – فاشیستە... ڕەفتاری زندانییەکە، مونتی لێکۆڵینوانی ئەمنی تووڕە کرد.

– کابرا من قسە لەگەڵ تۆدا دەکەم. خۆت لە گێلی مەدە.

سەرۆکی بچووک، پشتی تێکرد. مونتی دەهری بوو، سەبری سوا، یەخەی کراسەکەی ڕاکێشا. لەم کاتەدا عەزەمەتی بینی. جرجەکەی گرت، کێشای بە ئەرزەکەدا، بە پێ پان و پلیشی کردەوە. لە نێو ئەو هەموو تاوانەدا کە لەو سەروبەندەدا، لەناو زندانەکاندا دەکرا، مردنی ناچیزی عەزەمەت، جگە لە سەرۆکی بچووک، کاری لەکەس نەکرد. ئەم گەنجە لەوە بەدواوە دووچاری خەمێکی قووڵ بوو. ڕۆژ تا ئێوارێ لەسەر حەسیرێک ڕادەکشا و، مات و بێدەنگ، گوێی بە هاوزندانییەکانی نەدەدا. بەڕادەیەک لاواز بووبوو، پەراسووەکانیت یەک یەک بژماردبا. ئەنجام بردیان بۆ تیمارخانەکەی زندان.

ناسر ئینجیلی، کە گیرا، لە بیمارخانەی ماریا پییادا، یاریدەدەری پەرستار بوو. هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نەبوو، هەموو خەون و خولیایەکی لای پەرستارێکی گەنج بوو بەنێوی سویلی میریلا، کە بە لاقە درێژەکانی بەنێوبانگ بوو. کە لەژێر تەنوورە کورتەکەیەوە سەخاوەتمەندانە نمایشی دەکرد، قژەکەی بەهەمان ستایلی ئانجیلا دیڤیس ئاڕایشت دەکرد. ئەم کیژە دەنکی ئەمنێک ( پۆلیسی نهێنی ) بوو، بەرەبەرە فریوی زمانی شیرین و لووسی یارۆی یاریدەدەری پەرستاری خوارد. ئیدی دڵدارەکەی دەهری بوو، لەداخا خەنیمەکەی بەوە تۆمەتبار کرد کە گوایە لایەنگری گروپە دووبەرەکی خوازەکانە. ناسر دوای ئەوەی گیرا، لە تیمارخانەکەی زندان کاری دەکرد. کە سەرۆکی بچووکی بینی، دڵی بەحاڵی سووتا. نەخشەیەکی دانا و ئەنجامدانەکەی گرتە ئەستۆی خۆی، نەخشەی بوێرانە و سەرکەوتوو، کە گەڕاندنەوەی ئازادی بۆ ئەو گەنجە شەکەت و پەرێشانە مەیسەر کرد، بەهەرحاڵ ئازادییەکی ڕێژەیی، چونکە سەرۆکی بچووک خۆی حەزی دەکرد ئەم وتەیە دووبارە بکاتەوە : تا زندان و زندانی هەبێ، کەس ئازاد نییە.

ناسر ئینجیلی، سەرۆکی بچووکی بەناوی ئارنولد کروش، نۆزدە ساڵان، خوێندکاری مافناسی، لە ڕیزی مردوواندا تۆمار کرد. بەخۆی جەنازەکەی لە تابووت نا. ئیدی بن عامێکی دووری، کە لە ڕاستیا ئەندامی ئەو حیزبە بچووکە بوو، کە خوێندکارەکە کاری لە گەڵیاندا دەکرد، تابووتەکەی وەرگرت و دوای دەرهێنانی زەلامەکەی ناوی بە ڕێوڕەسمێکی پەنهانی لە گۆڕستانی ئالتوداس کروس بەخاکی سپارد. ئیدی سەرۆکی بچووک کردی بە عادەت، هەموو ساڵێک لەیادی مردنە گریمانەییەکەی خۆیدا، بە چەپکە گوڵێکەوە دەچووە سەر گڵکۆیەکە. بەهاوڕێ و دۆستەکانی دەگوت : ئەمە بۆ من جۆرە ڕامانێکە لە گۆڕانکارییەکانی ژیان و مەشق و ڕاهێنانێکی بچووکە بۆ بوون بە خەڵکی دی، دەچم بۆ ئەوێندەر و هەوڵ دەدەم، بەو چاوە سەیری خۆم بکەم، کە خۆم نیم، بەڵکو خزمێکی نزیکی خۆمم. ئەوەی ڕاستی بێ، من نزیکترین خزمی خۆمم. بیر لە ئەرێنی و نەرێنی یەکانی، کێماسی و چاکیەکانی دەکەمەوە، ئایا شایستەی ئەوەیە بۆی بگریم یان نا. تەقریبەن هەموو جارێ کەمێک دەگریم.

چەند مانگێک بەو حاڵەوە بووری، ئەوسا پیاوانی پۆلیسی نهێنی ( ئەمن ) فیلەکەیان دۆزییەوە. ئیدی بۆجاری دووەم دەستگیریان کردەوە.

نهێنی یەکانی لواندا

سەرۆکی بچووک، زۆری حەز لەوە بوو قسە دەگەڵ فرۆشیارانی کارە دەستیەکاندا بکات و تێکەڵاویان ببێت. لە کۆڵانە تۆزاوی و تەنگەکاندا، لەنێو کوختە دارینەکاندا ڕێگەی ون دەکرد، تەمەشای قوماشی کۆنگویی دەکرد، هەزاران جۆرە کوتاڵ کە نەخشی زەردەپەڕی ئێوارە و هەڵپەڕکێی بە دەهۆڵیان پێوەبوو، ماسکێن چوکوە ( چوکوە: یەکێکە لە قەومەکانی ئەفریقای ناوەندی کە زمانەکەیان لەهجەیەکە لە بانتو. ماسک و دەمامکی وان بەنێوبانگە ) کە پێشەوەران لە وەرزی باراندا دەیان شاردنەوە تا کۆن بێنە بەرچاو. هەندێجار شتێکی دەکڕی کە هیچ پێویستی پێ نەبوو، تەنیا بۆ ئەوەی دەکڕی تا درێژە بە گوت و بێژ بدات. زیاتر بەمەبەستی هاوکاری دەیکڕی نەک بەنیازی کاسبی و قازانج، ئیدی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان و بازرگانی کارێن دەستی دامەزراند. بەخۆی هەندێ سکێچی لەسەر تەختە دیزاین دەکرد و پیشەوەرەکان کۆپیان دەکردەوە. ئەو شتانەی لە فرۆکەخانەی لواندا و لە دووکانە بچووکە، هەرزان جانەکانی پاریس، لەندەن و نیویورک دەیفرۆشتن. پتر لە بیست پیشەوەری بەکرێ گرتبوو و کاری پێدەکردن. یەکێک لە پرفرۆشترین ئەو کارە دەستیانە، پارچەیەک بوو بەنێوی " هزرڤان " یەکێک بوو لە پەیکەرە بەنێوبانگەکانی دنیای پەیکەرتاشی تەقلیدی ئەنگولا، کە دەمامکێکی لەدەم بەسترابوو. خەڵکی ناویان لەم کارە نابوو: " بیر مەکەوە ".

سەرۆکی بچووک، عەسرانێک بە بازاڕدا دەسوڕایەوە، بێئەوەی گوێ بە فرۆشیارەکان بدات، بەدەم ڕێوە بزەی دەکرد و بە ئاماژەی سەر سڵاوی ئەو خەڵکانەی دەسەندەوە کە سڵاویان لێدەکرد. پاپی بولینگو، دەستی بە نمایشی خۆی کردبوو. فوفو، گۆرانیەکی کۆنی ئورکیسترای باوباب – ی ( ئورکسترای باوباب، گروپێکی میوزیکی سینگالییە لە ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە ). بارەکە جمەی دەهات. یەکێک لە خزمەتگوزارەکان، کە ئەوی بینی، بە کورسییەکی سەفەرییەوە بەرەو پیری هات. کورسییەکەی کردەوە و یارۆی قونتەراتچی لەسەری ڕۆنیشت. فوفو، بەدەم ڕیتم و نەوای گۆرانیەکەیەوە، خۆی بادەدا و دەمە زلەکەی دەکردەوە و دادەخست و خەڵکەکە شاد و بەکەیف پێدەکەنین.

سەرۆکی بچووک، زۆرجار ئەم نمایشەی بینی بوو. دەیزانی کە پاپی پولینگو، لە ڕۆژانی ڕەهەنەییدا لە فەرەنسا، لە سێرکدا کاری کردووە. گومان لەوەدا نەبوو کە لەو سەروبەندەدا، توانا و بەهرەی مەنگۆلی خۆی دۆزیوەتەوە و پەرەی پێداوە، کە لەو ڕێگەشەوە بژێوی خۆی دابین دەکرد. جاران ئەندازیاری دەنگ بوو، تەنانەت لەگەڵ خۆشیا تەکەزی لە ڕەسەنایەتی نمایش دەکرد:

لە گەرمەی پێکەنین و قاقایاندا تەکەزی لەسەر ئەوە دەکرد: فوفو قسە دەکات! فوفو گۆرانی دەچڕێ. ئەوە، ئەوە، نەک من. یەکەمجار وشەکانم فێر کرد، ئەوکاتانە زۆر بچووک بوو، پاش ئەوە فێری گۆرانیم کرد.

– کەواتە دەمانەوێ، بەبێ تۆ و ، دوور لە تۆ گۆرانی بچڕێت!

– مەحاڵە! کاری واناکات؛ کەسێکی زۆر شەرمنە.

سەرۆکی بچووک تا کۆتایی نمایشەکە چاوەڕوانی کرد. خەڵکەکە بەڕاستی هاڕوژابوون و شیفتە و دڵبەندی ئەو پەرجووە بووبوون کە تازە دیتبوویان، بەرەبەرە بڵاوەیان لێدەکرد. کابرای قۆنتەراتچی لە هونەرمەندەکان نزیک بووەوە:– پیرۆزە، هەردووکتان لە پێشکەوتنی بەردەوامدان.

ئەسپە دەریاییەکە، بە دەنگێکی زوڵاڵ و دلێری، درامیانە سوپاسی کرد:– مەمنوون، جەماوەرێکی باشی تەمەشاڤانمان هەبوو.

سەرۆکی بچووک، دەستی ئافەرینی بە پشتیا دا:- لەوێ، لە گوندا، لەو مەزرا بچووکەدا حاڵت چۆنە، ئاسوودەی؟

- زۆر ئاسوودەم، زرباب. ئاوێکی زۆرم هەیە، قورپیش زۆرە کە خۆمی تیا بگەوزێنم.

پاپی بولینگو، لە قاقای پێکەنینی دا. دۆستەکەشی لە گەڵیا پێکەنی. فوفو- ش بە چاولێکەری وان، سەری لەقاند و لاقە زەلامەکانی کێشا بە شانۆ بچووکەکەدا.

خاوەنی ئەو شوێنە، جەنگاوەرێکی دێرین بوو بە نێوی پیدرو ئافونسۆ. بەهۆی تەقینەوەی مینێکەوە لاقی ڕاستی پەڕی بوو. بەڵام ئەم نوقسانیە، حەز و ئارەزووی هەڵپەڕکێ و سەمای لێ نەسەندبووەوە. کە دەکەوتە سەما، کەس باوەڕی نەدەکرد کە لاقێکی عەمەلی و دەستکردە. وەختایەک گوێی لە پێکەنینی هەردوو دۆستەکەی بوو، هاتە پێشەوە و پێی بە ئەرزە پێخوستەکەدا نا :- خودا بۆیە موزیکی داهێناوە تا بەلەنگاز و بێنەوایان شاد و دڵخۆش بن.

ئەوسا هاواریکرد کە سێ بیرە بۆ هەرسێکیان بێنن :- بەخۆشی هەژاران دەخۆینەوە.

سەرۆکی بچووک ناڕەزایی دەربڕی :- ئەدی من؟

- تۆ؟! هەمیشە لەبیرم دەچێ کە تۆ دەوڵەمەندی. لێرە لەم وڵاتەی ئێمەدا، یەکەمین نیشانەی ڕواڵەتی دەوڵەمەندی، ڕوحزلی و خۆ بە زلزانییە، کەچی تۆ بەهیچ جۆرێ خۆ بەزل زان نیت، پارە بەسەر هزرینت دا زاڵ نەبووە.

- مەمنوون. دەزانی چۆن دەوڵەمەند بووم؟

- دەڵێن، باڵندەیەک لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە، لەسەر دەستت نیشتووەتەوە و دوو بەردی ئەڵماسی تفاندووەتەوە.

- تەقریبەن وایە. کۆترێکم کوشتەوە تا بیخۆم، دوو بەردی ئەڵماسم لە سیقەتۆرەیدا دۆزییەوە. تازە، پێش چەند ڕۆژێک بۆم، دەرکەوت کە ئەڵماسەکان هی کێن.

سەرۆکی بچووک کەمێک بێدەنگ بوو، لەزەتی لە سەرسامی هەر دوو دۆستەکەی دەبینی:- بەردەکان هی دراوسێکەی ئێستام بوو، هی پیرەژنە پرتوگالیەکە بوو. هەرچەندە دەوڵەمەند بوو، بیست و چەند ساڵێکی لە نەداری و بەلەنگازیدا بەسەر برد و منی بێئەوەی بمناسێت دەوڵەمەند کرد.

ئیدی سەربهورد و حیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی گێڕایەوە، بەکەیفی دڵی خۆی شاخ و باڵی لێنا. پاپی بولینگو دەیویست بزانێ کە پیرەژن چەند بەردی ئەڵماسی بۆخۆی هەڵگرتووە. قونتەراتچی یەکە گوتی بەڵێ دوو بەردی  گەورەی دیکەشی هەبوو کە بەهیچ کۆترێک نەدەخوران. پیرەژنە پرتوگالییەکە، بەدیاریی دابوونی بە دوو شوانکارەی موکابال. وادیاربوو ئەم شوانکارانەی دەناسی، نازانم ئەمە چۆن ڕووی دابوو. بەهەرحاڵ لواندا نهێنی خۆی هەیە.

پدرو ئافونسو گوتی :- وایە پایتەختەکەمان پڕە لە نهێنی، شتی وام لەم شارەدا دیتووە، لە خەویشا جێی نابێتەوە.

## مردنی مونتی

سەحنێکی تەلەفزیون بووە سەدەمی مردنی مانگو موریرا مونتی. لە کاتێکا خەریک بوو، سەحنەکەی جێگیر دەکرد، لە سەربان کەوتە خوارەوە، پاشان سەحنەکەش کەوت بە سەر سەریدا. هەندێ کەس ئەم بویەرەیان

بەیەکێک لە بویەرە شوومەکانی سەردەمی مودێرن لە قەڵەم دا. ئەمنەکەی جارانی ( پۆلیسی نهێنی ) دەوڵەت و، دوا نوێنەری ڕابردووی ئەنگولا، کە کەم کەس حەزیان دەکرد وەبیری بێننەوە، لە هەنبەر ئایندەدا شکستی هێنا؛ پەیوەندی ئازاد، بەسەر کۆنەپەرستی، بێدەنگی و سانسۆردا سەرکەوت، ئینتەرناسیونال، دڕی بە ناسیونال دابوو.

ماریا کلارا، حەزی لە تەمەشای بەرنامە و دراما بازاڕی و لامسەرلاییە بەرازیلیەکان دەکرد. بەڵام مێردەکەی بەینێکی ئەوتۆی دەگەڵ تەلەفزیوندا نەبوو. بێ تامی بەرنامەکان تووڕەی دەکرد. خۆ نووچە و هەواڵەکان زیاتر دەهرییان دەکرد. تەمەشای پێشبڕکێی تۆپ تۆپانێی دەکرد. لایەنگر و هاندەری پریمیرو دی ئاگوستو ( یانەیەکی فرە لقی وەرزشی بوو لە ئەنگولا ) و بینفیکا ( یانەی فوتبولی لیشپونەی پرتوگالی بوو ) بوو. جارجار بە بیجامەو سۆلەوە دادەنیشت و تەمەشای فیلمێکی کۆنی ڕەش و سپی دەکرد. کتێبانی پێ پەسندتر بوو. سەدان کتێبی هەبوو. پێوەبوو دوا ساڵەکانی تەمەنی بە دووبارە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی جورج ئامادو، ماشادو دی ئاسیس، کلاریس لسپکتور ( هەر سێکیان نووسەری هاوچەرخی بەرازیلین )، لواندینو ڤییرا ( نووسەرێکی پرتوگالی ئاکنجی ئەنگولایە )، روی دوراتی دی کارفایو، خولیو کورتاسار و گابریل گارسیا مارکیز، بەسەر بەرێت.

وەختایەک باریان کرد و هەرا و زەنا و هەوای پیسی لواندا – یان بەجێهێشت، مونتی هەولیدا ژنەکەی بێنێتە ڕەدا و دەستبەرداری تەلەفزیون ببێت. ماریا کلارا قاییل بوو. بەوە ڕاهاتبوو کە لەگەڵیا پێک بێت. لە هەوەڵین هەفتەکاندا پێکڤە کتێبیان دەخوێندەوە. لەوە دەچوو، هەموو شتەکان بە ڕێک و پێکی بڕۆن بەڕێوە. بەڵام ماریا کلارا بەرەبەرە خەمین دەبوو. بە سەعاتان تەلەفۆنی دەگەڵ دەستەخوشکەکانیا دەکرد. ئەنجام مونتی بڕیاری دا، سەحنێکی تەلەفزیون بکڕێ و لە سەربان دایبنێ.

ئەگەر ئەم گوتەیە دروست بێ، بوو بە قوربانی خۆشەویستی.

## دیدار

ماریا دا پییدادی لورینسو، ژنێکی وردیلەی تووڕە بوو. قژە بۆزەکەی بەردابووەوە، دەتگوت تاجە و بەسەر سەرییەوەیە. لودو، بەباشی ڕوخساری نەدەبینی. بەڵام تاجەکە سەرنجی ڕاکێشا. لە دڵی خۆیدا گوتی: لە مریشک دەچێت. پاشان زوو لەو بیرۆکەیەی خۆی ژێوان بووەوە. لە ڕۆژانی بەرلە هاتنی کچەکەی، زۆر نیگەران و تووڕە بوو. وەختایەک کچەکە هاتە بەرچاوی، ئارامیەکی زۆر لە دڵ و دەروونی گەڕا. پێی گوت بێتە ژوورەوە. هۆڵەکە دەستی پێدا هێنرابوو، بۆیاخ کرابوو، پارکێتی تازە کرابوو، دەرگای تازەی تێخرابوو، هەموو ئەمەش لە کیسەی هاوسێکەی واتە لە کیسەی ئارنالدو کروز، کە سوور بوو لەسەر ئەوەی پیرەژن مۆڵەتی بدات موبێلەی تازەی بۆ بکڕێ. شوقەکەی لە لودو کڕی و وەکالەتی ئەوەی دایە کە تا ماوە هەرلە شوقەکەدا بژی، هەروەها چووە ژێرباری ئەوەی هەموو خەرجییەکانی سابالو بگرێتە ئەستۆ تا زانکۆ تەواو دەکات.

ژنەکە چووە ژوورەوە، بە دوودڵی و نیگەرانییەوە لە سەر کورسییەک ڕۆنیشت، بەجۆرێ بە جانتا دەستیەکەیەوە چەسپی بوو، وەکو ئەوەی تەوقی ڕزگاربوون بێ. سابالو، ڕۆیی تا چا و بڕێک پسکیت بێنێ.

– نازانم بە چ ناوێک بانگت بکەم.

– دەتوانی بە لودوفیکا بانگم بکەی، ئەمە نێوی منە.

– دەشێت ڕۆژێ لە ڕۆژان پێت بڵێم دایکە؟

لودو هەردوو دەستی توونـد بە سکیەوە گرتبوو. لە پەنجەرەکەوە بەرزترین لقی دار هەنجیرەکەی ( مولیمبا ) دەبینی، هیچ شنە بایەک نەیدەجولاند.

لەبن لێوانەوە گوتی:- دەزانم هیچ بیانوویەکم نییە. زۆر منداڵ و ترسنۆک بووم. بەڵام ئەمە پاکانە بۆ ئەو کارە ناکات کە کردم.

ماریا پییدادی، کورسیەکەی خۆی بۆلای ئەو ڕاکێشا. دەستی ڕاستی نایەسەر زرانی ئەو:

- بۆ ئەوە نەهاتووم بۆ لواندا تا گلەییت لێبکەم. هاتووم تا بتبینم. دەمەوێ لەگەڵ خۆمت بەرم و بۆ وڵاتی خۆمانت ببەمەوە.

لودو، دەستی گرت :- کیژی خۆم، ئەمە خاک و وڵاتی منە. ڕۆڵە گیان جگە لەمە هیچ وڵاتێکی دیکەم نییە.

ئەوسا ئاماژەی بۆلای دار هەنجیرەکە کرد:- من نەشونما و گەورەبوونی ئەم درەختەم دیتووە. ئەویش پیربوونی منی دیتووە. زۆرجار پێکەوە قسە دەکەین.

- وا وێنادەکەم لە ئەڤییرو، کەس و کارت هەبێ.

- کەس و کار؟

- خزم و خوێش، دۆست و ناسیاو، چووزانم.

لودو، بزەیەکی بەڕووی سابالودا دا، کە بە هۆشیارییەوە گوێی لە هەموو شتەکان دەگرت و بەدەم دانیشتنەوە لە قەنەفەیەک ڕۆچووبوو.

-کەس و کار و ماڵباتی من ئەم کورە، ئەو دار هەنجیرەی ئەوێ و ڤانتومە. چاوم ڕۆژبەڕۆژ کزتر دەبن. دکتۆرێکی چاو، کە لە دۆستانی هاوسێکەمە، هاتە ماڵەوە و معایەنەی کردم. گوتی قەت بە تەواوەتی بینایی لەدەست نادەم، هێشتا دەتوانم دەوروبەری خۆم بدینم. هەمیشە دەتوانم ڕوناکی بدینم و ڕوناکی لەم وڵاتەدا نیعمەتە. بەهەرحاڵ، من جگە لەمانە، هیچ ئاوات و ئارەزوویەکی دیکەم نییە : ڕوناکی، سابالو کە هەموو ڕۆژێ کتێبم بۆ بخوێنێتەوە و ڕۆژانە هەنارێک بخۆم.

## کۆترێک بەناوی ڤیان

ئەو کۆترەی کە ژیانی سەرۆکی بچووکی ژێر وبان کرد – هەروەها لە برسیەتی ڕزگاری کرد – ناوی ڤیان بوو. سەیرە ها! مایەی پێکەنینە نا؟ گلەیی لە ماریا کلارا بکەن. ئەو ئەو ناوەی لە کۆترەکە نا. هاوسەرەکەی ئایندەی مانگو موریرا مونتی لە سەردەمی سەربەخۆییدا، قوتابی قۆناغی ئامادەیی بوو. باوکی، واتە هوراسیو کاپیتاو، کارمەندی گومرگ بوو، کۆتری نامەبەری بەخێو دەکرد. ئەو کۆترانەی کە کلارا ناوی لێدەنان، بەزۆری دەبوون بە قارەمان و ناویان دەردەکرد، لەپێش " ڤیان " دا ئەمە رووی دابوو، بۆ نموونە سەبارەت بە " مەحبوبە "، ١٩٦٨، ئەڤیندار ١٩٧١، شیفتە ١٩٧٣، شەیدا ١٩٧٣ وا دەرچووبوو. وەختایەک " ڤیان " کە هێشتا هێلکە بوو، وەخت بوو فرێی بدەن. هوراسیوکاپیتاو بە کیژەکەی گوت : بەکەڵک نایە، تۆ تەمەشای توێکڵی هێلکەکە بکە، بزانە چەند زبر و ئەستوورە، کۆتری ساغڵەم و بەهێز و خۆش پەرواز، لە هێلکەی ساف و لوس و نەرمەوە دەردێت. کیژەکە هێلکەکەی لە نێو دەست و قامکە درێژەکانیا هەڵگیر و داگیر کرد و پێشبینی کرد:- باوکە، ئەمە دەبێ بە قارەمان، ناوی دەنەم " ڤیان ".

ڤیان، بە دوو لاقی ناسکەوە هاتە دنیاوە. سەری لە هێلکەکە جوقا، زۆری دەجوکاند، وێڕای ئەوەش زۆر درەنگ پەڕی دەرکرد.

هوراسیوکاپیتاو، ترس و خەم و نەفرەت و بێزاری خۆی نەشاردەوە:

– ماریا کلارا، با لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە. ئەم خێو مردووە، قەت وەکو پێویست باڵ ناگرێ. ناکامە. کۆترباز دەبێ کۆتری باش و خراپ لێکدی جیا بکاتەوە. خراپەکان دوور دەخەینەوە و وەختی خۆمانی پێوە بەفیڕۆ نادەین.

کیژەکەی پێداگری کرد :– نا، من متمانەی تەواوم بەم کۆترە هەیە. " ڤیان " بۆ سەرکەوتن هاتۆتە دنیا.

ئەوەی ڕاستی بێ " ڤیان " باش هەڵیدا، بەڵام زیاد لە پێویست گەورە بوو. هوراسیو کاپیتاو کە دەیبینی کۆترەکە قەڵەو بووە و، زۆر لە کۆترە هاوتەمەنەکانی خۆی گەورەتر بووە، سەرێکی بادا و گوتی:– هەقە سەری بڕین و بیخۆین، کۆتری قەڵەو تەنیا بۆ پێشبڕکێی کورت مەودا دەبێ، بەکەڵکی مەسافە و مەودای دوور نایەت.

هەڵبەتە سەهو بوو. " ڤیان " لە ئاستی چاوەڕوانیەکانی ماریا کلارا دا بوو. ساڵانی ١٩٧٤ و ١٩٧٥، ساڵانی پڕ شکۆ بوون بۆ ئەو، سەلماندی کە هەم خێرا و لەزگینە و هەم ڕژدە و هەم وابەستەی شوێن و هێلانەکەی خۆیەتی.

هوراسیو کاپیتاو دانی بەوەدا نا کە : " ئەم زۆڵە، زۆر گرێدراوی شوێنەکەی خۆیەتی، وابەستەگی بە شوێن و زێدەوە یەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی کۆتری نامەبەر.

هوراسیو کاپیتاو، کە لەبەر ئاوێنە دەوەستا، خۆی وەکو کابرایەکی باڵابەرز و بە شان و باهو دەبینی، کە وانەبوو، بەپێچەوانەوە، بالای بەزەحمەت دەگەییە سەد و پەنجا سانتیم و قۆڵ و باڵی باریک و شانەکانی لاواز و دوو چڵ ئێسقانی ڕەق و تەق بوون.

کابرایەکی کەللە ڕەق و سەرسەخت بوو، هەرگیز خۆی لە هەڤڕکی خۆی نەدەدزییەوە، هەرکە هەلی بۆ بڕەخسایە، دەستی خۆی دەوەشاند و یەکەم جەزرەبەی لە بەرانبەرەکە دەسرەواند و ئیدی، خۆی لەبەر مستی هەڤڕکەکەی دەگرت، ئازارێکی زۆری دەچەشت، بەڵام هەمیشە وەکو دێوێک ڕادەوەستا و کۆڵی نەدەدا. لە لواندا، لە بنەماڵەیەکی دوو ڕەگی وردە بورژوا لەدایک بووبوو و تەنیا یەک جار سەفەری پرتوگالی کردبوو. بەڵام وێڕای ئەوەش خۆی بە پرتوگالیەکی تەواو عەیار دەزانی. شۆڕشی نیسان تەواو تووڕە و پەستی کردبوو. هەندێ ڕۆژ تووڕەتر و هەندێجار پەست تر دەبوو، هەندێجار لە خوت و خۆڕایی زەق زەق نیگای وێڵی دەبڕییە ئاسمان و هەندێجار ئەو خاینان و کۆمۆنیستانەی بەر دەمرێژی جنێوان دەدا کە خەریک بوو بێ شەرمانە ئەنگولایان بە ئیمپراتۆریەتی سۆڤیاتی دەفرۆشت. بەترسەوە دەیڕوانیە دەستپێکی شەڕی نێوخۆ و سەرکەوتنی تەڤگەری MPLA – هاوپەیمانانی کوباییان و بلۆکی ڕۆژهەڵاتییان – وەکو زۆر کەسی دی دەیتوانی بڕوات بۆ لیشپۆنە، بەڵام خۆی نەیدەویست :

– تا یەک پیاوی پرتوگالی ڕاستەقینە لە ئەنگولادا بمێنێ، ئەنگولا بە پرتوگالی دەمێنێتەوە.

لەو مانگانەی دوای خۆیبووندا، بەچاوی خۆی ئەو کارەساتانەی بینی کە پێشبینی کردبوو: وەبەرهێنەر و موهاجیرانی ئاکنجی وڵات و هەندێک لە بۆرژواییانی خۆماڵی هەڵاتن. کارگە و کارخانە بچووک و گەورەکان داخران، ئاو و کارەبا بە بەردەوامی دەبڕا، زبڵ و خاشاک تەنگی بە خەڵکی هەڵدەچنی، خەڵکی بەکۆمەڵ دەگیران و ئیعدام دەکران. ئیدی دەستی لە بەخێوکردنی کۆتران هەڵگرت. ڕۆژی وا هەبوو تا ئێوارێ لە باڕی " بیکیر "

دەمایەوە. هەرچییەک ڕووی دابا، بەهەندێ لە دۆستەکانی خۆی، کە زۆربەیان فەرمانبەری کۆنی دەوڵەت بوون و هات وچۆی باڕی ناڤبریان دەکرد، دەگوت: " پێم نەگوتن؟ " ئیدی بەردەوام هەمان گلەیی و پێشبینی ڕەشبینانەی دووبارە دەکردەوە کە ناویان لێنا : " پێم نەگوتن. "

بەیانیەک، کە نمە باران دەباری، ڕۆژنامەکەی کردەوە و وێنەی ڕێپێوانێکی بینی، لە دیمەنەکەی پێشەوەدا وێنەی ماریا کلارای بینی، کە باوەشی با مانگو موریرا مونتی دا کردبوو، بە هەڵەداوان ڕۆیی تا وێنەکە بە ئارتور کیڤیدو، کە کۆنە خەفیەیەکی پۆلیسی سیاسی پرتوگال بوو، نیشانبدات. کیڤیدو، دوای سەربەخۆیی، هەندێ کاری وردەی بۆ دەزگای تازەی ئەمن و ئاسایش ئەنجام دەدا :– ئەم کەسە دەناسی؟ ئەمە کێیە؟

کیڤیدو، بە دلۆڤانیەوە ڕوانییە دۆستەکەی :

– ئەمە کۆمونیستێکی توندڕەوە. خراپترین کۆمۆنیستە، زیرەکە، لە دڵەوە ڕقی لە پرتوگالیەکانە و دەیانبوغزێنێ.

هوراسیو، بەترس و نیگەرانیەوە بۆ ماڵ زڤڕییەوە، کیژەکەی، کیژۆڵەکەی، دوتمیرەکەی، کەوتبووە دەستی ئەمنێک. نەیدەزانی ئەگەر چووە سەر گۆڕی ژنە مردووەکەی چ وەڵامێکی بداتەوە.

تا لەماڵ نزیکتر دەبووەوە، دڵی توندتر لێی دەدا. تووڕەیی سەراپای داگرتبوو، کە دەرگای کردەوە، یەکسەر هاواریکرد :– ماریا کلارا!

کیژەکەی، لە مووبەقەکە هاتە دەرێ، لە کاتێکا بە پێشتەماڵەکەی دەستەکانی دەسڕی گوتی:– بەڵێ، باوکە!

– کیژم دەمەوێ باروبنەی سەفەر ئامادە بکەی. دەچین بۆ پایتەخت، بۆ لیشپونە.

– چی؟

ماریا کلارا، تازە هەڤدە ساڵانی تەواو کردبوو. جوانی و نەرم و نیانیەکەی لە دایکیەوە بۆ مابووەوە، وێرەک ( جورئەت ) و سەرسەختیەکەشی لە بابی دەچوو. مونتی، کە هەشت ساڵ لەو گەورەتر بوو، لە ساڵی ١٩٧٤ دا، ساڵی خۆشی و سەرمەستیەکە، مامۆستای زمانی پرتوگالی ئەو بوو. کێماسیەکانی هوراسیو، کردیانە کارێ کە ماریا کلارا، بەلای مونتی دا دایکێشێت. هەروەها فریوی دەنگە ئارامەکەی مامۆستاکەی خوارد کە لە پۆلا شیعرەکانی جوزی ریجیو – ی دەخوێندەوە ( جوزی ریجیو: ١٩٠١ – ١٩٦٩، ڕۆشنبیر و ئەدیبێکی پرتوگالیە، لە مەیدانی ڕۆمان و چیرۆک، نمایشنامە و شیعر و ڕۆژنامەڤانیدا قەڵەمرانی کردووە. لە ژیانی ڕۆشنبیریدا زۆر کارا و کاریگەر بووە، چونکە کاراکتەرێکی بەهێزی هەبووە و ئەو گۆڤارانەی کە ئەو بەڕێوەی بردوون، زۆر سەنگین و ناودار بوون. )

ژیانم زریانێکی بێ هەوسارە

شەپۆلێکە سەر هەڵگرتوو

تەنیلەیەکە، ڕوو لە هەڵچوون

نازانم هەنگاو بۆ کوێم دەبات

نازانم کێوە دەچم

بەڵام دەزانم بۆ ئەو شوێنە

نارۆم.

کیژێ بەرکۆشەکەی داکەند، بەتووڕەیی لەبن پێی نا و گوتی:- تۆ خۆت بڕۆ باوکە. من لە وڵاتی خۆما دەمێنمەوە.

هوراسیو، تا توانی زللەیەکی خێواندێ:- هێشتا نەبووی بە هەژدە ساڵان و لە ژێر دەسەڵاتی منداێ، دەبێ بە ئەمری من بکەی. ئیدی لەم ساتە بەدواوە بۆت نییە لەماڵ بچیتە دەرەوە. نامەوێ هیچ حەماقەتێک بکەی.

ئەمری بە کارەکەرەکە کرد کە نەیەڵێ کلارا بچێتە دەرەوە. خۆی ڕۆیی تا بلیتی فڕۆکە ببڕێت. ئۆتومبیلەکەی بە نرخێکی هەرزان بە ئارتور کیڤیدو فرۆشت و نوسخەیەک لە کلیلی ماڵەکەی دایە:

- هەموو ڕۆژێ بڕۆ بۆ ئەوێندەر، پەنجەرەکان بکەرەوە و باخەکە ئاو بدە، تا خەڵکەکە وا هەست بکەن، ماڵەکە هێشتا ئاوەدانی تیایە. نامەوێ کۆمۆنیستەکان ماڵەکەم داگیر بکەن.

ماریا کلارا، بۆ ماوەی چەندین هەفتە، بۆ پەیوەندی دەگەڵ دڵدارەکەی، سوودی لە کۆتر وەردەگرت. هوراسیو، پاش ئەوەی چەند تەلەفۆنێکی لە خەڵکانی نەناسەوە پێگەیی و هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد، هێڵی تەلەفۆنەکەی بڕی بوو. ئەم هەڕەشانە، هیچ پەیوەندییەکیان بە چالاکی و بابەتێن سیاسیەوە نەبوو. چونکە بەخۆیشی هیچ پەیوەندییەکی بە سیاسەتەوە نەبوو. ئیدی ئەم کارمەندی گومرکە، گومانی لە هەندێ هاوکاری بەغیلی خۆی هەبوو. لەم بەینەدا مونتی زۆری سەفەر دەکرد و هەندێجار بە کاری سیخوڕی و نهێنی سەفەری ئەو شوێنانەی دەکرد کە ململانێ و شەڕیان تیابوو. ماریا کلارا کە لەم سەروبەندەدا بە تاقی تەنیا سەرپەرشتی کۆترخانەکەی دەکرد، سێ – چوار کۆتری بۆلای دڵدارەکەی نارد، شیعرێکی دڵداری یان هەواڵێکی دەنووسی و لە لاقی کۆترەکانی دەبەست و لە بوومە لێڵی ئێوارەدا هەڵیدەفڕاندن.

ماریا کلارا، لە ڕێگەی کارەکەرەکەیانەوە نامەیەکی بۆ یەکێک لە دەستە خوشکەکانی نارد کە مونتی بۆ بدۆزێتەوە. دەستە خوشکەکەی مونتی لە ڤیانا دۆزییەوە کە سەرگەرمی لێکۆڵینەوە بوو لە هەندێ دەنگۆ و بانگەشە سەبارەت بە کودەتایەکی سوپایی لەلایەن هەندێ ئەفسەرانی ڕەش پێستەوە کە زۆر لە هەژمووونی سپی پێستە و دوڕەکان، ئەوانەی لە ئاستی باڵای هێزی چەکداری بوون، ناڕازی بوون. مونتی دانیشت و ئەم نامەیەی نووسی:

سبەی سەعات شەش، لە شوێنەکەی جاران. زۆر ئاگات لە خۆ بێ. خۆشم دەوێی.

نامەکەی لە لوولەکێکی پلاستیکی بچووک نا و لە پێی ڕاستی یەکێک لەو دوو کۆترە بەست کە دەگەڵ خۆی هێنابوونی، ئەوسا کۆترەکەی هەڵدا.

ماریا کلارا، بێهودە چاوەڕوانی وەڵام بوو. شەو تا بەیانی دەگریا. لە ڕێگای فڕۆکەخانەدا هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕی. تا نەگەیینە لیشپۆنە و دانەبەزی ورتەی لەزار نەهاتە دەرێ. ماوەیەکی کەم لە پایتەختی پرتوگال مایەوە. دوای ئەوەی تەمەنی گەییە هەژدە ساڵان، تەنیا پێنج هەیڤان مایەوە و بۆ لواندا زڤڕییەوە و مێردی بە مونتی کرد. هوراسیو، کبریا و غرووری خۆی نایە بن پێوە و، باروبنەی پێچایەوە و دووی کیژەکەی کەوت. دوای ماوەیەکی زۆر، پەی بەوە برد کە زاواکەی ئایندەی لە ساڵانی پڕ پەشێوی دوای سەربەخۆیی، زۆرجار لە هەوڵی زندانیکردن دەربازی کردبوو. هەڵبەتە لەسەر ئەو چاکەیە، سوپاسی نەکرد. بەڵام لە ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی جەنازەکەی مونتی دا، لە هەموو کەس زیاتر بۆی گریابوو.

خودا، ڕوحان بە تەرازوو هەڵدەسەنگێنێ. ڕوحەکە دەخاتە تاکێکی تەرازووەکەوە و ئەو فرمێسکانەی بۆ مردووەکە دێتە ڕشتن دەخاتە تاکی دووەمەوە. ئەگەر کەس بۆی نەگریابێ، ڕوحەکە یەکسەر لۆ دۆزەخێ. ئەگەر فرمێسکی زۆر و بەکوڵ و دڵی بۆ هاتبێتە ڕشتن، ڕوحەکە بۆ بەهەشت دەڕوات. خۆ ئەگەر فرمێسکەکان زۆر

بن، خەمناک بن، ئەوا ڕوحەکە دەفڕێ بۆ ئاسمان. لودو، باوەڕی بە هەموو ئەمانە بوو، یان حەزیدەکرد باوەڕی پێیان هەبێ. ئەمەی بە سابالو گوت :- ئەوانەی خەڵکی بۆیان بە پەرۆشن دەچنە بەهەشت. بەهەشت ئەو ڕووبەر و پانتاییەیە کە لە دڵی خەڵکیدا پڕی دەکەینەوە. هەموو جارێ داپیرەم ئەو قسەیەی بۆ دەکردم. من باوەڕم بەمە نییە. حەزم دەکرد باوەڕم بە هەموو شتێکی سادە هەبێ – بەڵام باوەڕم نییە.

مونتی خەڵکانێکی هەبوو کە بۆی بگرین، ڕوندکی بۆ بڕێژن. من حەیفم دێ، وا وێنا بکەم کەلە بەهەشت دا بێ. بەڵام دوور نییە، لە گوناحان پاک ببێتەوە و لە سووچێکی تاریک و نوتەکی بێ کۆتاییدا، لە نێوان ئارامی پڕ شکۆی بەهەشت و تاریکی بێ بنی دۆزەخ دا، دەگەڵ فریشتە پاسەوانەکانیا سەرگەرمی گەمەی شەترەنج بێت. ئەگەر فریشتەکان بزانن لەگەڵ کێدا گەمە دەکەن و لە یاریەکەدا مەعلان بن، ئەمە قەرەبووی بەهەشت بۆ ئەو دەکاتەوە.

بەڵام هوراسیو کاپیتاو، یان ( جەنابی – پێم نەگوتن ) دوا نیوەڕوانی لە بارێکی چکۆلەدا، لە ئیلیا بەسەر دەبات، بیرە دەخواتەوە، دەگەڵ شاعیر، ڤیتورینو گاڤیاو، و ئارتور کیڤیدو و دوو سێ پیرەمێری ماندووی ڕۆژگاری کۆندا باسی سیاسەت دەکات. تا ئێستاش دان بە سەربەخۆیی ئەنگولادا نانێت. باوەڕی وایە وەکو چۆن ڕۆژگاری کۆمۆنیزم بەسەر چووە، ڕۆژگاری سەربەخۆیش کۆتایی دێت. هێشتا هەر کۆتری نامەبەر بەخودان دەکات.

## ئیعترافی جیریمیاس – ی جەللاد

وەرن با بگەڕینەوە ئەو بەیانیەی کە ناسر ئینجیلی، بەهۆی ئەو هەرا و زەنا و ژاوە ژاوە و لە تاریکیەکەدا دەنگی دەدایەوە تووڕە بوو. خۆی بەسەر مونتی دا دا و، بە ڕواڵەت بەر چەقۆی دا، لە گەرمەی ئەو هەرا و زەنایەدا، خەڵکانێکی زۆر لەبەر شوقەکەی لودو خڕ بوونەوە ئەگەر بیرتان مابێ، دوو کەسی ڕەشپۆشیش لەو ناوە وەستابوون. پیرەژن، دوای هەڵاتنە پڕ شەرمەزاریەکەی مونتی و بەپەلە ڕۆیشتنەکەی بایاکو، ئەوسا هەستی پێیان کرد. دیتیانی، بەڵام نەیزانی بۆچی هاتبوون، چییان دەویست، چونکە لەم بەینەدا دانیل بنچیمو، دەستی بە خوێندنەوەی ئەو نامەیە کردبوو کە ماریا داپییدادی لورینسو بۆ بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ئەنگولای نووسی بوو.

ئەو دوو پیاوە چاوەڕوانیان کرد تا ڕۆژنامەڤانەکە لە خوێندنەوەی نامەکە ببێتەوە. بەبێدەنگی تەمەشای شڵەژانی لودو و فرمێسکەکانیان دەکرد کە بە پشتی دەستی دەیسڕین. ئەنجام دانیل ڕۆیی و بەڵێنی بەخۆی دا کە نامە بۆ ماریا داپییدادی بنووسێت، پاشان دوو پیاوەکە هاتنە بەرەوە. گەورەکەیان دەستی بەرەو لودو درێژ کرد و بچووکەکەیان دەستی بەقسان کرد:

– مۆڵەت هەیە بێینە ژوورەوە پورێ گیان؟

– چیتان گەرەکە؟

جیریمیاس – ی جەللاد، دەفتەرێکی لە بەرکی پاڵتۆکەی دەرهێنا و یەکسەر شتێکی تیانووسی و بە لودو– ی نیشاندا. پیرەژن سەرێکی هەڵبڕی :

– دەفتەرەکە دەبینم، بەڵام نووسینەکە نابینم. تۆ لاڵی؟

گەنجەکە بە دەنگی بەرز یاداشتەکەی خوێندەوە :- بە ئەرک نەبێ، مۆڵەتمان وێدە بێینە ژوورەوە. من داوای بوردن و یارمەتی لە تۆ دەکەم.

لودو، سەرسەختانە ڕووبەڕوویان بووەوە :- شوێنی دانیشتنی ئێوەم نییە، لە کوێتان دابنەم، شوێنم نییە. سی ساڵە میوانم دانەکردووە.

جیریمیاس، دیسان شتێکی نووسی، ئەوسا دەفتەرەکەی بۆ کوڕەکەی درێژ کرد :- بەپێوە دەوەستین، بابم دەڵێت باشترین کورسی قسەکردنمان ئاسانتر ناکات.

لودو، ڕێگەی دان وەژوور بکەون. سابالو ڕۆیی چوار تەنەکەی کۆنی ڕۆنی هێنا. لەسەری دانیشتن. جیریمیاس بە نیگەرانی و پەشێوی ڕوانیە زەوییە چیمەنتۆ کراوەکە و دیوارە تاریکەکان کە سەراپای بە خەڵوز نووسرابوو. کڵاوەکەی لەسەری داکەند، سەرە سافەکەی لە تاریکیەکەدا دەبریقایەوە. دووبارە شتێکی لە دەفتەری یاداشتەکەیا تۆمارکرد. کوڕەکە بۆی خوێندەوە :- خوشکەکەت و مێردەکەی بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەست دا و، خەتای من بوو. من کوشتیانم. من سیخ ( زەرگ ) – م. لە هەوەڵی جەنگەوە، لە ڤیی ویجی پیرەمێر بیکو – م ناسی. بەخۆی هاتبوو لەمن دەگەڕا. یەکێک باسی منی بۆ کردبوو، پێویستی بە یارمەتی من بوو تا لە کۆمپانیای کانەکانی دیامانگ، بەگوێرەی نەخشەیەکی سەلامەت، پاک، بەبێ شەڕ و خوێنڕێژی شتێک بدزێ. ئیدی ڕێکەوتین کە نیوەی ئەڵماسەکان بۆ من بێت. من ئەرکی خۆم بە تەواوەتی ئەنجام دا، هەموو شتێک بەباشی بەڕێوەچوو، بەڵام لە دواییدا بیکو ( زەرگ ) – ی بەڕێز، قووچاندی و وەکو بەرزەکی بابان بۆی دەرچوو. ئیدی دەستێکم کەوتە ئەمبەر و دەستێکم کەوتە ئەوبەر. هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە بەدوویا دێم بۆ لواندا. منی نەدەناسی، خۆم بەشارا کرد، شار لەلایەن سوپای موبوتۆ ( موبوتو، سەرکۆماری کونگو و " ١٩٦٥ – ١٩٩٧ " و سەرۆکی یەکێتی ئەفریقیا بوو ) و لەگەڵ هەندێک لە خەڵکی خۆمانەوە ئابلۆقە درابوو. ئیدی ڕیسکم کرد، ئیدی مودەتی دوو ر ۆژ لێرەو لەوێ بۆی گەڕام، ئەنجام لە ئاهەنگێکدا، لە ئیلیا دۆزیمەوە. کە منی بینی یەکسەر هەڵات. منیش بە ئۆتومبیلەکەی خۆم، ڕێک وەکو فیلم دوای کەوتم. ئەوا لە ڕێگاکە لایدا و خۆی بە درەختێکدا کێشا. خوشکەکەت لە جێدا مرد. بەڵام بیکو ( زەرگ )، فریا کەوت کە بەمن بڵێت ئەڵماسەکانی لە کوێ داناوە. من زۆر بەداخەوەم.

ئانتونیو، بە زەحمەت دەیخوێندەوە. پێدەچوو لەبەر کەمی ڕوناکیەکە بێت. یان بە خوێندنەوە ڕانەهاتبێ یان هۆیەکەی ئەمە بووبێ کە باوەڕی بەو وشانە نەبووبێ کە دەیخوێندنەوە. کە لە خوێندنەوەکە بووەوە، بەسەرسامی ڕوانیە بابی. پیرەمێرد پشتی دابوو بە دیوارەکەوە. بەزەحمەت هەناسەی دەدا. دفتەرەکەی لە ئانتونیو وەرگرت و دەستی بەنووسین کردەوە. لودو، بە حەرەکەتێکی گۆنگ، نیگەرانەوە دەستی بەرز کردەوە، تا ڕێگەی نووسینی لێبگرێت :- لەوەی پتر خۆت ئەزیەت مەدە. هەڵەکان ڕاستمان دەکەنەوە. ڕەنگە بیرچوونەوە پێویست بێ، پێویستمان بەبیرچوونەوە بێ. پێویستە خۆمان لە سەر بیرچوونەوە ڕابهێنین.

جیریمیاس، بەتووڕەیی سەری هەڵبڕی. دیسان چەند وشەیەکی لە دەفتەرە بچووکەکەدا ڕەش کردەوە و دایە دەست کوڕەکەی: بابم نایەوێ فێری بیر بردنەوە بێت. دەڵێت بیرچوونەوە هاوتای مردنە. بیرچوونەوە ڕادەست بوونە.

پیرەمێر، هەمدیس نووسی :- بابم داوام لێدەکات باسی خزم و خوێشانمان بکەم. دەیەوێ باسی جوانە گاگانت بۆ بکەم، جوانە گایەکان سەروەت و سامانی ئێمەن، بەڵام کاڵایەک نین کە کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێ. ئێمە حەزدەکەین گوێمان لە بۆڕەی جوانەگاکانمان بێت.

جیریمیاس، لە ژینگەی تەسکی موکوبالەکاندا، نەک لە شێوەی کەسێکی دی، بەڵکو لە شێوەی زۆر کەسی دیدا، لە شێوەی گەلێکدا دووبارە لەدایک بووبوو. جاران ئەو خەڵکانی تری دەگرتە ژێر باڵی خۆی. لە بیاباندا بۆ یەکەمجار هەستی کرد بەشێکە لە گشت. هەندێ لە زانایانی بایولوژی پێیان وایە تاقە هەنگێک، تاقە مێرولەیەک،

جگە لە خانەی بزوزی هەمان تاک هیچی دی نییە. بەتەنیا ناکاتە هیچ. ئورگانیزمی ڕاستەقینە شانەی هەنگەکە و شارە مێرولەکەیە. موکابالیەکانیش وان، بەتەنیا هەڵناکەن.

لە کاتێکا ئانتونیو، هەوڵیدەدا داخۆیانەکانی بابی وەخوێنێ، لودو، شیعرێکی فرناندو پیسوای بیرکەوتەوە: ( فرناندو پیسوا ١٨٨٨ – ١٩٣١ ، شاعیر، نووسەر، وەرگێڕ و ڕەخنەگرێکی پرتوگالیە، یەکێکە لە نووسەرە هەرە کاریگەرەکانی پرتوگال و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پۆست مودێرنیزم. )

بەزەییم بە ئەستێرەکاندا دێتەوە

کە لە مێژە دەدرەوشێنەوە

لە مێژی مێژەوە...

دڵم بە ئەستێرەکان دەسووتێ

ئایا شتەکان

هەموو شتەکان

هەست بە ماندووبوون ناکەن

وەکو ماندوو بوونی لاق و

باسکان

ماندوو بوون لە ژیان

ماندوویێتی لە بوون

تەنیا لە بوون

ئایا سەرەنجام

ئاکامی هەموو شتەکان

هەر مردن نییە

ئاخۆ ئاکامێکی دیکەیە؟

یان هۆکارێکی دیکەیە

مەبەستێکی دیکەیە

جۆرێکە لە بەخشین و لێبوردن؟

ئانتونیو، خەریک بوو باسی موڵکدارانی تازەی دەکرد، باسی ئەو تەلبەندانەی دەکرد کە سارایانی دەکرد بە دوو بەشەوە و ڕێگەی چوون بۆ لەوەڕگاکانی گرتبوو. ئەگەر بە گوللە و تفەنگ وەڵامیان بدابانەوە و شەڕێکی ترسناک هەڵگیرسابا، هەنگێ موکوبالەکان مێگەلەکانیان لەدست دەدا، گیانی خۆیان لەدەست دەدا و ئازادیەکەیان لە کیس دەچوو. لە ساڵی ١٩٤٠ دا ئەمە ڕووی دابوو، وەختایەک پرتوگالیەکان، تەقریبەن هەموو ئەندامانی تیرەکەیان کوشت و ئەوانشیان کە مابوون بە کوێلایەتی بۆ کێڵگەکانی ساوتومی ناردبوو. بەبۆچوونی

جیریمیاس، چار ئەوە بوو زەوییەکان بکڕن، ئەو زەویانەی کە ئەمڕۆ موڵکی کوڤالە، هیمبا، موچافیکوا بوو، کە ئەمڕۆ بووبوون بە موڵکی جەنەڕاڵ و قونتەراتچیە دەوڵەمەندەکان، کە زۆربەی هەرە زۆریان، هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاسمانی بەرینی باشوورەوە نەبوو.

لودو هەستا، چوو ئەو دوو پارچە ئەڵماسەی کە مابوو، بێنێ، و هەردووکیانی دایە دەست جیریمیاس.

## دەعم(تامپۆن)

زۆرجار کە تەمەشای ئاوینەم ( نەینوک، خۆدیک، گوزگی ) دەکرد، ئەوم لە پشت خۆمەوە دەبینی. ئەمڕۆ نایبینم. ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ چاوم کز بووە ( ئەمە یەکێکە لە باشیەکانی کوێری ) یان ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە ئاوێنەکانمان گۆڕیوە. هەرکە پارەی شوقەکەم دا، ئاوێنەی تازەم کڕی. ئاوێنە کۆنەکانم فەوتاند. هاوسێکەم زۆری پێ سەیر بوو.

– لەم شوقەیەی تۆدا تەنیا ئاوێنەکان باش بوون

تووڕە بووم، گوتم : نا، ئاوێنەکان، جنۆکەیان تیایە.

– جنۆکە؟!

– بەڵێ، هاوسێ، پڕن لە جنۆکە و لەمە چێتران، زۆریانش دیارنین.

نەمدەویست ئەوەی پێ بڵێم، زۆرجاران کە تەمەشای ئاوێنەکان دەکەم، ئەو پیاوە لە دووی خۆ دەبینم کە فەساتی کردم. لەو ڕۆژگارەدا هێشتا لە ماڵ دەچوومە دەرێ. ژیانێکی کەم و زۆر ئاساییم هەبوو. بە پاسکیل هاتوچۆی قوتابخانەم دەکرد. هاوینان لە کوستانوڤادا خانوویەکمان بەکرێ دەگرت. ( کوستانوڤا: نیمچە دورگەیەکی بەستێن لمەلانە، سەر بەشاری ئوڤییرۆیە لە پرتوگال ) دەچوومە مەلەوانی. زۆرم حەز لە مەلە بوو. ئێوارەیەک، کاتێ لە کەنار دەریاوە گەییمەوە بەرماڵ، زانیم ئەو کتێبەم لە بیرچووە کە خەریکی خوێندنەوەی بووم ). بەتەنێ گەڕامەوە تا کتێبەکە بدۆزمەوە. ڕیزێک کولبەی بچووک لەسەر لمەلانی کەناراوەکە دروست کرابوو. دنیا بەرەو تاریکی دەچوو، کولبەکان چۆڵ بوون. چووم بۆ لای ئەو کولبەیەی ( کوختە، کابینە ) کە بەکرێمان گرتبوو. خۆم بە ژوورا کرد. گوێم لە دەنگێ بوو، کە ئاوڕم دایەوە، پیاوێکم لەبەر دەرگاکە بینی کە بۆم پێدەکەنێ. ناسیمەوە. زۆرجار لە بارەکەدا دەمبینی کە دەگەڵ باوکم کۆنکانی دەکرد. دەمویست پێی بڵێم کە بۆچی گەڕاومەتەوە و چ دەکەم لەوێ. بەڵام دەرفەتی نەدام، کاتێک بەخۆم زانی بەسەرمەوە بوو. جلەکانی لەبەرم دادڕی و، دەرپێکەمی داماڵی و بۆی لێخوڕیم. ئێستاش بۆنەکەیم لەبیر ماوە. دەستە زبر و بەهێزەکانیم لەبیرە کە بە چ تامەزرۆییەک مەمکی دەگوشیم. هاوارم کرد، بە زللە بەربووە سەروچاوم، زللەی مزر و ئاودار، هەڵبەتە بە ڕەقەوە نا، دەتگوت لەزەت لەو حاڵە دەبینێ. بێدەنگ بووم. بەدەم گریان و جلکی دڕاو و خڵتانی خوێن و ڕوخساری هەڵماساوەوە گەییمە ماڵەوە. بابم لە هەموو شتێک حاڵی بوو. شێت و شبر بوو. بەر زللەی دام، بە قایشەکەی پشتی تێم بەربوو. هاواریدەکرد، هەرزە، بەڕەڵڵا، قەحپە! تا ئەمڕۆش دەنگی لە گوێما دەزرنگێتەوە : هەرزە، هەرزە! دایکم دەستی گرت. خوشکەکەم لە هۆڕژنی گریانی دا.

ئیدی نەمزانی ئەو کابرایەی کە فەساتی کردم چی بەسەر هات. ماسیوان بوو. دەڵێن بۆ ئەسپانیا هەڵاتبوو و لەوێ دیار نەماوە. من حامیلە بووم. خۆم لە ژوورێک پەستا، دەرگای ژوورەکەیان لەسەر داخستم. لە دەرەوە

دەنگی چپەدووی خەڵکیم دەژنەوت. کە هاتمە سەر مانگی خۆم، مامانێک هاتە فریام. فریای دیتنی ڕوخساری کیژەکەم نەکەوتم، هەرکە لەدایک بوو لێمیان سەند.

شەرم.

شەرم بووە بایسی ئەوەی کە لەماڵ نەیەمە دەرێ. بابم بەبێ ئەوەی جارێکی دی زاری لە زارم بگەڕێ، سەری نایەوە. کە من دەچوومە هۆڵەکە، ئەو هەڵدەستا و دەڕۆیی. ساڵان بوورین و ئەو مرد. دوای چەند هەیڤێک دایکیشم قەزا و بەڵای ئێوەی برد. من چووم بۆ ماڵی خوشکەکەم. بەرەبەرە خۆم لەبیر دەبردەوە. هەموو ڕۆژێ بیرم لە منداڵەکەم دەکردەوە، ڕاهێنانم لەسەر ئەوە دەکرد کە بیری لێنەکەمەوە.

ئیدی هەرکە لەماڵ وەدەرکەوتبام، هەستم بە شەرمەزارییەکی قووڵ دەکرد.

نها، ئەو شتانە ڕابورد، دەچمە دەرێ و هەست بە هیچ شەرم و شوورەییەک ناکەم. چیتر هەست بە ترس ناکەم. دەچمە بازاڕ و ژنە فرۆشیارەکان چاک و خۆشیم لەگەڵ دەکەن. بەجۆرێ بەڕوومەوە پێدەکەنن، لەتۆوایە خزم و خوێشی نزیکی منن.

منداڵان یاریم دەگەڵ دەکەن، دەستم دەگرن. نازانم لەبەر ئەوەیە کە زۆر پیرم، یان وەکو ئەوان منداڵم.

## دوا پەیڤان

بەکوێرە کوێر دەنووسم، ئەزموونێکی غەریبە؛ چونکە ناتوانم ئەوەی نووسیومە، بیخوێنمەوە. کەواتە من بۆخۆم نانووسم.

ئەدی بۆ کێ دەنووسم؟

بۆ کەسەکەی جارانی خۆمی دەنووسم. ڕەنگە ئەو کەسەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە جێم هێشتووە مابێ، لەژێر بانێژەیەکی زەمانەدا، لە گۆشەیەکی زەمانەدا، لە چوار ڕێیانێکدا مات و خەمبار وەستابێ، ڕەنگە بەشێوەیەکی گۆنگ بتوانی ئەم دێڕانەی کە نووسیومن، بێئەوەی بیانبینی، بیانخوێنیتەوە.

لودو، عەزیزەکەم : من ئێستا خۆشحاڵم.

هەرچەند کوێرم، بەڵام لە تۆ باشتر دەبینم. من بۆ نابینایی تۆ و بۆ حەماقەت و گەوجاتی بێ کۆتایی تۆ دەگریم. بۆتۆ زۆر ئاسان بوو دەرگا بکەیتەوە، زۆر ئاسان بوو بچیتە دەرەوە، کوچە و کۆڵانان تەی بکەیت و ژیان لە ئامێز بگریت. دەبینم بە ترسەوە، لە پەنجەرەکەوە سەرەتاتکێ دەکەیت، وەکو ئەوەی منداڵێک بیت، لە ژێر تەختە خەوەکەیەوە سەربکێشێت و چاوەڕوان بێ دێوێک لەوێندەر بدینێ.

دێوی ترسناک، دێوانی ترسناکم پێ نیشان بدە : ئەو خەڵکانەی سەر جادە و بانەکانت.

ئەوانە کەس و کاری منن.

من بۆت بەداخم، بەداخم بۆ ئەوەی لە دەستت داوە.

زۆر بەداخەوەم.

بەڵام ئایا مرۆڤایەتی کلۆڵیش وەکو تۆ خەمین نییە؟

## هەموو شتێک لە خەونەوە دەست پێدەکات

لودو، لە خەونیا، کیژۆڵەیەکی بچووک بوو، لە کەناراوێکدا ڕۆدەنیشت یەکپارچە لمی سپی بوو. سابالو، لەسەر گازی پشت ڕاکشابوو، سەری کردبووە سەر ڕانی ئەو و تەمەشای دەریای دەکرد. بەجووتە باسی ڕابردوو و ئایندەیان دەکرد. بیرەوەریانیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە. بەو ڕێکەوتە سەیرە پێدەکەنین کە تووشی یەکدی بووبوون، پێکەنینەکەیان هەواکەی دەلەراندەوە، وەکو گوزەر و تێپەڕینی بروسکە ئاسای باڵندەیەکی تیژباڵ لە بەیانیەکی خەواڵودا.

لودو، ڕۆژهەڵاتووە. لەزێکە با بڕۆین.

بەدوو قۆڵی، بەدەم پێکەنین و گفت و گۆوە بەرەو ڕوناکیەکە ڕۆیشتن. لە تۆوایە دەیانەوێ بەسەرا خۆ هەڵدەنە دەریاکەوە.

لیشپونە ٢٠١٢/٢/٥

تێبینی: ڕۆژی دووشەممە، ٢٠٢٤/٥/١٣، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی و دەگەڵ دەقە فارسیەکەشیا بەراوردم کردووە : نظرية عامة للنسيان / جوزيه ادواردو اغوا لوسا/ ترجمها عن اللغة البرتغالية: سعيد بن عبدالواحد/ الطبعة الاولى/ سبتمبر ٢٠١٩.

جوزیە ئیدواردو ئاگوا لوسا، نووسەر و ڕۆژنامەڤانێکی ئەنگولاییە، لە ساڵی ١٩٦٠ دا لەدایک بووە، بەشی کشت وکاڵ و جەنگەڵداری خوێندووە و پتر لە بیست و پێنج کتێبی بڵاو کردووەتەوە. ڕۆمانە گرینگەکانی بریتین لە ڕۆژ پەرستان، تیۆرێکی گشتی بۆ لە بیرچوونەوە، کە براوەی خەڵاتی نێودەوڵەتی دبلینە.

ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی ئافرەتێکی پرتوگالیە بەنێوی لودو، کە دەگەڵ خوشکەکەی و مێردی خوشکەکەیدا بۆ ئەنگولا دەڕوات، بەهۆی بویەر و ڕووداوێکەوە، لە ئاستانەی خۆیبوونی ئەو وڵاتەدا، لە ١٩٧٥ دا، ناچار دەبێ نزیکەی سێ دانە ساڵ دەرگا لە سەر خۆی دابخات و خۆی حەپس بکات.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا بە کارامەیی و لێهاتوویی پەتبازێکەوە لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ بازدەدات و بە بونیادێکی هێندە گونجاو و قەناعەتبەخش، پەتە پەراگەندەکان دەداتەوە دەم یەک کە خوێنەر مەدهۆشی تەڕدەستی و کارامەیی خۆی دەکات. لە تۆوایە هەمووان لەم وڵاتەدا دووچاری فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە بوون : بیرچوونەوەی ئامانجەکانی سەربەخۆیی، بیرچوونەوەی ئامانجەکانی سوسیالیزم – کە بنەماکەی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەتە – و بیرچوونەوەی ئینسانیەت و مرۆڤایەتی.